ڕێکخراوی زمانناسی
Linguistics Organization
منظمة علم اللغة

١٦

ژمارە ١٦ تەمووزی ٢٠١٤

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی دەریدەکات

مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی
عیسمەت شەریف وانلی

توێژینەوەیەك لەسەر دەنگناسی زمانی کوردی
پەروین میرزایی

بیردۆزی لارینگال
شاسوار هەرشەمی

کورداندنی یاساکان لە باشووری کوردستان
تاریق جامباز

# زماننا‌سی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زماننا‌سی دەریدەکات

ژمارە (١٦)ی تەمموزی ٢٠١٤

خاوەنی ئیمتیاز

**پ.ی. سەلام ناوخۆش بەکر**

٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

سەرپەرشتیاری زانستی

**پ.د. شێرکۆ بابان**

سەرنووسەر

**د. نەریمان خۆشناو**

٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧

٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

بەڕێوەبەری نووسین

سوداد ڕەسووڵ

بەڕێوەبەری هونەری

کۆچەر ئەنوەر

---

ناونیشان / کوردستان - هەولێر ـ شەقامی ئاراس ـ پشت قوتابخانەی ئەیوبییە

---

بۆ پەیوەندیکردن

zimannasi@yahoo.com

nawkhosh@yahoo.com

Xoshnaw_n@yahoo.com

تیراژ (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٣٠٠٠) دینار

# ناوەرۆک


سەروتار.............................................................................. ٣

مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی ................................ ٥

بیردۆزەی لارینگال (Laryngeal theory) .................................... ٢٨

توێژینەوەیەک لەسەر دەنگناسی زمانی کوردی.................................. ٦٤

زمان و فەلسەفە و زمانەوانی فەلسەفی ........................................ ٨٥

کوردانندنی یاساکان لە باشووری کوردستاندا ................................ ٩٦

چاککردنی هەڵەی هەندێك وشەی بەکارهێنراوی زمانی کوردی ..... ١١١

مۆرفۆفۆنیمی (ی) لە زمانی کوردیدا............................................ ١٤١

ڕێباز مستەفا: وەرگێڕان لەکورتترین پێناسەیدا................................ ١٦٣

تورکمانەکانی عێراق و مافە کولتوورییەکانیان................................. ١٧٦

زمانی لاتینی – وڵاتگیری و نیزام................................................ ٢٠٤

سەروتار

# هەڕەشەکانی سەر زمانی کوردی

(١)

هەر زارێک دوای ئەوەی دەچێتە قۆناغی نووسین و دەبێتە زمان، پێویستە چاودێری و کاری لەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی بەرەو پێشەوە بڕوات و لە پێشکەوتن دانەبڕێت، ئەمەش بە پاراستنی زمان دەست پێ دەکات، زمانی کوردیش ئەمڕۆکە لە باشووری کوردستان بۆتە زمانێکی ڕەسمی و سەرەکی لە باشووری کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ ئەم زمانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێ هەڕەشە بۆتەوە، بەجۆرێک گەر ئەو هەڕەشانە بەردەوام بن، ئەوە دەبێتە هۆی لاوازکردن یان لەناوبردنی زمانی کوردی، هەڕەشەکانیش جۆرا و جۆرن، لە هەموویان بەهێزتر بایەخدانێکی زیاد لە پێویستە بە زمانی ئینگلیزی لەسەر حیسابی زمانی کوردی، تا وای لێ هاتووە ئەمڕۆ گەر یەکێ منداڵی نەنێرێتە بەر خوێندنی ئینگلیزی، ئەوە بە عەیب و گوناح دادەنرێت، ئەو هەڵەیەش بە پلە یەک هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لێی بەرپرسن، بە جۆرێک ئەمڕۆ ئەو هەڵەیەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەیکەن، لە هیچ وڵاتێکی ئەم دونیا شتی لەم شێوەیە نەبووە و نییە و نابێت، جگە لە باشووری کوردستان نەبێت، کە دەیەها قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ بە

زمانی ئینگلیزی کراونەتەوە و تەنیا بایەخ  بە زمانی ئینگلیزی دەدەن و زمانی کوردییان فەرامۆش کردووە، دیارە ئەم کارەش هەمووی  بۆ لێدانی زمانی کوردییە، بەبێ ئەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان  هەستی پێ بکەن.

دیارە وەنەبێت من دژی فێربوونی هەر زمانێک بە گشتی و بەتایبەت زمانی ئینگلیزی بم، بەڵام نابێت ئەم بایەخدان و فێربوونە لەسەر حسێبی زمانی کوردی بێت، کە زمانی ڕەسمی و سەرەکییە لە باشووری کوردستان و بە گوێرەی دەستووری هەمیشەیی عێراقیش شانبەشانی زمانی عەرەبی زمانێکی ڕەسمییە لە عێراق. زمانی ئینگلیزی زمانێکی بێگانە و هاوردەیە، ناکرێ ئەو هەموو قوتابخانەیە بە  زمانی ئینگلیزی بێت، ئەمە دەبێتە هۆی سووککردن و لاوازکردن و بێبەهاکردنی زمانی کوردی، تەنانەت ئەمڕۆ وای لێ هاتووە خەڵک بەگشتی و ڕۆشنبیران بەتایبەتی بە چاوێکی کەمەوە سەیری زمانی کوردی دەکەن، لە کاتێکدا ئێمە لەسەر لێواری بەدەوڵەتکردنی هەرێمی کوردستانین، ئەم دەوڵەتەش پێویستی بە زمانێکی ڕەسمی بەهێز هەیە، نەک وەک ئەو هەڵەیەی وڵاتی هیندستان  تووشی هاتووە و کردوویەتی، کە تا ئێستاش باجی ئەوە دەدەن زمانی ئینگلیزی بەهاکەی بەرزترە لەچاو زمانی هیندی، بۆیە دەکرێ لە هەنگاوە سەرەکییەکان مۆڵەت نەدرێت بە کردنەوەی قوتابخانە و پەیمانگە و زانکۆی تر بە زمانی ئینگلیزی و زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی بدرێت، تا خەڵک متمانەیان بۆ زمانەکەیان دەگەڕێتەوە، چونکە متمانەبوون بە زمان، متمانە بوونە بە ناسنامەی نەتەوەیی.

**سەرنووسەر**

# مەسەلەی یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی کرمانجی، یا سۆرانی؟

نووسینی: عیسمەت شەریف وانلی – سویسره
وەرگێڕ بۆ عەرەبی: دوکتۆر سدیق ئەتروشی
وەرگێڕی بۆ کوردی: فاتح عەبدولکەریم

دوای شۆڕشـــی چـــواردەی تەمـــووزی ١٩٥٨ و ڕووخـــانی دەســـەڵاتی مەلیکـــی لە عێـــراق و دامەزرانـــدنی کۆمـــاری عێـــراق لەلایەن عەبـــدولکەریم قاســـمەوە، گـــۆڕانیکی سیاســـی بەرچـــاو و گرنـــگ لە عێـــراق و باشـــووری کوردســـتان هـــاتە کـــایەوە. ئەوە بـــوو هەر دوای ئەو شۆڕشـــە جـــارێکی دی مەســـەلەی کـــورد و مـــافە نەتەوەییەکـــانی لە عێـــراق هـــاتەوە ســـەر مێـــزی گفتوگۆ و توێژینەوە.

زمـــانی کـــوردی جـــارێکی دی بە شـــێوەیەکی بەرچـــاو بـــوژانەوەی بە خـــۆیەوە بینـــی، چەنـــدین گۆڤـــار و ڕۆژنـــامە و کتێـــب چـــاپ و بڵاوکـــرانەوە، مەســـەلەی مـــافی زمـــانی و بە ڕەســـمی ناســـینی زمـــانی کـــوردی وەک زمـــانی ڕەســـمی عێـــراق لەپـــاڵ زمـــانی عەرەبـــی، هـــاتە ئـــاراوە. هەر لەو سەروبەندەشـــەدا بـــوو، کە لە شـــەقڵاوە یەکەم کـــۆنگرەی

مامۆسـتایان گیـرا، بـۆ لێکـۆڵینەوە و باسـوخواس سـەبارەت بە زمانی خوێندن لەم بەشەی کوردستان بوو.

هەر لەم سـەردەمە، لەسـەر لاپەڕەکـانی گۆڤـاری هیـوا، کە لە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٧ – ١٩٦٣ لە بەغـدا دەر دەچـوو، مەسـەلەی یەکخـستنی زمـانی کـوردی و زۆر باسـی دیـکەی زمـانەوانی وەک ڕێنـووس و زاراوەسـازی و ئەلفـوبێ و پەتـیگەری تـاوتوێ کـراوە. کاتێـک سـەرنجی ئەو نووسـین و بابەتـانە دەدەیـن، دەبینـین لەو سـەردەمەش هەروەک ئەمـڕۆ، مەسـەلەی یەکخـستنی زمـان، کێـشەی لەسـەر بـووە، ڕێککەوتـن و سـازان لە سـەر زمـانێکی یەکگرتـوو بـۆ باشـووری کوردسـتان، نەبـووە. نووسـەران و ڕۆشـنبیران و تـوێژەران لەم بـارەیەوە، بیـروڕای جیاوازیـان هەبـووە، بەڵام لەتەک ئەمەشـدا، هەمیـشە لە هەوڵـی ئەوەدا بـوون کە زمـانێکی یەکگرتـووی کـوردی لەم بە شـەی کوردسـتان جێگیر بکەن.

یەکێـک لە تـوێژەرە ناسـراوەکانی ئەو سـەردەمە کە ئەوسـا لە سویـسرە دەژیـا و بەم دوایـیە کـۆچی دوایـی کـرد، عیـسمەت شـەریف وانلـی بـوو. نـاوبراو بە دەرکردنـی نـامیلکەیەک بە زمـانی ئینگیلیـزی خـۆی لە قەرەی ئەم باسـە دەدات، کە دواتـر، ئەم نـامیلکەیە لەلایەن دوکتـۆر سـدیق ئەتروشـی کـراوە بە عەرەبـی و فـاتح عەبـدولکەریمیش

کـــردوویە بە کـــوردی، و لە ژمـــارە ٣٠ ی ســـاڵی ١٩٦٠ی گۆڤاری هیوا بڵاو کراوەتەوە.

بە هـــۆی بـــایەخی ئەم باســـە و زینـــدووبوونەوەی ئەم کێـشە زمـانییە لە باشـووری کوردسـتان، ئـێمە بە پێویـستی دەزانـین کە ئەم وتـارە، تەرجەمە کـوردییەکەی، وەک خـۆی جـاریکی دی لە گۆڤارەکەمـان بـڵاو بکەیـنەوە. بە داخەوە کـــۆپی ئینگلیزییەکەمـــان دەســـت نەکەوت، بـــۆ ئەوەی بەراوردێکـی وەرگێـڕانەکە بکەیـن. لەم وتـارەی خوالێخـۆش بـوو وانلـی، هەنـدێک مەسـەلەی زمـانەوانی و زمـانەوانی – کـــۆمەلایەتی هەیە بەگـــوێرەی پێویـــست ئـــاوڕی لـــێ نەدراوەتەوە، بـــۆیە هەوڵ دەدەیـــن لە ژمـــارەی داهـــاتوو بە بـابەتێکی تـوێژینەوە، ئەم باسـە دەوڵەمەنـد بکەیـن و چەنـد تیـشکێک بخەیـنە سـەر ئەو کەلێنـانەی کە لە باسـەکەدا وەک پێویست ڕووناکیان نەخراوەتە سەر.

گۆڤاری زمانناسی

---

هەنـدێ لـەبراکـانم ئـەوانـەی بـەزاراوەی سـۆرانی ئـەدوێـن ڕەنگـە سـەریـان سـوڕ بمێنـێ لـەکـاتی خوێندنـەوەی ئـەم باسـە، کـە لـەژێـر ئـەم ناونیـشانەدا نووسـراوە! چونکـە سـەبـارەت بـە زبـانی نووسـینی کـوردی تـا ئێـستە لـەم گیروگرفتـە نـەکۆڵیونـەتـەوە لـەچوارچێـوەی پێویـستی نـەتـەوایـەتیـدا. زاراوی سـۆرانی مۆسـیقادار کـە بـەکـار ئـەهێنـرێ لـە شـاری

سـولەیمـانی داو زۆربـەی نووسـراو و چاپـەمـەنـی کـوردی عێراقـی پـێ ئـەنووسـرێ. لای ئـەوان ئـەوەیـە زبـانی کـوردی، ئـەم برایانـە بـەم ڕێگایـەی گرتویانـە رەنگێکـی ناوچـەیـی پـەتـی ئـەهێنن بـەسـەر مـەسـەلـەیـەکی نـەتـەوایـەتی بـەرز و فـراوان دا، ئـەم باسـە لـەچوارچێوەی تـەنها ناوچـەیـەکدا بـەرپـا نـاکرێ کـە بـەیـەک زاراو گفتوگـۆ بکـەن، ئیتـر زاراوە کوردییـەکـانی تـر چ ئـەوانـەی بـەکـار ئـەهێنـرێن لـەنووسـینا یـا پـێ دوینـا، لـەناوچـەکـانی تـری کوردسـتانی تورکیـا و ئێـران و سـووریا و تـەنانـەت لـەو ناوچانـەی لیـوای موسـڵ کـە بـە کرمـانجی ئەدوین، بەچاوی گرنگی سەیر ناکرێن.!

بەڵام لـەلایـەکـی تریـشەوە هەنـدێ لـە براکانمـان کـە بـە سـۆرانی ئـەدویـن و خـەریکـی کاروبـاری کوردایـەتـی ئـەبـن بـەشـێوەیـەکی گشتی. لـە چوارچێوەی نـەتـەوایـەتی دا ئـەمانـە ئـەم گیروگرفتـەیـان بـەرپـا کـردووە، بەڵام زۆر لـەمانـەش هیـشتا لـەسـەر ئـەو بـاوەڕەن کـە زاراوەی سـۆرانی پێویـستە ببـێ بـە زبـانی کـوردی، وە ئـەم بـاوەڕەی خۆیـان لـەسـەر ئـەو بناغـەیـە دامـەزرانـدوە کـە گـوایە ڕووداوە سیاسـییەکـان تـا ئیـستە لـەبـاری قـازانجی زاراوی سـۆرانی دا بـووە، وە توانیویـەتـی پێـشکەوتنێکـی گـەورە وەربگـری لـە مـەیـدانی نووسـینا، وە لـەبـەر ئـەوەی زاراوەی کرمـانجی ئـەم بـەهـرە سیاسـییەی دەس نـەکـەوتـوە نـاتوانی ئـەو پێـشکەوتنـە بـەرێتـەوە، و ناشـێ بـۆ ئـەوەی ببـی بـە زمـانی نووسـینی

کــوردی. بێگومــان ئــەو کوردانــە کــە بــە زاراوەی کرمــانجی ئــەدوێــن لــە تورکیــا و ســووریا و یــەکیــەتــی شــورەوی لەگەڵ ئـەو برایانـەدا ناگـەنـە یـەک لـە بـاوەڕەدا، وە هـیچ گومـانم نیـیە لـەوەی کـە لای ئـەمانـە زاراوی کرمـانجی بـە زمـانی کـوردی دائـەنـرێ، دیـارە لــە کاتێـک کرمـانجی و سـۆرانی بـە زمـانی کوردی دا ئـەنـرێ، دیـارە لـە کاتێکدا کرمـانجی و سـۆرانی لـەم مـەسـەلـەیـە بـدوێن و لێـی بکۆڵنـەوە هـەریـەکـەی زۆر بـە گـورجی ئـەیـەوێ بـەویـتـری بسەلمێنـێ کـە زاراوەکـەی خـۆی جوانــە و گــەلــێ باشــەی تیایــە، کرمــانجی ئــەڵــێ: زاراوی کرمــانجی زاراوی زۆربــەی گــەلــی کــوردە و بــەشــی زۆری کــورد بــەو زاراوەیــە ئەدوێ، وە گــەلــێ بنکــەی (نحــوی) ئاشـکرای هـەیـە کـە لێـی کـۆڵراوەتـەوە و جێگیـر کـراوە. لـە گـەلـی پـەڕاوی بنکـەکـان لـە یـەکێتـی سـۆڤیەت و سـووریا و پـاریس دا، وە ئـەم بنکـانەش لــەلایـەن چـەنـد شـارەزایـەکـی تایبــەتییــەوە دانــراوە کــە هەنــدێ لــە زبانــەکــانی هینــدۆ ــــ ئـەوروپـی تـر ئـەزانـن، وە لـەلای چـەنـد کـەسێکەوە دانـەنـراوە کـە ئاگایـان لـە زبانـەکانی هیندۆ ــ ئـەوروپـی نەبێ، (کـە زبـانی کـوردیش یـەکێکـە لـەوان)، هـەتـا لـەوانـەبـێ کوێرانـە بکـەونـە دوای بنکــەکــانی زبــانی عــارەبــی. کــە شــتێکی ئاشــکرایە زۆرجیایە لەبنکەکانی زبانی کوردی.

هـەروەهـا کـوردی کرمـانجی ئـەڵـێ : زاراوی کرمـانجی لـە هەنــدێ شــوێنا بــەپیتــی لاتینــی نووســراوە کــەزۆر بــاش

ئەگونجێ لەگەڵیا کەچی زاراوی سۆرانی بە پیتی عەرەبی ئەنووسرێ، کە هەرگیز ناگونجێ لەگەڵ دەنگی کوردی دا...

خۆ ئەگەر ئەو کرمانجە شارەزای مێژوویش بێ ئەوا ئەڵێ : کرمانجی، لای زۆری نزیکترین و زبانێکی زیندووە بە زبانە ئارییە کۆنەکان. بەتایبەتی زبانی (زەند ـ ئاڤێستا Zend-Avesta-)

بێگومان کوردی سۆرانیش لە وەڵامی ئەمەدا جوانی زاراوەی خۆی پێشان ئەدا، مۆسیقای ئەم زاراوە ئەخاتە ڕوو، پێشانی ئەدا کە بنکە نەحوییەکانی ئاسانە، هەروەها ئەڵێ: زاراوەی سۆرانی بەدرێژایی (٣٠) ساڵ گەلێ پێشکەوتووە و تاقیکردنەوەی نووسینی هەیە لە عێراقدا .

باسکردنی ئەم مەسەلەیە بەم شێوە دەمەقاڵەیە باسکردنێکی بێ سوچە و چاری گیروگرفت ناکات، تا ئێستا دوو کۆنگرەی کوردی گرنگ بەسترا بۆ لێکۆڵینەوەی زبانی نووسینی کوردی، یەکەمیان لە (ئەریوان) ـ ئەرمەنستانی شورەوەی . بەسترا، هاوینی ١٩٣٤ چەن شارەزایەکی بەناوبانگەکانی کوردو ئەرمەن و سۆڤیەت حازر بوون کە هەموویان لە مامۆستا بەناوبانگەکانی لێکۆڵینەوەی کوردی بوون ...ئەمەش بە چاودێری کاربەدەستی ڕەسمییە سۆڤیەتەکان... وە لەم کۆبوونەوەدا بڕیار درا کە تەنها زاراوەی کرمانجی ئەوەی کە کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت

پێی ئەدوێن بکرێت بە زبانی نەتەوایەتی نووسین، چونکە ئەم زاراوە لە بەشی هەرە زۆری کوردوستانا بڵاوبوەتەوەو شێوەی وێژەییە کلاسیکییەکانی بەرزە، هەروەکو لە نووسینەکانی (احمد خانی)دا دەرئەکەوێ...

کۆنگرەی دووەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد بوو کە لەم دواییەدا لە شەقڵاوە، کوردوستانی عێراقدا بەسترا، مامۆستا کوردەکانی عێراق حازر بوون. ئەم کۆنگرەیە خۆی ڕووداوێکی گرنگ بوو، هەروەکو کۆنگرەی پێشوو. وە بریاری دا کە پێویستە تەنها زاراوەی سۆرانی ببێتە زبانی نووسینی نەتەوەی کورد، بەڵام ئەبێ سوود لە زاراوەکانی تریش وەربگرێ.

شتێکی ئاشکرایە کە بڕیارەکانی ئەم دوو کۆنگرەیە دوو بڕیاری بەیەک دژ و لەیەک دوورن.

بێجگە لەوەی پێویستە بڵێین کە ئەم دوو بڕیارە، لەگەڵ ئەوەشدا کە گرنگن هیچ کامیان نوێنەری نەتەوەی کورد نین بەشێوەیەکی تێکڕایی، چونکە یەکەمیان تەنیا بۆ کوردی شورەوی بوو، دووهەمیشیان بۆ کوردی عێراق... بەڵام هیوامان بەهێزە ئەم دوو کۆنگرەیە هەنگاوێک بن بۆ هێنانەدی و بەستنی کۆنگرەیەکی کوردی لەچوارچێوەی نەتەوەی کوردا هەمووی.

هیچ گومانی تیا نییە کە زبانی کرمانجی لە هەموو زاراوەکانی تر بڵاوتر و فراوانترە. جا ئەگەر سەیری ئەوە

بکەین کە ژمارەی کوردان هەمووی بریتیە لە ١٣ملیون و ١٢،٥٠٠،٠٠٠ لە کوردوستانان، بێجگە لە ٥٠٠،٠٠٠ کورد کە لە ناوچەی قوچان ــ بوجنورد لەخوراسان، سەرووی ڕۆژهەلاتی ئێران، بۆمان دەر ئەکەوێ ئەم کوردانەی خوارەوە بە زاراوی کرمانجی گفتوگۆ ئەکەن:

| | |
|---|---|
| ٦,٠٠٠,٠٠٠ | کورد لە تورکیا بە کوردە زازاکانەوە کە نزیکەی دوو ملیون ئەبن و زاراوە تایبەتییەکەیان نزیکە لە زاراوی هەورامی، بەلام لە ئیشوکاری ڕۆژانەیاندا بە کرمانجی ئەدوێن. |
| ٨٠٠,٠٠٠ | کوردی ئێران لە ئازەربایجانی خۆرنشین لە شنۆ هەتا سۆڤیت لە لە خوراسان. |
| ٦٥٠,٠٠٠ | کورد لەناوچەی (بادینان) لە کوردوستانی عێراق، لە ناوچەی کوردەکانی لیوای موسڵ و هەندێ ناوچەی لیوای هەولێر، واتە ١/٣ کوردی عێراق. |
| ٤٠٠,٠٠٠ | کوردی لە سووریا. |
| ١٥٠,٠٠٠ | کورد لە یەکێتی شورەوی. |
| ٨,٠٠٠,٠٠٠ | هەمووی ئەو کوردانەی کە بە کرمانجی قسە ئەکەن، واتە ٦٢% ی نەتەوەی کورد. |

کوردەکانی تر کە بریتین لە (٥) ملیۆن هەموویان بە زاراوی سۆرانی قسە ناکەن، چونکە نزیکەی ١،٥٠٠،٠٠٠ بە لوری بەختیاری ئەدوێن (زاراوەی کوردی هەرە خوارو) ئەو ٣،٥٠٠،٠٠٠ یشی کە ماوەتەوە بەشی زۆریان کە لە کوردوستانی ئێران دان و بەتایبەتی لە ناوچەی ئەردەلان و موکری دا دائەنیشن، ئەوانیش بە سۆرانی نادوێن، ئەوەی ڕاستی بی تەنها کوردەکانی عێراق بەسۆرانی گفتوگۆ ئەکەن. ئەوانەی کە بە کرمانجی یا لوڕی فەیلی نادوێن، واتە ١،٢٠٠،٠٠٠ کورد، یاخود٩%ی گەلی کورد هەمووی.

بەڵام ئەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە ئەو زاراوە کوردییەی لە بەشی زۆری کوردستانی ئێراندا باوە زۆر نزیکە لە سۆرانی، وە لەبەر ئەوەی بەشی زۆری کوردەکانی ئێران چاپەمەنی سۆرانییەکانی عێراق بە ئاسانی ئەخوێننەوە لێی تێ ئەگەن، ئەتوانین سۆرانی بە زبانی نووسینی ئەو کوردانە دابنێن، ئەوی ڕاستی بێ تاقە ڕۆژنامەیەکی کوردی کە لە ئێراندا دەر ئەچی بە زاراوی سلێمانی ئەنووسێ بە تەواوی، وەکو عێراق ئەمەش شتێکی جوانە...

بەم جۆرە زۆربەی کوردەکانی ئێرانمان، بە لوڕەکانیشیانەوە خستە پاڵ کوردە سۆرانییەکانی عێراق. ئەتوانین زاراوەی سۆرانی دابنێین بە زاراوەی نزیکی (٥) ملیون واتە: ٣٨%ی نەتەوەی کورد..

بێگومان، بێجگە لە چەن جیاوازییەکی کەمی ناوخۆ، کە چار نیە هەر ئەبێ بێ، ئێستە دوو زاراوی کوردی سەرەک لەبەردەم مانایە:

١ـ زاراوی کرمانجی، یاخو، زاراوی باکوری، (شمال) وەکو باسمان کرد، کە زاراوی ٦٢%ی میللەتی کورد.

١ـ زاراوی سۆرانی یاخود زاراوی خواروو (جنوب) کە ٣٨%ی نەتەوەی کورد گفتوگۆی پێ ئەکەن...

ئێستە بۆ ئەوەی نەکەوینە دوای خەیاڵ! پێویستە دان بەوەدا بنێین کە جیایی ئەم دوو زاراوەیە زۆر گرنگە بە ڕادەیەک کە بە گران نەبێ لەیەکتر ناگەن، لەم زروفەدا، هەروەها لەبەرئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتدا کرمانجی بە تیپی ڕووسی، وە لە سووریادا بە تیپی لاتینی ئەنووسرێ، وە لە تورکیادا کە لاتینی ئەزانن کەم و زۆر کوردی نانووسرێ، وە لە عێراق و ئێران دا کرمانجی نانووسرێ، بەڵکو سۆرانی ئەنووسرێ و بە تیپی عەرەبی ... لەبەر ئەمانە بەداخەوە ئەڵێم کە جیاوازی زیاتر و فراوان ئەبێ وە ئەم گیروگرفتە زیاتر گرێ و گۆڵاوی ئەبێ.

بۆ چارکردنی ئەم گیروگرفتە بەلای منەوە زۆر هەڵەیە کە لەم کاتەدا بڵێین هەر تەنها یەکێ لەم دوو زاراوە زبانی نووسینە، یا پێویستە زبانی نووسینی هەموو کوردێک بێ، چونکە بە چاوپۆشی لەچاکەی زاراوەکان، هەرگیز ناتوانرێ یەکێ لەم دووانە بە زۆر دابسەپێنرێ بە سەر میللەتی کورددا هەمووی.

زاراوی سۆرانی بەو چاوەی کە زبانی نووسینی کوردییە لە عێراقدا، توانیویەتی پێش بکەوێ، چونکە وەزعی سیاسی ماوەی ئەو کوردانەی داوە کە رۆژنامە و پەراو بە کوردی دەربکەن، هەروەها کوردەکانی سووریاش سەبارەت بە زاراوی کرمانجی، ماوەیان هەبوو بەڵام تەسکتر، هەروەها کرمانجی لە یەکێتی سۆڤیەتی شورەویدا ئەنووسرێ و وەکو ئەڵێن نزیکەی ١،٥٠٠ پەراوی کوردی هەیە کە لەماوەی (٣٠) ساڵی رابردوودا بڵاو کراونەتەوە بەڵام، داخەکەم ئەم چاپەمەنییانە زۆر سوودیان نەگەیاندووە بە کرمانجی، لەو رووەوە کە زبانی نووسینی نەتەوایەتییە، چونکە تیپی رووسی تیا بەکار هێنراوە، هەروەها لەبەر چەن هۆیەکی سیاسی ئەم چاپەمەنییانە نەگەیشتونەتە دەستی ملیۆنەها کورد لە تورکیا و شوێنەکانی ترا ... وە لەبەر نەبوونی پەیوەندی رۆشنبیری لەمیانی زۆربەی نەتەوەی کورد و ئەو کۆمەڵە بچووکەی یەکێتی سۆڤیەتدا...

بەڵام ئەو چاپەمەنییانەی کە لە سووریادا رێگایان درا و شێوەی ئەدەبیان گەیشتۆتە رادەیەکی بەرز لە جوانیدا، بەڵێ ئەمانە لەگەڵ کەمیشیانا سوودیان گەلێ زیاترە، چونکە هەندێکیان بە تیپی لاتینی نووسراون، وە لە کوردستانی تورکیا ئەتوانرێ بخوێنرێتەوە و سوودی لێ وەربگیرێ، نووسراوە ئەدەبییە کوردییەکانی یەکێتی سۆڤیەتیش لە توانایدایە بگاتە دەستی هەموو کوردێک و سوودی لێ وەربگرن ئەگەر بە تیپی لاتینی بنووسرایە ئەگەر وەزعی سیاسی بگونجێ، بەڵام داخی گرانم، ئەم مەرجانە

ئێسته نین!.. لەکاتی خۆیدا هەندێ لە پەراوە قوتابخانەییەکانی کوردەکانی سۆڤیەت لە هەندێ نامەخانەکانی سووریادا خرایە ڕوو بۆ فرۆشتن. پێش پێکهاتنی کۆماری یەکگرتووی عەرەب، بەڵام پێش دامەزراندنی ئەم کۆمارە یەکسەر یاساخ کرا!!!.. بێجگە لەوەی کە کوردەکانی سووریا لەکاتی خۆیا دادیان بوو لەدەستی تیپە ڕووسییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کەزاراوەی کوردەکانی سووریا هەر ئەو زاراوەیە کە سۆڤیەت و لە تورکیا دا بەکارئەهێنرێ. بەڵام ئەو شێوە نووسینانەیان زۆر بەلاوە بەنرخ بوو، چونکە ئەیان وت بەزمانی هەرەمە (عامی) نووسراون سەیری پایەی ئەدەبیان تیا نەکردووە تەنانەت خۆیان هەڵئەکێشا و ئەیان وت کە ئەتوانن لەوانە باشتر بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەختیار و شادمان بوون بەوەی کە لە ئەرمینیای سۆڤیەتدا ئەنووسرێ، بێجگە لەوەش، وادیارە، لەو پەراوانەدا بەئێجگاری باسی نەتەوەی کورد و کوردستان نەکراوە، وە لەباتی ئەوە وشەی "ئەرمینیا" و "یەکێتی سۆڤیەت" دانراوە.

بێبەشترین زاراو لەپێشکەوتن و گۆڕانی تازە بریتییە لە زاراوی کرمانجی کە زبانێکی میدیایی کۆنە. هەروەکو ئەرمەنەکان لەتۆمارە مێژوییەکەی خۆیاندا نووسیویانە، ئەم بێبەشییە بەتەواوی لە تورکیادا بەدیار ئەکەوێ بەڵێ لە تورکیای بەناو (دیموکراتی ئازاد)دا نیوەی هەموو نەتەوەی کورد ئەژیت کە بەزاراوی کرمانجی قسە ئەکەن و هیچ مافێکی نەتەوایەتییان نییە، تەنانەت بەتەواوی چاپەمەنی کوردییان لێ قەدەغە کراوە، هەر

جۆره چاپەمەنییەک بی!! بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە زبانی کرمانجی (ئەدەبیات)ی نییە! چونکە بێگومان ئەدەبی کلاسیکی کە بە زاراوی کرمانجی دانراوە گرنگترە لە لایەنی (چەنیەتی) یەوە لەوانەی کە بە زاراوەکانی تر دانراون، چونکە ئەو کوردانەی کە بە کرمانجی گفتوگۆ دەکەن ژمارەیان زۆرترە، بەناوبانگتر و دیاری ترین خاوەن هەڵبەستێکی کلاسیکی کورد و ئەوەی کە ئێستە لەهەموویان زیاتر بە گەلی (شەعبی) بدرێتە قەڵەم . چ لای کوردەکان و چ لای پرۆفیسۆرە تایبەتییە بێگانەکان، (ئەحمەدی خانی) یە، کە بەڕاستی بە باوکی بیروباوەڕی نەتەوایەتیی کوردی دائەنرێ!، هەروەها شێوەی نووسینی کە بە کرمانجییە نمونەی تەواوی و بێ عەیببیە جا ئەگەرچی زاراوەی کرمانجی بەهۆی ئەو بارە سیاسییانەوە کە باسمان کرد نەیتوانی بێ تا ئێستە لەسەرخۆ لە مەیدانی بەرهەمی ئەدەبیدا پێش بکەوێ، بەڵام بێگومان باری سیاسی پێویستە بگۆڕێ و بەپەلەش بگۆڕێ و بەجۆری کە هەندێ کەس پێی خۆش نییە بیری لی بکاتەوە!!

ڕۆژێ کە تورکیا زیاتر دیموکراسی بێ، وە دەزگای حکومەتی تورکیا، لای کەمی دان بنێ بە مافی خوێنەواری (ثقافی) نەتەوەی کورددا، ئەو شەش ملیۆن کوردەی کە لەوێن بێگومان زبانی خۆیان بە کرمانجی ئەنووسن، وەکو سێ سەد ساڵ لەمەوپێش ئەحمەدی خانی نووسیویەتی، وەکو کوردەکانی سووریا و ئەدیبی گەلی بەناوبانگ جگەرخوێن ئێستە ئەنووسی، کە هەڵبەستە نیشتمانییەکانی جێگای بەرێزیان هەیە لەقوڵایی

دەروونی کوردەکانی تورکیاشدا، هەروەها گومانی نییە ئەو کاتە زاراوەکەی خۆیان بە تیپی لاتینی ئەنووسن، وەکو کوردەکانی سووریا، وەکو تورکەکان کە زبانی خۆیان ئەنووسن.

جا لەکاتێکا کە تورکیا گۆڕانێکی دیموکراتی بەسەرابێت، گۆڕانێکی وەها کە دان نان بەمافی نەتەوایەتی و خوێنەواری نەتەوەی کوردا مسۆگەر بکات هیچ گۆمانی نییە کە کوردەکانی تورکیا زاراوەی سۆرانی ناکەنە زبانی نووسینی خۆیان! چونکە نە کوردەکانی سووریا و نە کوردەکانی سۆڤیەت ئەمەیان نەکردووە و، ئەمانیش ناتوانن بیکەن، لەسەر ڕۆشنایی ئەم زروفە شتێکی پووچ و بێ کاکڵ و بەڵکو هەڵەیە کە هەندێ لە براکانی سلێمانیمان سوور بن لەسەر ئەوەی سۆرانی ببێ بە زبانی نووسینی نەتەوەی کورد هەمووی!

تەنانەت ئەگەر بێتوو هەر لە کوردوستانی عێراق بیربکەینەوە بێ ئەوەی لەچوارچێوەی نەتەوایەتی ورد ببینەوە، ئەو چارەی کەدای ئەنێن، تەنانەت بۆ کوردەکانی ناوچەی بادینانیش ناگونجێ کە بەکرمانجی گفتوگۆ ئەکەن...

بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی نەتەوایەتی راستەقینە لەم باسە بکۆڵینەوە نەی ترنجێنینە چوارچێوەی ناوچەیەکی دیاری، هەروەها تێکەڵکردنی کوردستانی عێراق و نیشتیمانی کوردستان هەمووی واتە ١/٧،یا ١/٨،ی نەتەوەی کورد لەگەڵ نەتەوەی کورددا هەمووی ئەم مەسەلەیە ئەگورێ و هەرگیز ناخرێتە کار و ئیشی پێ ناکرێ!

ئەبێ سەیری ئەوە بکەین کە لە سەرەتای ١٩٥٩ وە حکومەتی سووریا ڕێگای لە هەموو جۆرە گورجوگۆڵییەکی خوێنەواری کوردی بردوەتە بەست لەو وولاتەدا بەڵام مافی نەتەوایەتی و خوێنەواری، لە ئێران و تورکیاشدا، زوو بێ یا درەنگ، ئەبێ بەشێوەیەکی دیموکراسی دانی پیا بنرێ، چونکە زۆر گرانە ئیتر لەمەوپێش مافە شەرعییەکانی نەتەوەی کوردی نەبەز بخرێتە پشت گوێ، ئەو ڕۆژە ڕۆیشت کە ئیمپریالیست و نۆکەرانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا بتوانن بەبێ ئەوەی کەس پێییان بزانی نەتەوەی کورد بچەوسێننەوە.

خۆ ئەگەر مەسەلەی نەتەوایەتی کوردی گشتی، کتوپڕ و بەشێوەیەکی بنەڕەتی چار کراو دەوڵەتێکی کوردستانی یەکگرتوو هاتە دی ئەتوانین بڵێین کە سۆرانی هەرگیز لەلایەن ئاکادیمییەکی گشتی کوردی، یا لەلایەن پەرلەمانێکی کوردی یەوە دەس نیشان ناکرێ بۆ ئەوەی بکرێت بەتاقە زبانی نووسینی کوردی، چونکە زۆربەی گەلی کورد و دەزگاکەی بەزاراوی سەروو (کرمانجی) ئەدوێن نەک بە زاراوی خواروو (سۆرانی) بەم جۆرە چ لەکاتی پێشکەوتنی دیموکراتی سست و چ لەکاتی پەیدابوونی چارێکی گورج و کتوپڕی مەسەلەی نەتەوایەتی زبانی سۆرانی هەڵنابژێرری بۆ زبانی نووسینی گشتی، چونکە زۆربەی کورد بە کرمانجی گفتوگۆ ئەکات.

بەڵام لەلایەکی ترەوە هیچ گومانی نییە کە پێویستە جوڵانەوەی ئەدەبی سۆرانی ڕێچکەی خۆی بگرێ لە عێراقدا،

هەروەها لەبەشی زۆری کوردەکانی ئێرانیشدا ئەگەر باری سیاسی یان بۆ ڕێک کەوت. وە پێویستە زبانی نووسینی کرمانجی دانە سەپێنری بەسەر ئەو کوردانەدا کە بە سۆرانی ئەدوێن، وە هەروەها سۆرانیش دانەسەپێنرێ وەکو زبانی نووسین بەسەر کرمانجەکاندا...

ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە نەتەوەی کورد زبانەکەی خۆی بەدوو زاراوە بنووسی: زاراوەی سەروو و خواروو: کرمانجی و سۆرانی؟

زۆر لە کوردەکان ڕووبەڕووی ئەم بیرە ئەوەستن، بەڵام زۆر ئاشکرایە کە زبانی کوردی ئێستە بەدوو زاراوە ئەنووسرێ وە لەمەوپێششیش هەتا ماوەیەکی زۆر، کە ناتوانین دیاری بکەین. هەر بەم دوو زاراوە ئەنووسن: سۆرانی و کرمانجی.

لەم ڕۆژە زۆر هەڵە و ناڕەواییە بیر لەوە بکەینەوە کە تەنها زاراوێک بەسەر گەلی کورددا هەمووی، چونکە وەکو باسمان کرد ئەمە هەرگیز ناگونجێ...

گیروگرفتی ئێستەمان بریتی نییە لەوەی کە گوایە پێویستە زاراوێک دیاری بکرێ، بەڵکو ئەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێین کەچ ڕێگایەک بگرین بۆ زرو نەکردن و پەرەنەسەندنی ئەو جیاوازییانەی کە هەیە لەمیانی کرمانجی و سۆرانیدا، چ ڕێگایەک بگرین بۆ کەمکردنەوەی ئەو جیاوازییانە و یەکخستنی زبانی نووسینی کوردی بکەین بەشتێکی وەها، نەک تەنها لەتوانادا بێ، بەڵکو لەوانە بێ کە بەزووترین کات بهێنرێتە دی... بێگومان

مەسەلەی یەکخستنی زبان لە پاشەڕۆژ چاری ئەکرێ بە ڕێبازی ڕێ و شوێنێکی پێشکەوتووی وەها کە بەشێوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری قووڵ و وردەکاری تیا بکرێ..

لە وڵاتی (نەرویج)دا کە ئەوانیش دوو زاراوەی جیاوازیان هەبوو، وەکو ئێمە توشی گیروگرفت هاتن، بۆ ئەوەی خوێنەواری و زانیاری بخەنە دەستی هەموو ڕۆلەکانی گەل، تەنها چارێ کە دۆزیانەوە ئەوە بوو کە زبانی نەتەوایەتی یان لەیەک کاتدا بە دوو زاراوە ئەنووسی، وە ئێستە هەر بەشێک و هەر زاراوێک چاپەمەنی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام ماوەیەکە کاربەدەستان هەوڵیان دا زاراوێک یان زبانێکی سێهەم بهێننە کایەوە کە لە هەردوو زاراوەکە وەرگیرا بێ و، هەموو لایەک لێی تێبگەن بە جۆرێک کە ئێستە زبانی نەرویج بە سێ زاراوی جیاجیا ئەنووسرێ، ئەم گۆڕانە هێشتا تەواو نەبووە، هەر بەڕێوەیە و بەردەوامە هیچ کۆسپی ڕێگای لێ ناگرێ، وە ڕۆژێ ئەبێ کە هەموو نەتەوەی نەرویج بەم ڕێگا تازەیە بخوێنن و بنووسن لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەم سێ زاراوە جیاجیایە هیچ کارێکی نەکردوەتە سەر یەکێتی نەتەوە، وە ئەمە ڕێگای تازە و ڕاست و دیموکراتییە بۆ چارکردنی ئەم تەنگوچەڵەمەیە.

ڕێگای کۆن و نادیموکراتی ئەوە بوو کە یەک زاراوە دائەسەپێنرا: زاراوی خێزانی پاشا ئەکرا بە زبانی ڕەسمیی میری. وە لە ماوەی چەن چەرخێکدا ئەم زبانە ئەبوو بە زبانی هەڵبژاردە و زبانی نەتەوایەتی و نەتەوە هەموو بەکاری ئەهێنا.!!

بەڵام دەردی گران ئەوە بوو کەگەل (جماهیر) ئەوانەی کە بە زاراوی جیاجیا ئەدوێن بە درێژایی ئەم چەن چەرخە بە نەخوێندەواری و نەزانی ئەمانەوە، چونکە توند توند هۆگری زاراوە ناوچەییەکانی خۆیان ئەبوون و نەیان ئەتوانی و نەیان ئەویست فێری زاراوەی ڕەسمی ببن!، بۆیە ئەم زاراوە ڕەسمییانە لە چوارچێوەی کاربەدەستانا دەرنەئەچوو، بەڵام لەم چەرخەدا خوێنەواری و زانیاری ئەبێ فراوان بکرێ بۆ گەل هەموو.

با بگەڕێینەوە بۆ کوردستانی عێراق کە کوردەکان لە سایەی شۆڕشی نەمری تەمووزەوە ڕزگار بوون و ئازادن لە لێکۆڵینەوە و دیاری کردنی گیروگرفتی نەتەوایەتی خۆیان، جا، هەروەکو باسمان کرد ئێستە هەرگیز نابێ کە تاقە یەک زاراو دیاری بکرێ بۆ زبانی نووسینی کوردی بۆ نەتەوەی کورد هەمووی.

زۆر هەڵە و نارەوایە هەوڵی ئەوە بدەن زاراوی سۆرانی دابرێ بەسەر کوردەکانی عێراقدا ئەوانەی کە بە کرمانجی ئەدوێن لە دوو لیواکەی موسڵ و هەولێردا...

شایانی باسە کە لە چەرخی پاشایەتی (گۆڕبەگۆڕا ـ وەرگێڕ) لەبەر چەن هۆیەکی سیاسی زاراوەی سۆرانی بە ڕەسمی بەکار ئەهێنرا، کاربەدەستە ئینگلیزەکان، دوابەدوای ئەوان حکومەتە کۆنەپەرستەکانی بەغدا. بە تایبەتی ئەو ناوچانەیان خست بووە پشت گوێ کە لە کوردوستانی عێراق دا بەکرمانجی قسەیان ئەکرد، لەلایەن زانیاری و ئابوورییەوە، چونکە ڕاستەوخۆ دراوسێی کوردستانی کرمانجی بوون، ئەوانەی کە لە تورکیا

ئەچەوسێنرێنەوە، ئەمەش بەپێی ڕێکەوتنی پەنهانی لە بەینی ئەندامەکانی پەیمانی سەعد ئاباد و پەیمانی بەغدای(ئەوسا - وەرگێڕ) وە ئەو کوردە عێراقییە کرمانجانە لە قوتابخانە عەرەبییەکانا ئەیان خوێند، جا لەبەر ئەوەی چاپەمەنی کوردی لە عێراقدا هەموو سۆرانی بوو. وردەوردە زاراوی سۆرانی، یا زبانی عەرەبی بوو بە زبانی ئەدەبی کوردە کرمانجە خوێنەوارەکانی عێراق!! پێی ناوێ بڵێین کە ئەم خوێنەوارانەش زۆر کەم بوون، وە وردە وردە ڕەنگی سۆرانیان بەسەرا کرا، ئەگەر نەبووبن بەعەرەب! بەڵام بەشی هەرە زۆری کوردە کرمانجەکان لەم "عەمەلیانە دوور و رزگاربوون!" وەهەتا بنا گوێیان نقومی دەریای گۆشەگیری و نەخوێنەواری بوو بوون.!

جا کە ئەمە وەزعی چەرخی رووخاو بێ، زۆر مایەی دڵگرانییە و، زیان گەیاندنە بە قازانجی نەتەوەی کورد، کە لەسایەی کۆماری تازەشدا وەزع هەر بەم جۆرە بمێنێتەوە !

ئەمەش کە باسمان کرد شتێکی ناوەخۆییە بە تایبەتی هی کوردەکانی عێراقە و ئێمە لەو باوەڕەداین کە یاسای تازە دەست ناخاتە ئەم جۆرە ناوەخۆییانەی کوردەکانەوە، چونکە شۆڕش مافی ڕادەربرین و خوێندنی بە زبانی نەتەوایەتی داوە بەکوردەکان و، پێویستە وازیان لی بهێنرێ هەتا فێری خوێنەواری ببن بەو زاراوەی کە خۆیان ئەیانەوێ ...

وە وەکو ئەڵێن: حکومەتی عێراق ڕێگای هەندێ ڕۆژنامەی کوردی داوە بەزاراوەی کرمانجی ...

شتێکی ئاشکرایە کە پێویستە کوردە کرمانجەکانی عێراق قوتابخانە و رۆژنامەی تایبەتی خۆیان ببێ، بە زاراوەی خۆیان، نەک بە زاراوە جۆرجۆرە ناوخۆییەکانیان، بەڵکو وەکو ئەوەی کە لە نووسینەکانی ئەحمەدی خانیدا هەیە، وە وەکو ئەوەی کە لە یەکێتی سۆڤیەت و سووریادا ئەنووسرێ و کوردەکانی کوردستانی تورکیا پێی ئەدون.

چارکردنی گیروگرفتی زانیاری کوردەکانی بادینان بەو جۆرەی کە باسمان کرد لەبەر پێنج هۆی بنەڕەتی پێویستە:.

١. لەبەر نەهێشتنی ئەو ناڕەواییە کە لەم کوردە کرمانجانە کرا، کە بێبەش بوون لە مافی قوتابخانە و ڕۆژنامە بە زاراوی تایبەتی خۆیان، ئەو ناڕەواییەی کە ئیمپریالیست دروستی کرد بوو...

٢. هەتا خوێنەواری بگاتە دەستی گەل هەمووی، ئەمەش تەنها بەوە ئەبێ کە لەو ناوچەدا بە کرمانجی بخوێندرێ.

٣. چونکە ئەو زاراوە کە لە بادیناندا هەیە زاراوەیەکی بچووک و گۆشەگیر (منعزل) نییە، بەڵکو لە ڕاستیا گەورەترین زاراوێکی فراوانی نەتەوایەتییە.

٤. بۆ ئەوەی هەتا ئەتوانین جێگای نەبوونی چاپەمەنی کوردی لە کوردستانی تورکیا پڕ بکەینەوە. بۆ پینەکردنی بێبەشی زاراوەی کرمانجی لە پێشکەوتن، لە سایەی رەشی دەستەڵاتی کۆنەپەرستی تورکیا، من ڕام وایە ئەم هەنگاوە پێویستە ئامانجێکی نەتەوایەتی و پێویستییەکی نیشتیمانییە لە سەر شانی هەموو کوردەکانی عێراق چ سۆرانی و چ کرمانجی، چونکە

بێگومان تاقە چاپەمەنییەک کە کوردەکانی تورکیا لێی تێ بگەن بریتییە لە چاپەمەنی بەزاراوی کرمانجی...

٥. لەبەر ئەوەی کە ئەم دوو زاراوە ئێستە لە عێراقی ئازادا باوە، لەتوانادا هەیە ئەو چارە پێشکەوتووەی کە باسمان کرد جێبەجێ بکرێ بۆ ئەوەی زبانی نووسینی کوردی بکرێ بەیەک لەچوارچێوەی نەتەوایەتی ڕاستەقینەدا، چونکە لەم کاتەدا بەراورد کردن لەبەینی ئەم دوو زاراوەدا لە توانادا هەیە. وە بۆ ئەوەی ئەم یەکخستنە لە پاشەڕۆژ لەوانە بێ بێتە دی پێویستە هەردوو زاراوەکە بەیەک چەشنە تیپ بنووسرێ...

شتێکی زۆر گرانە کە کرمانجی بەتیپی عەرەبی بنووسرێ، لەبەر کوردەکانی تورکیا کە تەنها لاتینی ئەزانن وە لەبەر کوردەکانی سووریا، کە لە دەمێکەوەیە زبانەکەی خۆیان بە لاتینی ئەنووسن ئەو گەنجانەش کە بە سۆرانی ئەدوێن، ئەوانیش بیر لە نووسین ئەکەنەوە بە تیپی لاتینی، هەروەها کۆمەڵی قوتابیانی کورد لە ئەوروپا زۆر بەگەرمی لایەنگری ئەم ڕێگایە ئەکات و، ئەندامەکانی بانگ ئەکات بۆ بڵاوکردنەوەی تیپی لاتینی، چونکە تەنها ئەم تیپانەیە کە ئەبێتە هۆی یەکخستنی زبانە کوردییە خۆشەویستەکەمان لە پاشەڕۆژدا...

پێویست ناکا کە بڵێین مەسەلەی نووسینی لاتینی مەسەلەیەکی هونەری پەتییە. وە پەیوەندی بەسیاسەتەوە نییە و، هەرگیز کار ناکاتە سەر یەکێتی و برایەتی کورد و عەرەبی عێراق، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە نابێ (اعتباراتی

سیاسی) ببێتە هۆی تەگەرە لە ڕێگای بەکارهێنانی ئەم تیپانە لەلایەن کوردەکانەوە، وە لەوانەیە وردە وردە تیپی لاتینی لە کوردوستانی عێراقدا، هەر لەقوتابخانە سەرەتاییەکانەوە هەتا قوتابخانە بەرزەکان و هەتا ڕۆژنامەش بەکاربهێنرێ...

بەکورتی لە کوردوستانی عێراق دا، پێویستە :.

١. جوڵانەوەی ئەدەبی سۆرانی ئێستە ئەبێ لە عێراق دا بەردەوام بێ.

٢. پێویستە لەم شوێنانەدا کە بە کرمانجی گفتوگۆ ئەکەن جوڵانەوەی ئەدەبی کرمانجی شانبەشانی ئەدەبی سۆرانی هان بدرێ و، ڕێگای بۆ خۆش بکرێ بەو مەرجەی کە بە تیپی لاتینی بنووسرێ وەکو کوردەکانی سووریا بەکاری ئەهێنن "بێگومان تاقیکردنەوە و شارەزایی ئەوانیش لەم بابەتەوە یارمەتیدەرێکی باشە "

٣. وردە وردە، دەس بکرێ بە نووسینی سۆرانیش بەتیپی لاتینی.

٤ـ ئەنجا بەدڵ و گیان و بەزانست بکۆڵرێتەوە لە چۆنییەتی کەمکردنەوەی جیاوازی ئەم دوو زاراوە سەرەکییە.

ئیتر لە کوردستانی عێراق دا هەر چارێکی تر دابنرێ بۆ ئەوەی کوردە کرمانجەکان فێری سۆرانی بکرێن، ئەنجامی ئەوە ئەبێ کە خوێنەواری پەرە نەسێنی و بنکەیەکی فراوانی نەبێ و هەرگیز خوێنەواری ناچێتە ناوجەرگەی ناوچە ئاوەدانەکانەوە، وە مانای ئەوەیە بە چاوی نرخ سەیری بەشەکانی تری نیشتیمان ناکرێ بەنیسبەتی کوردوستانی تورکیا. هەروەها مانای ئەوەیە بیر لەم گیروگرفتە ناکرێتەوە لە چوارچێوەی نەتەوایەتیدا و بۆ هەموو نەتەوە..!

بێگومـان کـوردە کرمانجـەکـانی عێـراق کـە لـە چـەرخـی یاسـای گۆڕبـەگۆڕا ڕێگـای گورجوگۆڵی خوێنـەوارییـان لـێ گیـرا بـوو. ئـەمـرۆ، حەقی خۆیانە و پەیوەندی بـەوانـەوە هـەیـە کە داوا لـە کاربـەدەسـتانی عێراق بکـەن بـۆ ئـەوەی قوتابخانـە و ڕۆژنامـەیـان بـە زاراوەی خۆیـان ببێ، زۆریش شایستە و جوانە کە برا کوردە سۆرانییەکانیشیان ئـەمـە تێ بگەن و هانیان بدەن بۆ ئەم داخوازییە.

کوردە عێراقییەکان سەربـەرزی و بـەڕێزی لـەوەدایـە کـە لـە پێش هـەمـوو بـەشـەکـانی تـری نـەتـەوەی کـورددا ئـازاد بـوون... پێویـستی ئەمرۆیان تەنها ئەوە نییە کە لەم هەڵە بـەکـارەدا هـەنگـاوی گـەورەتـر و زووتر بنێن، بەڵکو مەسئولیەتێکی گەورە کەوتوەتە سـەریـان و ئـەوەی بیر لە کوردەکانی تریش بکەنـەوە، مـەسـئولیـەتێکی وەهـا کـە پێویـستە پاک بکرێتـەوە لـەهـەڵـە و چـاری نیـوە و ناتـەواو. واتە: بـەرژەوەنـدی گشتی کوردایەتی پێویستە هەمیشە لەمێشک و دڵ و دەروونی خۆیاندا بێ!

(بەڕێوەبەرایەتی زانیاری گشتی بۆ خوێندنی کوردی) کـە لـەلایـەن دەوڵـەتـی عێراقـەوە دامـەزرا، مـاوەیـەکـی فراوانـی لـەبـەردەمـا هـەیـە و ئیشکردن و مەسئولیەتێکی گەورەی لەسەر شانە.

من تا ئێستە باسی ئەوەم نەکردووە کە ئـەم دوو زاراوە ئـەکرێت بـەیـەک چونکـە ئـەمـە گیروگرفتێکـی هونـەری "فیلولـوژی" دژوارە، بـە لێکۆڵینەوەیەکی زانیاری قووڵ نەبێ و لە پرۆگرامێکی دوور و درێژ و ئامـادەکراوە نـەبـی چـار نـاکرێ. پرۆگرامـێ کـە لـەلایـەن دەسـتەیـەکـی خـاوەن ئیختـصاصی بـەرزەوە دابنـرێ کـە نوێنـەری هـەردوو زاراوەکـە بن: سۆرانی و کرمانجی.

# بیردۆزەی لارینگال (Laryngeal theory)

شاسوار هەرشەمی

بیـــردۆزەی لارینگـــال، یەکـــێکە لە بیـــردۆزە هەرە تازەکـــانی زمـــان. بنچیـــنەی خـــودی بیـــرۆکەی بیـــردۆزەکە، بـــۆ پتـــر لە سـەت سـال پـێش ئێـستا دەگەڕێـتەوە. بەڵام تەنیـا مـاوەیەکی کەم پـێش ئێـستا و لەسـاڵانی هــەشــتا و نــەوەدی ســەدەی ڕابـردوو بـوو، کە توانـدرا وەکـو بیردۆزەیەکـی کـارا و بەهێـز، بخــرێتە گەڕ و ســودی زۆری لــێ وەربگیرێــت. تەنــانەت بەو مـاوە کەمەش لـە تـەمـەنـی خۆیـدا، بتوانێـت بەرەنجـامی دیـار و گەورەش بەدەســتەوە بـدات ئەو وێـنە کـۆن و کلاسـیکییەی، کە بـۆ شـوێن و شـێوە گـۆڕینی بـزوێن و ڤاولەکـان، لە زمـانی هاوبــەشــی گــەلانــی هینــدۆ- ئەوروپــی، واتــا پرۆتــۆ هینــدۆ- ئەوروپـی PIE لەبەرچـاو گیـرا بـوو، بـۆ دروسـتکرنی بـار و گەردانەکـانی وشــە، ئەوە بــوو کە ڕەگــی وشــەکان، لە نێــوان سـێ بـاری (هـیچ – ێ – ۆ – ێـێ – ۆۆ) یـان (هـیچ – E – Ō – Ē -) دەگــۆڕان. ئەمەش بە پێــڕەوی کـــردن لە ڕێـــسایەکی چەســـــپاو، و زۆر جـــــارانیش لۆژیکــــانە دەبــــوو. لەو سەرچاوەشـــەوە ئاســـتە جیاوازەکـــان، بە شـــێوە و بـــار و گەردانە ڕێزمانییەکـــانی وشـــەوە دەبەســـترانەوە. بـــۆ نمـــونە

گەر وشـەیەک بخـرێتە ئاسـتی (هـیچ) واتـا ئاسـتێکی گـەردان بـوون کـە بـێ بـزوێن و ڤـاول بێـت، ئەوا لە زمـانی پرۆتـۆ هینـدۆ- ئەوروپیـدا، وشـەکە بـۆ ئەو بـارە ڕێزمـانییە بەکـار دەهـات، کە وەک بـاوە، پێـی بگوترێـت (سـیفەت)، یـان (ئاوەڵنـاوی ڕابـردووی نادیـار). ئەم شـێوەیەی کـە لە وشـەگەلی کـوردی وەک: ڕوتـاو. سـوتاو. کوشـتە. هەڵگـرتە. بـابردە و زۆری دی وەک ئەمـانەش، دەبینـدرێت بـاری ئاوەڵنـاوی ڕابـردووی نادیـار، لە زمـانی هاوبـەش و کەونارای PIE بە پاشگرەکانی (- تۆ - to / ، - نۆ no / ) پێکهـاتووە. گەر سـەیری نمونەکـانی سـەرەوە بکەیـن لە زمـانی کوردیـدا، دەبینـین پاشـگرەکان، بە شـێوەی دی نـەختێـک گـۆڕاو دەردەکەون. وەک (– تە) لە کوشـتە، هەڵگـرتە و، (– دە) لە بـاربردە، یـاخود (– او) لە سـوتاو. ڕوتـاو. هەروەهـا (- راو) لە فرۆشـراو. کـوژراو. دڕاو .ئەم بـارەی سـەرەوە لە زمـانی PIE، هەروەک زمـانە کـۆنە کلاسـیکییەکانیش، لەو کاتـانە دروسـت دەبێـت، کە ڕەگـی وشـە، لە باری بێ ڤاوڵی (بێ پیتە بزوێن) دایە، بە زمانێکی ڕوونتـر دەڵێـین، واتـا لە (ئاسـتی هـیچ) دایە. نمـونەیەکی ئەم بـارە، لە سانـسکریتی، بـریتیە لە وشـەی (bh- tā- بهـر– تـا)، کە بە کـوردی، واتـاکەی دەبێـتە بـارکراو، یـان (هەڵگـرتە). هەروەهـا وشـەی (-dh – tā -) دهـر– تە بەواتـای (ڕاگـرتە). دیـسان وشـەیەکی دی سەرنجڕاکێـشی سانـسکریتی، کە لەو

بارەدا بێت، بریتیە لە-ga -tā (گە – تا-). وشەکە بە واتای شتێک دێت، لە باری جوڵاو، یان ڕۆیشتە دابێت). وشەی (گەتا) لە چاوگی وشەی دیسان داڕێژراوەی PIE ی (gwm-to) (گوم - تۆ) هاتووە. لێرەدا دەنگی (m)، وەکو ڤاول و بزوێنی لێ هاتووە. وەک دەردەکەوێت، دەنگی (م)ی وشە داڕێژراوەکە، لە سانسکریتیدا بۆتە (- ە، a) ئەگەرنا، شێوە بنەڕەتییەکەی وشەکە، وەک لە سەرەوەدا دەرمان خستووە، بێ ڤاول و لە ئاستی (هیچ) دا بووە. جێی خۆیەتی کە بڵێین وشەی کوردی (چووم یان چوون)، لە ڕەگی هەمان وشەی هاوبەشی PIE (گوم - تۆ)وەوە ماوەتەوە .ڕەگی هەموو وشەیەکی دیسان داڕێژراوە، یان وشەیەکی کلاسیکی لە زمانە کۆنەکانی هیندۆ-ئەوروپی وەرگیراو، بەو شێوە جوانەی نمونەکانی سەرەوە دەرناکەون. ڕەنگە هەندێک کردار، بە نەخش و شێوەیەکی دیی جیاواز دەرکەون، کە تیایاندا، ڤاولە درێژەکان (ئەو ڤاولانەی کە لە زمانە هاوچەرخەکاندا دەگمەن و نائاسایین)، لە ڤاوڵە باوە کورتەکان، زۆر ئاساییتر و پتر دەردەکەون. ئەو وشانەی کە بەم جۆرە دەردەکەون، هیچیان لەو جۆرە وشە لاواز و کەم دیارانە نین، تا هێشتا لای لێکۆڵەرەوانی ئەم بوارەدا جێگای گومان بن کە ڕەگێکی هاوبەشیان هەیە. بەڵکو ڕەگە وشەکان، بە وشەی ناوەندی و دڵنیا داڕێژراوە دادەندرێن لە زمانی PIEدا. بۆ نمونە یە

کێــک لەو وشــانەی کە لەم جــۆرەن، ڕەگــی وشــەی، یــان کــرداری ناســراوی (دان)ە، کە بە زمــانی دیــسان داڕێــژراوەی PIE، لــە لایــەن شــارەزایــانی زانــستی بــەراوردکردنــی پێوانــەییــەوە، بە شــێوەی (دۆ- dō -) داڕێــژراوەتەوە. هەر بە ســەرنجێکی خێــرا لە ڕەگــی هەمــان کــرداری کــوردی دان، کە (دا-) یە، خزمــــایەتی ڕەگەکە، لەگەڵ ڕەگــــی وشــــەکە لە زمــــانی PIE، کە وەک دەرمــــــان خــــستووە (دۆ-) یە، دەردەکەوێــت. وشــەی (دان)، لە زمــانی کــۆن و کلاســیکی سانــسکریتی، بــریتیە لە (دەدامــی، dadāmi) دەنگــی (ا)ی دووەم، گــۆکردنی نەختێــک درێژتــرە. لە گریکیــشدا هەمــان کــــردار بە شــێوەی (دیــدۆمی، didōmi) هەیە. لە زمــانی ڕووســی بــۆتە (دات، dāt)، هەر بە واتــای دان. لە لاتینیــشدا، (دۆ، dō) واتــای (دەدەم) دەگەیەنێــت. لە زمــانی میــدی – ئەخمێنــی (دەدامــی، dadāmi) بە واتــای (دەدەم) هــاتووە. تــا لە زمــانی هــاوچەرخی ئــوردوش، وشــەی (دی) واتــا (دای، دان). هەمــان وشــە، لە فارســی بــریتییە لە (دادەن). هەروەک لە زمــانی پەهلەویــش (داتەن، dātan) بــووە. وەک بینیمــان، وشــەکە بــوونێکی قــوڵ و ناوەنــدی هەیە و، نزیکــەی لە هەمــوو زمانــەکــانی، بنخێزانەکــانی زمــانە هینــدۆ-ئەوروپییەکانیــشدا هــەبــووە و مــاوەتەوە. ئەوەی کە ئــێمە دەمانەوێــت لە ســەر ئەم وشــەیە بیڵێــین ئەوەیە، کە ڕەگــی وشــەکە هەر زوو، لە ســەرەتاوە ســەیرو ســەمەرەیی خــۆی

دەردەخــات و، لە ڕێــسا بــاو و ناســراوەکانی زمــان لادەدات. جــارێ لە هێــروە، لە ســەر (ئاســتی ئاســایی)دا، چ ڤــاولێکی کــورتی (ێ ،e) دەرناکەوێــت، (وەک کە بــاوە و دەبێــت هەبێت). بەڵکـو دەنگێکـی درێـژی (ۆ، ō،) لە جێگـای دا سـەر دەردێنێــت. ئەو (دەنــگە درێــژە) بە لەرەیە، یەکەم جــار بە زنجیــرەی دووەمــی دەنــگە کلوســیلەکان دادەنــدرا. بــەڵام سـەرەڕای سـەیر و سـەرنجڕاکێش بـوونیش لـە گوتـەکـەماندا، دەڵێــین ئــەو بۆچوونــەیــە وانیــە. تێگــەیــشتن و دۆزیــنەوەی چارەســەریەک بــۆ ئەم کێـشەیەی، لــە ســەرەوەدا بــە کــورتی خــستمە بــەرچــاو، کــاتی زۆری ویــست. لە ڕاســتیدا، یەکەم هەنگــاوی دۆزیــنەوەی شــوێن پێــی ئەو کێـشەیە و، چارەســەر کردنـــــــی، زوو هەڵنـــــــرا، بەڵام تێگەیـــــــشتنی لە لایەن شــارەزایانەوە زۆری خایانــد. لێکــۆڵەری هێــشتا لاوی زمــان، لە ســەردەمی خــۆی، فێردینانــد دێ ساوســور، Ferdinand (de Saussure) کە لە بــواری نیــشانە تەمومژاوییەکــان و، هەنــدێک مەیــدانی دی زمــانەوانی، کــاری دەکــرد، یەکەمــین کەس بــوو کە پەی بەو نهێنیــیە گەورەیە بــرد. ئەو هەر زوو، هێــشتا کە تەمەنــی لە بیــستەکان دابــوو، لە ســاڵی ١٨٧٩ زاینــی، نهێنییەکــانی کێـشەی لەم جــۆرەی نمــونەکەی ئــێمەی هەڵهێنــا. دێ ساوســور، هەر ئەو ســاڵە، بنــاغە گــشتییەکانی بیــردۆزەکەی خــۆی، لە وتارێکــدا بــڵاو کــردەوە. وتــارەکە لە ڕاســتیدا لە بــارەی شــتی دیـکەوە بـوو، نەک ئەو کێـشەیەی کە

ئێستا جێ مەبەستی ئێمەیە. لەبەر ئەوەی بیردۆزەکەی دێ ساوسور، لەپەنای شتی دیەوە خۆی مەلاس دابوو، چەندان دەیان ساڵ تێپەڕین، تا بیرۆکەکە شوێن پێی خۆی کردەوە و، بووە بناغەیەکی پتەو، بۆ ئەو بیردۆزە زۆر گرنگەی، کە ئەمڕۆ پێی دەگوترێت بیردۆزەی لارینگال (Laryngal theory) ئەو بیردۆزەیە، بایەخەکەی ئەمەندە گەورەیە، کە دەکرێت لە بارەیەوە بڵێین: زانیارییەکانی پێشووی زانایانی، لەسەر زمانە مردوو و زیندووەکانی هیندۆ-ئەورووپی، بەجارێک سەروبن کرد و، پێشکەوتنی هەرە گەورەشی لەم بوارەدا بەدی هێنا. لەناو ئەو شتانەی کە دێ ساوسور ڕایگەیاند بوو و، بۆ ئێمە بایەخی زۆر زۆری هەبوو، ئەمەیە کە (دووەمین) زنجیرەی زمان داگرتنەکان، یان (ئاستی دووەم) ئەو ئاستەی کە بزوێن، یان ڤاولە درێژەکانی هەیە، لە ڕاستیدا شێوە و بارێکە، لە هەمان نەخشەی ئەوانی دی، کە لە زنجیرە ئاساییەکاندا دەیانبینین. یان بە زمانێکی ڕوونتر بڵێم، لە ئاستەکانی دیدا دەیانبینین. جیاوازییەکە، وەک ئەو دەڵێت، ئەوە نییە کە هەندێک لە ڕەگەکان، ڤاولی درێژتریان هەیە، بەڵکو جیاوازییەکە لەوەوە دێت، کە ڤاولەکانی ناو ڕەگی ئەو وشانە، (شتێکی دی)یان بە دوا دادێت. ئەو شتەی، یان ئەو دەنگەی، کە دێ ساوسور ئاماژەی بۆ دەکات، دەنگی کۆنسونانتێکی، یان پیتێکی کپی نادیار و نەناسراوە، کە لە

باری هەنوکەیی وشەکەدا نەماوە و کەوتووە. ئەمەی لە وشەکەدا دەیبینین، تەنیا شوێنەوارەکانی، یان کاریگەرییەکانی ئەو دەنگە بزر و نەماوەیە، کە بەسەر وشەکەدا ماوەتەوە. واتا هەر ئەو دەنگە کەوتوو و بزر و نەناسراوەیە، کە دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی دەنگی ڤاوڵەکە. تەنانەت هەر ئەم کاریگەرییەشە، کە ڕەنگ و شێوە و گۆکردنی ڤاولەکەش، بە چەندان شێوەو جۆر دەگۆرێت. کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونە بێت، چاوگی، یان ڕەگی کرداری (دان)، لە زمانی هاوبەشماندا، نابێت (دۆ، dō) بێت، کە کە ئێمە لە پێشتر وامان دەرخست بوو. بەڵکو دەبێت (دێ + ؟)، یان (de+x) بێت. واتا (دێ) لەگەڵ دەنگی (x)، کە نیشانەی دەنگە نەناسراوە بزرەکەیە. ئەمە کاریگەریی ئەو دەنگە نەناسراوەیە(x)، کە ڤاوڵی (ێ،e) ی، بە شێوەی (ۆ، ō) ڕەنگرێژ کردووە و، ئاوا درێژیشی کردۆتەوە. ئەم ڕێسایەی سەرەوە، گشتگیرە و، لە سەرێ بۆ خوارێ، هەموو سیستەمەکەی ناو زمان دەگرێتەوە. هەموو ئەو چاوگانەش کە لەو جۆرەن، بە ڕێکی ملکەچی ڕێساکە دەبن. بەم جۆرە (ئاستە کورتەکان) درێژ دەبنەوە، (تا بە هاتنی دەنگی زێدەش، کە ناوازەیە، ئەمە دیسان هەر ڕوو دەدات). (ئاستی هیچ)یش، لە ڕاستیدا ڤاولێکی وەرگرت، (تەنانەت تا دەنگە زێدەکەش بە ڤاول دەبێت، یان ڤاولاوی دەبێت). ئێمە لەو کردارەی، کە

لە سـەرەوە بە نمـونە هێنامـانەوە، دەبینـین لە شـێوە گـرێکیەکەدا، ڕێـک ئەو بارەمـان بەرچـاو دەکەوێـت .بە گرێکـی بـاری (di – dō - m دی - دۆ - مـی) بە واتـای (دەدەم) لە (ئاسـتە کورتەکـانە)، بەڵام بە ڤـاوڵی درێـژەوە. کەچـی کە کـردارەکە دەچێـتە بـاری سـیفەتی (ئاوەڵنـاوی ڕابـردووی نادیـار)، واتـا (دایتیـان)ی کـوردی، واتـا کاتێـک کـە لە (ئاسـتی هـیچ)دا بێـت، بە زمـانی گرێکـی دەبێـتە(do-to، دۆ- تـۆس). وەک دەبینـین ئاوەڵنـاوەکە، لە (ئاسـتی هـیچ) دایە، بەڵام ڤـاولێکیش هەیە، کە لە ڕاسـتیدا بە گـوێرەی ڕێـساکان، نەدەبـا هەبـا. تـا بیـردۆزەکەی دێ ساوسـور، بـووە بیرۆکەیەکـی گـشتی پەسـەندکراو، کـاتێکی یەکجـار زۆری پێچـوو.یەکێـک لە هۆکـارە هەرە سـەرەکییەکانی زینـدووبوونەوەی بیـردۆزەکە و، هەڵکـشانی زۆر خێـرای بایەخپێـدانی، ئەوە بـوو، کە کاتێـک دەرکەوت، یەکێـک و، هەنـدێک جـاریش دوو، لەو (شـتانەی)، یـان دەنـگە نادیـارانەی، کە دێ ساوسـور هێمـای بـۆ کـرد بـوون، لە ڕاسـتیدا لانـی کەم، لە یەکێـک لە زمـانە لەناوچووەکـانی هینـدۆ-ئەوروپیـدا، بە پـارێزراوی دۆزراونەتەوە. مەبەسـتمان لەو زمـانە لەنـاوچووە، زمـانی کلاسـیک و کـۆنی هیتـیە. ئێـستا تێـدەگەین کە بـۆچی، تێگەیـشتن لە بیـردۆز و بیـرۆکەکەی دێ ساوسـور، ئـاوا وە درەنـگ کەوت. زمـانی هیتـی، یـان ڕوونتـر بڵـێم تـابلۆ مێخییـەکـانی زمـانی هیتـی، لە سـەرەتای سـەدەی بیـستەم، لـە

باکوری کوردستانێ دۆزرایەوە. چەند ساڵێکیشی خایاند، تا توانـدرا دەقەکانی بخوێنـدرێنەوە و، وەربگێـڕدرێن، یان لێک بدرێنەوە. تێگەیشتن لە لایەنە ڕێزمـانی و سـاختارییەکانی زمانەکە، هێشا کاتی دی پێویست بوو. ماوەیەکی دیاری دی پێچوو، تا دەرکەوت کە ئەو دەنگە هیتییەی، لە نوسراوە مێخیەکاندا، بە پیتی، یان دروستتر دەنگی (h،ه) هێمای بۆ کراوە، و پێشتر لە ڕوانگەی مێژوویی زمانەوە، نەدەزاندرا هیچ ڕوونکردنەوە و ساغکردنەوەیەکی گونجاوی بۆ بکرێت، چیە و چۆن هاتووە. ئەو دەنگە زۆربەی جارەکان، بە تایبەتی، لەو شوێنانەی وشە دێت کە بیردۆزەکەی دێ ساوسور دەڵێ (دەبێ دەنگێکی زێدەی نەناسراو) لەو شوێنە هەبوو بێت. هیندۆ-ئەوروپی ناسی پۆڵۆنی جێرزی کوریلۆ ڤیچ، Jerzy Kurylowicz ساڵی ١٩٢٧ زایینی، توانی بۆ یەکەمین جار ئەو پەیوەندییە دەربخات، کە لە نێوان دەنگی(h، ه)ی هیتی و، دەنگە کۆنسونانتە نەزاندراوە، پێشنیارکراوەکەی دێ ساوسوردا هەیە. ئێستا بەڵگەی زۆر و سەلمێندراو لەبەردەستن، کە دەری دەخەن، وشە دیسان داڕێژراوەکانی وی، کە لە سەر ئەو بنچینە و بۆچونە تازەیەی، دەنگە ونبووەکە کردوونی، زۆر ڕاست و گونجاون. تەنیا لە دوای ئەو سەلماندنەوە بوو، کە دەرکەوت ئەو دەنگە نەناسراوەی، کە سەری لە لێکۆڵەرەوان شێواند بوو، لە ڕاستیدا دەنگێکی گەرووییە.

هەر ئەو شێوە دەنگە، لە گەروو دەرچووەش بوو، وای کرد تا بیردۆزەکە بە (لارینگال، Laryngal) ناو ببرێت. ناوەکە لە وشەی گریک (Larynx، لارینکس)ەوە هاتووە بە واتای (گەروو، ئەوک، قورگ).

سێ دەنگە بزرەکەی گەروو

دوای تویژینەوەی زۆری شارەزایان و، مشتومڕێکی زۆری دیش، کە هێشتا هەر بەردەوامە و نەبڕاوەتەوە، ئێستا وا دەرکەوتووە کە لە زمانی PIEدا، سێ دەنگە گەروو، یان لارینگال هەبووە. (هەندێک لێکۆڵەر، ئەم ژمارەیە دەکەن بە چوار. هی واش هەن، کە بیر لە دەنگی پێنجەمیش دەکەنەوە. بەڵام تا ئێستاش بە باوەڕی زۆربەی لێکۆڵەرەوان، سەلمێندراوە کە هەر سێ دەنگی لارینگال ستانداردە). ئەو سێ دەنگەش، وەک لەبواری لێکۆڵینەوەدا باوە، بە شێوەیەکی سادە و ساکار، ژمارەیان بۆ دانداوە (/ $h_1$ , $h_2$ , $h_3$ ١ه. ٢ه. ٣ه). ڕفتاری ئەو دەنگانە ئەوەیە، کە دەنگی پیتێکی بزوێن، یان ڤاولێکی پێش خۆیان درێژ دەکەنەوە. زۆر جارانیش، دوای ئەوەی کە کاریگەریی بە سەر وشەکەوە بەجێ دەهێڵن و، دەنگی ڤاوڵەکان درێژ دەکەنەوە، وەک ئەوەی کە ئەرکی خۆیان بەجێ گەیاند بێت، خۆیان کاریان نامێنێت و، لە زمان و گۆکردن دەکەون. هەروەک بە یەکجاریی، لە پەیکەرەی وشەکەش

ون دەبــن. (ئەو دیــاردەیە، تــا لە زمــانە زینــدووە هینــدۆ- ئەوروپییەکـــانیش هەر وایە و، زۆر جـــاران لارینگالەکـــان، دوای بەجێگەیانــدنی ئەرکــی زمــانەوانی خۆیــان، دەکەون و نـامێنن، یـان ڕاسـتترە کـە بڵێـین کـەوتـوون و نـەمـاون. ( لەو ســێ دەنــگەh،ه)انەی ســەرەوە، هەردوو دەنگــی دووەم و ســێیەم، تایبەتمەنــدییەکی دیــشیان هەیە، ئەویــش بــریتییە لە گــۆڕینی دەنگــی، یــان ڤــاوڵی کــورتی (ێ ،e) بــۆ جــۆرە دەنگێکــی دی، یــان ڤــاوڵێکی دی جیــاواز. دەتــوانین ڕوونتــر بڵێــین کە ($h_2$)دەنگــی (ێ، e،) بـۆ دەنگـی (- ە ،a) دەگۆڕێـت. ($h_3$)یـش هەمـان دەنگـی (ێ، e،) بـۆ دەنگـی (ۆ، o) دەگۆڕێـت. هەر بەم جــۆرە، لە زۆرێــک لەو زمــانە هینــدۆ- ئەوروپیــیە هاوچەرخـانەی کە مـاون، پەیوەنـدی دەنگـی کـۆنی، لە جـۆری ($eh_2$)، بە کـورت و کرمـانجی، بـۆ ڤـاوڵی، یـان بزوێنـی (-ە، a ) دەگۆڕێـت. بـۆ باشـتر تێگەیـشتن، پێویـستیمان بـە نمونـەی خۆمـاڵی هـەیـە. مـن بـۆ ئـەمـە، وشـەی کـوردی (بەی) بە نمـونە دێـنمەوە. وشـەکە لە زمـانی هاوبـەشـماندا، واتـا لـە PIE، بە شـــێوە ی ($beh_2\bar{e}$)، یـــان (بێهـــێ) دیـــسان دارێـــژراوەتەوە. دەنگــی کپــی ($h_2$، ٢٥) کــار لەســەر ڤــاوڵی (ێ، e) ی پــێش خـۆی دەکـات و، بە جـۆرێکی دی ڕەنگـی دەخـاتەوە بەر. واتـا (ێ، e) بـــۆ (- ە ، a) دەگۆڕێـــت. بـــەم جـــۆرە وشـــەکە

دەبێتە (bah₂e، بەهێ). دواتر، وەکو گوتمان، زۆر جاران دەنگە کپە کۆنسونانتەکە، (پاش ئەوەی کە کاری خۆی دەکات)، خۆی لە گۆکردن دەکەوێت و نامێنێت. لێرەشدا، لەو نمونەیەماندا هەروایە. واتا دوای کەوتنی دەنگە کپەکە، هەر (بەیێ، bae) دەمێنێتەو. بەڵام لە کوردیدا، چ لەم وشەیە و، چ لە زۆر نمونەی دیش، زۆر جاران دەنگە کپە کۆنسونانتەکە، شوێنەواری هەرماوە و، هێشتاش بەکاردێت. بۆ نمونە لە جیاتی (بەی)، هێشتا زۆر جار (بەهێ، bahe) مان بەر گوێ دەکەوێت. ئەگەر ئەم جارە لە نمونەیەکی دیدا، شوێنی (h₂، ٢ە) بگۆڕین. واتا ڤاوڵی (ێ،e)، پێش (h₂) بخەین، واتا بە شێوەی .(eh₂) لەم بارەشدا، ئەوا دیسان دەنگە کپە کۆنسونانتەکە دەکەوێت، بەڵام ئەمجارە ڤاوڵی کورتی (ێ)، بۆ ڤاوڵی درێژی (ئا ، a) دەگۆڕێت. وەک لە وشەی (بارام)، کە بەشێوەی کۆنی (beh₂,rām ، بێهرام) دادەڕێژرێتەوە. وشەکە دواتر بۆ (bah₂,ram) گۆڕاوە، هاوکات دەنگە کپەکەی (h₂)، دوای کۆتایی هاتنی کارەکەی، لادەچێ و، وشەی (bārām، بارام)مان بۆ دەمێنێتەوە. هەر بە هەمان شێوەی ئەو دوو نمونە کوردییە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕەگی دیسان داڕێژراوەی PIEی وشەی (دان-) یش، نابێت لەبنەڕەتدا (-

(dōبووبێـــت، بەڵکـــو ڕەگەکە (deh₃ -)بـــووە. بـــاری، یـــان گەردانـــــی ڕانەبـــــردووی کـــــرداری (دان)، کە لە کوردیـــــدا (دەدەم)ە، لە زمـــــانیPIE، وەک کە (بیکــــێس، Beekes) بە گـــــوێرەی بیـــــردۆزەی لارینگــــال، دیــــسان دایڕشــــتۆتەوە، بـــۆتە(/de-deh₃-mi دێ - دێە ٣ – مـــی). دەنگـــی لارینگـــالی (h₃)، دەنگــــی ڤـــاوڵی( ێ،e) ی پـــێش خـــۆی، بە گـــوێرەی بیـــردۆزەکە، بـــۆ (ۆ، o) دەگۆڕێـــت و، بـــەم جـــۆرە وشـــەکە دەبێـــــتە(de - doh₃-mi، دێ، دۆە ٣ – مــــی). وەک دەرمـــــان خـــستووە، دواتـــر دەنگـــە لارینگـــالەکە خۆیـــشی دەکەوێـــت و نامێنێـــــت. وەک نـــــزیکەی لە زۆربەی زمـــــانە هینـــــدۆ- ئەوروپییەکــــان وایە و کەوتـــــووە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشـــــە، وشـــەی کـــوردی (دەدەم لە زمـــانی گریکیـــدا بـــۆتە( دیـــدۆمی، di-dōmi) کاتێـک کە یەکێـک لە دەنگەکـانی سـێ لارینگـالەکە، لە نـــاو پەیـــکەرەی وشـــەیەکدا، بە تەنیـــا دەکەوێـــتە نێـــوان دوو دەنگـــی کپـــی کۆنـــسونانت، ئەوا لەو بـــارەدا، بەگـــشتی لە زمـــانە هینــــدۆ- ئەوروپییەکانــــدا وایە، کە ئەو دەنـــگە لارینگــــالە، زۆربەی جارەکـان بـۆ دەنگێکـی بـزوێن، یـان ڤـاوڵی سـەربەخۆ دەگۆڕێـــت. ئەم بـــارە لە زمـــانی کوردیـــدا، دەکرێـــت لە زۆر وشـــەدا ببینـــدرێت. ئـــێمە وەکـــو نمـــونە لە زمـــانی کـــوردی، ســـەیری وشـــەی(کـــۆن) دەکەیـــن. وشـــەکە لە بنەڕەتـــدا لە ڕەگـــی

وشـــەی پرۆتـــۆی(keh₃-n کـــێهن-)ەوە گـــۆڕاوە. ئەمەش بە گـــوێرەی ئەم بـــڕگەیەی بیـــردۆزەی لارینگـــال، دیـــسان داڕێـــژراوەتەوە. واتـــا دەنگـــی لارینگـــالی کۆنـــسونانتی(h₃)، دەنگـــی بـــزوێن یـــان ڤوکـــاڵی (ێ)ی پـــێش خـــۆی، بـــۆ (ۆ، o) گۆڕیـوە، یـان بـە زمـانێکی هێشتا ڕوونتـر، دەنگـە لارینگالـەکـە، خـۆی کەوتـووە و، شـوێنەوارێکی بە شـێوەی (ۆ، o) لەپـاش بەجـێ مـاوە. ئەمەش ئەوە دەردەخـات کە، چـۆن وشـەکە دەبێـتە (کـۆن)، هەروەک لە زمـانی کوردیـشدا هـەروایە. خۆشـبەختانە، لە زمـانی فارسـیدا، هێـشتا شـوێنەواری چـاوگە بنەڕەتیـیە کـۆنەکەی وشـەی (کـۆن)، بە گـۆڕانێکی کەمەوە مـاوە، کە (کـوهنە) یە. ئەمەش خـۆی لەخۆیـدا، گەواهـی ئەو گـۆڕانە دەدات، کە لە کوردیـدا بەسـەر وشـەکەدا هـاتووە. ئێـستا بـا لە زمـانی گرێکـی کلاسـیکدا، سـەیری نمـونەیەک بکەین.

ئەو وشـە گـرێکیە بـریتیە لە(dotos دۆتـۆس)، بە واتـای (دراوە، داویەتـی، دایتـی)، بـە گـوێرەی بـارەکـانی گـەردان بـوونی. ئـێمە پێـشتر ئاماژەمـان بـۆ ئەوە کـردووە کە ڕەگـی وشـەکە لە PIE دا، بـریتییە لە(.-deh₃ دێـە٣) کاتێـک کە دێـین و ڕەگەکە دەخەیـنە سـەر (ئاسـتی هـیچ)، یـان وەک دەشـکرێت پێـشی بلێـین، ئاسـتی (بـێ بـزوێن، یـان ڤـاوڵ). چـونکە بە گـوێرەی ڕێـسا ڕێزمانییەکـانی زمـانی پرۆتـۆ هینـدۆ-

ئەورووپـــی، وەک زووتـــریش لێـــی دواویـــن، بـــاری وشـــەی (دراوە) دەبێـت لە (ئاسـتی هـیچ)ی بـێ ڤـاوڵی دابێـت. کەواتە دەنگـی(e ، ێ)، لە ڕەگەکە بـزر دەبێـت و دەکەوێـت. وشـەکـە بە شـــــێوەی(-dh₃، دە٣-) دیـــــسان دادەڕێـــــژرێتەوە. گەر دیـــسان ســـەیری وشـــە گـــرێکییەکە بکەیـــنەوە، دەبینـــین لە هەمـان ڕەگ و پاشـگرێک پێـک هـاتووە. واتـا ڕەگـی(-dh₃) و پاشـــگری ناســـراوی گرێکـــی .to – s - تـــۆ- س. کەواتە وشـــە گـــرێکییەکە، جـــارێکی دی، بە شـــێوەی(dh₃-tos، دە – تـــۆس) دادەڕێـــژرێتەوە. ئـــا لێـــرەدا ســـەیری ئـــەوە دەکەیـــن کـــە، لارینگـالی(h₃)، بە تەنیـا کەوتـۆتە نێـوان دوو دەنگـی کـپ و کۆنـسونانتی(د/d/، ت/t/) بەگـوێرەی هەمـان ڕێـسای پێـشووی بیـردۆزەی لارینگـال، دەنـگە لارینگـالەکەی(h₃)، لە پـەیکـەرەی وشـــەکە دەکەوێـــت، بەڵام لە شـــوێنی خـــۆی، ڤاوڵێـــک یـــان دەنگێکـی بـزوێن بەجـێ دەهێڵێـت. لێـرەدا چـونکە لارینگـالەکە (h₃)یە، ئەوا دەنگـــی ڤـــاوڵەکە دەبێـــت ببێـــتە (ۆ،o) بەمەش وشـــەکە دەبێـتە (دۆتـۆس، dotos) ئەمەش ڕێـک هەر هەمـان وشـــەیە، کە بەو شـــێوەیە لە زمـــانی گرێکـــی پـــارێزراو. ئەو دەنـگە ڤـاوڵەی، کە جێگـای لارینگـالەکە دەگـرێتەوە، لە هەر زمانێـــک و، بە گـــوێرەی لارینگـــالەکە دەگۆڕێـــت. هەر لە ڕوانـگەی ئەم چـۆنیەتی گۆڕانەشـەوەیە، کە تێـدەگەین بـۆچی،

لە زمـــانی لاتینیـــدا، وشـــەی دراو، بە شـــێوەی (داتـــوس، datus) گۆدەکرێــت. وشـــەکە لە زمـــانی لاتینـــی، چـــونکە لارینگـال(h2)ی تێـدا بـووە، بـۆیە دەبینـین ڤـاوڵەکەی پێـشی بـۆ (ا، a) گـــۆڕاوە. گەر نەختێـــک بـــۆ دوواوە بگەڕێیـــتەوە، دەبینیــت کە لە زمــانی سانــسکریتیدا، دەنگــی ڤــاوڵەکە بــۆتە (ی، i) و بەمجــۆرە .لارینگــالی (h2)کە لە لاتینــی دەبێــتە (ا،a ) لە سانــسکریتیدا بــۆ (ی، i) دەگۆڕێــت. کەواتە گــۆڕانی دەنگــی بزوێنەکــان بە هــۆی لارینگــالەوە، لە زمــانە جیاوازەکــان، یــان بنخێزانــە زمانــەکانــدا، وەک یەک نــابن. ئــەمــەشــە کــە بۆتــە ســـەرەتــای جیــاواز دەرکــەوتنــی، گــۆکردنی وشـــەی ڕەگ هاوبەش، لە زمانە هاوچەرخەکانی هیندۆ- ئەورووپی.

ئەو ڕوونکــردنەوانەی ســەرەوە، ئەمەشــمان بــۆ دەردەخــەن، کە بــۆچی وشــەی (پیــر)، کە لە لاتینـی بـۆتە(pater پـاتێر). لە گریکـــی(pat□r، پـــەتێێـــر). لە گـــۆتیش( fadar)، فـــادەر)، کەچـی دەبینـین لە سانـسکریتیدا بـۆتەpitr، پیتــر،کە (پیــر)ی کـــوردیش، لە هەمـــان (پیتـــر)ەوە گەشـــەی کـــردووە، و بە گــوێرەی ڕێــساکانی گــۆڕانی دەنگــی کــوردی، دەنگــی (ت)ی نــاو وشــەی (پیتـر) ســواوە و کەوتــووە و، هەر پیـر مـاوەتەوە. تــوێژەرەوان ســـەرنجی ئەوەیــان داوە کە دەنگــی(a)ی وشـــەی pater هــەروەهــا fadar و.. تــاد. لە سانــسکریتی بــۆ(I)،( ی) گـــۆڕاوە و، بـــۆتە پیتـــر. ئەمە ســـەرەڕای ئەوەشـــە، کە

سانسکریتی، لای تویژەرەوان، بەو زمانە دەناسریتەوە کە هەروەک ئاڤێستایی، دەنگە ڤاولەکانی دیش، هەر بۆ (a) دەگۆڕێت و، وشەکانی زمانەکە، پڕاوپڕە لەو دەنگە جیاوازە. ڕەگی بنەڕەتی PIE ی وشەی پیر، دەبێ بێ چەندوچوون، (ph₂ter) بێت، چونکە تەنیا لارینگالی (h₂)ە، کە لە سانسکریتیدا، لە نێوان دوو کۆنسونانت هەڵدەکەوێ و، دەنگی ڤاوڵی (ی i) لە شوێنی خۆی بەجێدێڵێت. هەر لە ڕێگای بیردۆزەی پڕ بایەخی لارینگالەوە، دیاردەیەکی دی ئاڵۆز، کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی گونجاوی بۆ نەبوو، چارەسەر کرا. ئەو دیاردەیە، بۆ یەکەمجار لە زمانی گریکی تێبینی کرا. بەڵام دیاردەکە لە زمانی کوردی هێشتا بەرفراوانترە، بۆیە تێگەیشتنی بۆ شارەزایانی زمانەوانی ئێمە، لەڕادەبەدەر سوودی زۆرە. تویژەرەوان زۆر زوو تێبینی ئەوەیان کردووە کە، هەندێک وشەی گریکی، لە ڕێگا دەردەچن و، ملکەچی ڕێساکانی گۆڕانی دەنگ نابن.

ئەمەش یەکەمین جار لەوەوە دەرکەوت، کە وشەی لەمجۆرەی گریکی، لە هەمان وشەی هاوڕەگی خۆی ناچێت، کە لە زمانە دەستە خوشکەکانیدا دەبیندرێن. یەکێ لەو نموونە زەق و دیارانە، وشەی گریکی هاوڕەگی وشەی (ددان، دان)ی کوردییە. وەک دەبینین و دەتوانین تێبینی بکەین، وشەکە لە کوردیدا، بە دەنگێکی کپ و کۆنسۆنانت

دەســـتی پێکـــردووە. کاتێـــک کە وشـــە کـــوردییەکە، لەگەڵ هاوشـــێوەکانی دی، لە زمـــانە هینـــدۆ - ئەوروپییەکـــانی دی بەراورد دەکەیـــن، دیـــسان هەمـــان بارمـــان بـــۆ دەردەکەوێـــت. ددان لە زمـــانی ئاڤێـــستایی، پێـــی دەگوترێـــت دەنـــتە danta. بە پەهـــلەوی دەنـــدان dandān. بە سانـــسکریتی پێـــی دەگوترێـــت (دانـــت dant) بە فارســـی( دەنـــدان). بە لاتینـــی (دێنـــت، dent) لە ســـوێدی (تانـــد، tand و.. تـــاد. کەچـــی وشـــەکە لە گریکیـــدا، ســـــــەرەڕای ئەمەش کە زەق دیـــــــارە، لە هەمـــــــان ڕەگەوە هـــاتووە، بەڵام دەســـتپێکەکەی، لادانێکـــی زۆر زەقـــی لە ڕێـــسا گـــشتییەکان لـــێ دەبینـــدرێت. وشـــەی ددان لە گریکـــی، بە دەنگێکـــی بـــزوێن، یـــان ڤاولێـــک دەســـت پـــێ دەکـــات و، بـــۆتە (ئۆدۆنـــــت، odont) جـــــاران شـــــارەزایان و لێکـــــۆڵەرەوانی بـــواری زمـــانە هینـــدۆ- ئەوروپییەکـــان، بە سەرســـوڕماویەوە دیاردەکەیـــان وەرگـــرت بـــوو و، واشـــیان دانـــا بـــوو کە زمـــانی گریکـــی، لە هەبـــوونی یـــان دانـــانی ڤـــاوڵی (دەســـتکرد و دروســـتکراو)ی بەدەر لە ڕێـــسا گـــشتییەکان، و دانانیـــان لە ســـەرەتای وشـــەی بە کۆنـــسونانت دەســـتپێکردوو، خـــاوەنی تایبەتمەنـــدییێتی خـــۆیەتی و، لە زمـــانە دەســـتە خوشـــکەکانی دی ناچێـــت. ئەم بـــارە نادیـــارە هەروا مـــایەوە، تـــا بیـــردۆزەی لارینگـــال کەوتە بـــواری بەکارهێنـــانەوە. ئیـــدی ئەو مەتەڵەش، لە ڕێگـــای پیـــادەکردنی بیـــردۆزەکەوە هەڵهێنـــدرا و، چارەســـەر

کـــرا. ئەو ڤـــاولانەی هەروا لە پێـــشەوەی وشـــەی، بە گریمـــان بە کۆنـــسونانت دەســـــتپێکردوو دێـــن، لە لایەکەوە تـــاییبەت بە زمـــانی گریکـــی نـــین، لە لاکەی دیـــشەوە، هەروا لەخۆیـــانەوە و بەرێـــکەوت، نەکەوتـــوونەتە ســـەرەتای وشـــەی لەو جـــۆرەوە. هەروەک کە جـــاران واش دەزانـــدرا، بـــێ رێـــسا و یاســـان، راســت دەرنەچــوو.ئەمــانە پاشــماوەی دەنگــی بــزوێن و، ڤــاوڵی پوکـــــاوەی راســــتەقینەش نـــین، وەک پێـــشتر هەنـــدێ لە تــوێژەرەوان وایــان دانــا بــوو، چــونکە دیــاردەی لەو جــۆرە، لە هەنـــدێک زمـــانی دیـــشدا هەیە. راســـتییەکە ئەوەیە کە، ئەو وشــانەی جێمەبەســتی ئــێمەن، کە ڤاوڵیــان لە پــێش دادێــت، لە بنەرەتــدا، بە دەنگــی لارینگــالی دەســتیان پــێ کــردووە و گــۆ کـــراون. وەک یاســـای لارینگـــالیش پێمـــان دەڵێـــت، دەنـــگە لارینگـــالەکە، دوای تەواوکردنـــی ئەرکـــی خـــۆی، کەوتـــووە و، شــوێنی خــۆی بــۆ بــزوێن، یــان ڤاولێــک بەجــێ هێــشتووە. گەر بە گـــوێرەی لێکـــدانەوەکانی رێـــسای ئەم بیردۆزەیـــە بێـــت، وشـــەی (دان) لە گرێکیـــدا، بریتـــی بـــووە لە (هـــدۆنت h3dont) بەڵام دەنگــی لارینگــالی (h3)، پــێش نەمــان و کەوتنــی، بــۆتە هـــۆی هـــاتنە کـــایەی ڤـــاوڵی (ۆ،o) هەر بۆیەشـــە وشـــەکە، بە شـــێوەی ئۆدۆنـــت،odont لە گرێکـــی مـــاوەتەوە. خۆشـــبەختانە لە زمـــانی کـــوردی، هێـــشتا نمـــونەی زینـــدووی وشـــەی لەو جۆرەمـــان هەن. مەبەســـتمان لە دەربڕینـــی "زینـــدوو" ئەمەیە،

کە وشـــەی لەوجـــۆرەی کـــوردی، بە هـــۆی ئەوەی کە لە پتـــر لە زاراوەیەکـــی زمـــانی کـــوردی بوونیـــان هەیە، زاراوەکـــانیش ئاســـت و قۆنـــاغی گەشـــەکردنیان لێکجیـــایە، بـــۆیە دەکرێـــت هاوکـــات وشـــەکە، لە دوو قۆنـــاغی گەشـــەکردنی لێکجیـــا ببینـــین و، بەراوردی گۆڕانەکانیـــان لـــەگـــەڵ یـــەکـــدا بکەیـــن. یەکێـــک لەو نمـــوونە دیـــارانە، هاوواتـــای جێنـــاوی (ئێـــوە)یە، لە زاراوەکـــانی کـــوردی. لە بـــادینی، ئێـــوە پێیـــدەگوترێت (هنگـــۆ). هەمـــان وشـــە، لە ناوچەکـــانی هەولێـــر بـــۆ (ئەنگـــۆ) گـــۆڕاوە. ئەگەر بێـــین و وشـــــەکە دیـــسان دابڕێـــژینەوە، ئەوا بە گـــــوێرەی بیـــــردۆزەی لارینگـــال، یەکەم شـــیوەی وشـــــەکە (هنگـــۆ، h3ngo) بـــووە. بەمجـــۆرە لە ســـــەرەتادا، کۆنـــسونانت یـــان لارینگـــالی(h2)، لە پێـــشەوەی وشـــەکە بـــووە، دوای کەوتنـــی دەنگـــە گـــەروویـــەکـــە، لە دوای خـــۆی، دەنگـــی ڤـــاوڵی (ێ، e) ی، بە گـــۆڕاوی بـــۆ (-ە، a) بەجـــێ هێـــشتووە. واتـــا وشـــــەکە لە قۆنـــاغی بەر لە کەوتنـــی لارینگـــال، بە شـــێوەی (h2-ango)دەرکەوتـــووە. تـــا بە دوا شـــێوەی گەیـــشتووە، کە (ئەنگـــۆ) یە، بەبـــێ لارینگـــال. هەر بە هەلـــی دەزانـــم ئامـــاژە بـــۆ ئەوەش بـــکەم کە، وشـــەی (ئەمـــن) یـــش، کە هاوواتـــای (مـــن)ە، بە هەمـــان قۆناغـــدا تێپـــەڕیـــوە. جێگـــای ســـەرنجە، کە جێنـــاوی (ئەمـــن)، نەک هەر لە کـــوردی بە گـــشتی، بەبـــێ بـــزوێن و ڤـــاولە بە شـــێوەی (مـــن)، بەڵکـــو لە هەمـــوو زمـــانە دەســـتە خوشـــکەکانی کـــوردیش، هەر بـــێ ڤـــاولە.

لە ئاڤێستایی مەنە، .manaلە پەهلەوی مەن، .man فارسی مەن. سویدی مین، min، بۆ خاوەنداریتی کەسی یەکەمی تاکە، هەروەک وشەی ئینگلیزی مای، my بە هەمان واتای خاوەنداریتی بەکاردێت. لە زمانی ڕووسی منێ، mné و مۆی، moi و ... تاد.کەواتە ڤاولی پێشەوەی، شێوە جێناوی کوردی (ئەمن)، تەنیا پاشماوەی کاریگەری لارینگاله و ماوەتەوە. هەر بە هەمان پێودانگ، جێناوی (ئێمە) دەبێ شێوەی قۆناغێکی زووتری شێوە جێناوی (مە) بێت، کە هێشتا لە زاراوەی کرمانجی کوردی (مە) بەکاردێت. لە فارسیشدا (ما) یە. کەواتە لەم وشەیەشد، ڤاولی(e ،ئێ) پاشماوەی کاریگەری لارینگاله. لەبەر کەمی شوێن و زۆر دوور نەکەوتنەوە لە کرۆکی بابەتەکە، ناماوێ بچمە ناو وردەکاریەکانی کاری لارینگالەکان، لەسەر ئەو دوو وشەیەی سەرەوە. لەو دوو جێناوەی پێشووش هێشتا سەرنجراکێشتر، جێناوی (ئەو)ە لە کوردی و، لە فارسیشدا (ئو)، کە لەگەڵ هاوشێوەی جێناوەکە، لە زمانە دەستە خوشکەکاندا دوور کەوتۆتەوە. ئەم وشەیەش بە هەمان شێوەی وشەکانی دی، ڤاولی لە پێشدا ماوەتەوە. بێ ئەوەی بچمە ناو وردەکارییەکانەوە، دەڵێم وشەی (ئەو)، زووتر بە بێ کاریگەری لارینگال و بوونی ڤاول،(هو،hu) بوو. ئەو شێوەیەی وشەکەش، پتر لە

هەمـــان جێنـــاو دەچێــت لە زمـــانە دەســـتە خوشــکەکانی دی. وەک: ئینگلیــزی (هـــی، he) ســـویدی (هـــان، han) و ڕووســـی (ئـــۆن،on) و هیــدیش. بە هەمـــان شـــێوەی بـــوونی لارینگـــالی ($h_2$) لە وشــــەی (هنگـــۆ– ئەنگـــۆ)دا، درەنگتـــر تـــویژەرەوان، هەر لە ڕێگـــای بیـــردۆزەی لارینگـــالەوە، بۆیـــان دەرکەوت کە هەنـــدێک لەو وشـــە دیـــسان داڕێـــژراوانەش، کە ڤـــاوڵی (- ە، a) یـان تێـدایە، لە ڕاسـتیدا لارینگـالی ژمـارە (٢)، یـان($h_2$)یـان تێـــدابووە، لە گـــەڵ ڤـــاوڵی(e، ێ). ئەو لارینگـــالە، دەنگـــی ڤـاولەکەی بـۆ (- ە ، a،) یـان (ئـا) گۆڕیـوە و، خۆیـشی وەک چـاوەڕوان دەکرێـت، لە پەیـکەرەی وشـەکە کەوتـووە. یەکێـک لە وشـە ناوەنـدی و ناسـراوەکانی ئەم بـوارە، وشـەی (پـاس)، یـان (پاسـکردن)ە، کە لە زمـانی کوردیـدا چەنـدان وشـەی دی وەک (پاســەوان) و (پاســداری)ی لــێ دروســتکراوە. هەمـــان وشـــە لە فارسیـــشدا دەبینـــدرێت. دیـــسان هەمـــان وشـــە لە زمـــــانی لاتینــــــی، بـــــۆتە بەدیهێنـــــانی وشـــــەی ئـــــاینی (پاســـتۆر،pāstōr)، کە لە بنەڕەتـــدا واتـــای شـــوان، یـــان پاســـــەوان دەگەیەنێـــــت. وشـــــەکە لە سانـــــسکریتی بە شـــــێوەی(pā، پـــــا) و(pās، پـــــاس) مـــــاوەتەوەوەک لە شـیکردنەوەی نـاوی (سـەگ)یـشدا دەبینـین، کـە بە هـۆی کـاری (پاسـکردنەوە)، سـەگ لە چەنـد زمانێکـدا، ئەو سـیفەتەیەی بـۆ بـۆتە نـاوی کـارا. وەک: لە زمـانی سـێربی (پـاس، pas) واتـا

سـەگ. لە کـرواتیش هەر (پـاس، pas) پۆلـۆنی (پیـێس، pies) هەروەک چیکـی و سـلۆڤێنی و سـلۆڤاکیش نـاوی لەوجۆرەیـان بـۆ سـەگ هەیە. ئەوەی لێـرەدا هاوبەشـە لە نێـوان هەمـوو ئەو زمانـانەدا، هەر هـاورەگی و لەیەکچـوونی زۆری شـێوە و واتـای وشـەکان نـیە، کە دڵنیـاین هەمـووی هەر یەک بـووە، بەڵکـو شـتێکی دی سـەرنجڕاکێش لەبـواری ڕێزمـانی ئەوەیە، کە وشـەکە لە هەمـوو زمانەکانـدا، ڤـاوڵی درێـژی (ئـا، a) ی تێدایە، هەرچەنـدە ئەو ڤـاول یـان بـزوێنە، بە باشـی و ڕوونـی، شـوێنی لەنـاو دەسـتەی ڤاولگۆڕییەکـانی زمـانی هاوبەشـی پێـشومان، واتـاPIE، نەبـۆتەوە، یـان وا دانـدراوە کـە لـەو زمانـەدا نـەبـووە. کێـشەی دەرکەوتنـی ئەو ڤـاولە درێـژەیەی (ئـا)، لە نـاو پـەیکـەرەی وشـەی (پـاس)، هەروا بە نەزانـدراوی مـایەوە، تـا دەقەکـانی زمـانی هیتـی خوێنـدرانەوە. لە دەقە نوسـراوەکانی زمـانی هیتیـدا، بۆمـان دەرکەوت کە کـردار- *+ە کە بە شـێوەی(pahszi، پاهـستی) نووسـراوە، کـە کـردارە و بە واتـای (پاسـی کـرد، پاراسـتی) بەکارهـاتووە. ڕەگـی وشـە هیتییەکە (پـاهس- ، -pahs)ە. لێـرەدا بـۆ یەکەمجـار زۆر بە ڕوونـی دەرکەوت، کە دەنگـی ڤـاولە درێـژەکەی (ئـا، a) لە پـێش لارینگـالەکەوە (h) هـاتووە. ئێـستا ڕەگـی هەمـان وشـە هیتییەکە، بە شـێوەی (-s $peh_2$، پـێە ٢ – س) دیـسان داڕێـژراوەتەوە. کاتێـک کە لارینگـالی($h_2$)،

لەو ڕەگە دەکەوێـــــت، ئەوا دەنگـــــی ڤـــــاوڵی (ێ، e) ش، لە دوای خــۆی بــۆ (ئـــا، a) دەگۆڕێــت. هەرلەبەر ئەمەشـــە کـــە وشـــەکە، بە (پـاس، pas) گــۆ دەکرێــت. هەروەک لە کــوردی، لاتینی، فارسی، سانسکریتی و زمانانی دیش هەروایە.

مـن کاتێـک کـە سـەرقـاڵی نووسـینی ئـەم بابـەتـە بـووم، بە دوای نمـونەی هێـشتا خۆمـاڵی تـر دەگەڕام تـا بتـوانم باشـتر خوێنـەری ڕانـەهـاتوو لـەسـەر بابـەتـەکـە تـێ بگـەیـەنم. وا ڕێک کەوت کـــە ڕۆژێــک، خەریکـــی گفتوگـــۆ و دوان لەگەڵ لاوێکـــی (ئـــامەدی) بـــووم. ئەو لاوە تەنیـــا لە مـــاوەی چەنـــد خولەکێکـــدا دوو نمـــونەی زۆر جـــوانی لە زاراوە شـــیرینەکەی (ئـــامەدی) لە دەم دەرپەڕی و، منـــیش زوو تۆمـــارم کـــردن. ئەو لاوە، بە ژمـــارە (چـــوار، چـــار)ی دەگـــوت (چعـــار). دەنگـــی لارینگـــالی (ع)، کە لە بنەڕەتـدا (ە، h) بـووە و، وەکـو لـە دەیـان وشـەی دیـشدا دەبینـین، لە ژێـر کـاریگەری چەنـد هەزار سـاڵی پـێکەوە ژیـان، لەگەڵ گەلانـی زمـان ئـافرۆ- ئاسـیایی، یـان سـامی، وەک (ئاشـوری، کلـدانی بـابلی، ئـارامی و عـارەبی)، گـۆڕانی بەسـەر داهـاتووە. کەواتە گەر وشـــەکە دیـــسان دابڕێـــژینەوە، دەبینـــین دەبێـــتە (r- $čeh_2$ چـــێە - ر)، بەڵام لارینگـــالی($h_2$)، لەگەڵ کەوتنیـدا، دەنگـی ڤـاوڵی (ێ، e) شـــی، بـــۆ (ئـــا، a) گۆڕیـــوە. بۆیەشـــە وشـــەکە دەبێـــتە(čar، چـــار)، کە لە شـــێوەکەی دی (چـــوار) کـــۆنترە. وشـــەی دووەم، کە هەر لە هەمـــان کەســـم

بیـست، بریتـی بـوو له (مەعـسی). لێـرەدا له پـێش لارینگـالەکه، بزوێنـــی کـــورتی(- ه، a) بەرچـــاو دەکەوێـــت. لام وایه ئەمه دواتـــر و، له ژێـــر کـــاریگەری (ئـــا، a ی ماســـی) گەڕاوەتەوە. کەواته داڕێـژراوەی وشـەکه لـه بنـەڕەتـدا(meh2–si، مـێه ٢ - سـی) بـووه و، دوای کەوتنـی لارینگـالەکه و گـۆڕانی دەنگـی (ێ، e) بـۆ (ئـا، a)، وشـەکه بـۆته(masi، ماسـی). هێـشتا وشـــەی دی لەم جـــۆره لـــه زمـــانی کـــوردی زۆرن، وەک (تەعـــل، تـــاڵ). تێبینـــی دەکەیـــن له وشـــەی له زمـــانێکی دی وەرگیراویـــشدا، ئەگەر دەنگێکـی نزیـک له دەنگەکـانی گەروو، له ناوەڕاسـتی وشـەکه بێـت، ئـاخێوەری زمـانی کـوردی، وەک دەنگـــی بـــه لارینگـــالی بـــوو، وەریـــدەگرێت وگـــۆی دەکـــات. ســـەرنج بـــدەنه وشـــه وەرگیراوەکـــانی قورئـــان = قورعـــان، هەروەهـــا ئەلئـــان = ئەلعـــان. بـــه پێچـــەوانـــەی زمانـــه هینـــدۆ-ئەوروپییـــه هاوچـــەرخـــەکـــانی دی، له زمـــانی ســـتانداردی کوردیـــدا، پاشـــماوەی زۆر دەنگـــی لارینگـــالی، هێـــشتا مـــاون، ســـەرەڕای ئەوەش که زمـــانەکه بەرەو ئەوە دەچێـــت که بیـــان کەوێنێـت و، له ســـەر زار و زمـــان نەیـــان هێڵێـــت. ئەمـــانەش هەمـــووی به پێـــڕەوی کـــردن له ڕێـــساکانی دەنـــگ گـــۆڕین، وەک له وشـــەکانی: دەهێڵـــێ = دیڵـــێ. دەهێنـــێ = دێنـــێ. بەه = بـــاش و زۆر زۆری دیـــش. کەچـــی له زۆر وشەشـــدا هێـــشتا لارینگـــال به تونـــدی دەســـتی له ئەوکـــی وشـــەکه گرتـــووه و

بەری نـــــادات وەک: دەهەژێ. دەهـــــارێ. دەهێـــــشێ. لە زاراوەی کرمانجیـدا، بـاری هێـشتنەوەی لارینگـال، لە ڕاسـتیدا هێـشتا بـاری ئاسـایی وشـەیە، جـا وشـەی ڕەسـەن و میراتـی بـن یـان وەرگیـراو. وەک: بەهـدینان. دهـوکێ. گـوننەهە و ... . لە فارسیـشدا، لارینگـال شـوێنی خـۆی بـاش پاراسـتوە. وەک: بیهـرام. بیهداشـت. دەهـگەدە. دەهـان .کەیهـان و زۆری دی.

## دەنگەکانی بەربڵاوی (ئا، ئە) لە زمانی کوردی

لێکـــۆڵەرەوان، بەدووری نــــازانن کە هەر لە ســـەردەمی هێـشتا زینـدوومانی زمـانی پرۆتـۆ هینـدۆ- ئەوروپیـیەوە، واتـا لە نێـوان ٥٠٠٠ – ٦٠٠٠ سـاڵ پـێش ئەمـڕۆ، یـان هێـشتا پتـر، ئـەو کاتـەی کـە هێشتا زمانـەکـە ئـاخێوەری هـەبـوون و قسەی پێـــدەکـــرا، ڤـــاوڵی (ێ، e) لە ڕەگـــی وشـــەی لەم جـــۆرە بە لارینگـال بـووانەدا، بـۆ دەنگـی، یـان ڤـاوڵی (ئـا، a) گـۆڕا بێت و گـــۆ کـــرا بێـــت. ئەمە بە هەر جۆرێـــک بـــوو بێـــت، بەڵام لە ڕوانـگەی فۆنێمـاتیکی و پێکهاتـەییـەوە، دەنـگەکە واتـا دەنگـی (ئـــا، a) تەنیـــا دەنگێکـــی گـــۆڕاوی (ێ، e) یە، کە لە بنەڕەتـــدا کەتـــۆتە پـــاڵ.($h_2$) ئـیمە پـێش ئێـستا، لە ســەر ناســەقامگیری دەنگـی (ئـا) لە زمـانە ئێرانییەکـان بە گـشتی و، زمـانی کـوردی بە تـــایبەت، نمونەمـــــان نیـــــشان دا. لێکۆڵینەوەکـــــانی زۆر زووش، لە ســـەر زمـــانە کلاســـیکییەکانی هینـــدۆ- ئەوروپـــی،

تێبینــی ئەوەیــان کــردووە کــە، دەنگــی (ئــا، a) لە زمــانی PIE دا، ڤــاولێکی نائاســایی بــووە. دەنگــی (ئــا) لەو زمــانە پتــر لە پێــشەوەی وشــە هــاتووە. لە خــشتەی ڤــاولە گۆڕاوەکانیــشدا، دەنگــی (ئــا) شــوێنێکی سروشــتی لەنــاو ڤــاولە کۆنەکــان وەرنەگرتــووە. کــەواتــە ئەمە دەنــگ و ڤاولەکــانی (یَ.e / ۆ،o) نە، کە لە زمـــانە کـــۆنە هاوبەشـــەکەدا، بنـــاغەی دەنـــگە ڤاولەکانیـــان پێـــک هێنـــاوە. لەم ســـەردەمەدا، زۆر لە تـــوێژەرەوانی پرۆتۆهینـــد- ئەوروپـــی، هـــاتوونەتە ســـەر ئەم بـــاوەڕەی کە زۆرێـــک لە دەنگەکـــانی (- ە، ئـــا، á، a) لە پرۆتـــۆ هینـــدۆ- ئەوروپیـــدا، لە ڕاســـتیدا دەنگێکـــی دی بـــوون و، بەو شـــێوەیە گـــۆڕاون. بە گومـــانی هەرە زۆر، لە دەنگـــی (یَ، e) وە، بۆ دەنگەکانی (- ە، ئا) گۆڕاون.

ژمـــارەی ئەو لێکـــۆڵەرەوانە هەرچـــی دێ و پتـــر دەبـــن، کە دێـــنە ســـەر ئەو بـــاوەڕە ڕادیکـــالەی، کە هەردوو دەنـــگ و ڤـاوڵی کـورت و درێـژی (- ە، ئـا)، وەکـو فـۆنیمی سـەربەخۆ، هەر لە بنەڕەتـــدا، لە زمـــانی زووی هینـــدۆ- ئەوروپیـــدا نەبـــوون. بەڵکـــو لە هەر کـــوێیەک ئەو دوو ڤـــاولە دەربـــکەون، ئەوا بەرەنجـــامی کـــاریگەری ڕاگواســـتن و کەوتنـــی لارینگالەکـــانن. هەمـــان پرســـیش، ڕووبەڕووی چارەنوســـی دوو ڤـاولە درێژەکـانی (یـیī /، وو ū /) دەبێـتەوە. هەرچەنـدە ئەو دوو ڤـــاولە درێـــژانە، لە لێکـــۆڵینەوە زوو و بەراییەکـــانی

هینــدۆ- ئەوروپیــدا، هەمیــشە بە ڤــاول دادەنــدران. وەکــو گوتمــان ئێــستا خەریــکە بە باشــی دەردەکەوێــت، کە زۆربەی ئەو دەنگــانەی ســەرەوە، بەرەنجــامی کــاری (iH) و (uH) ن. (لێــــرەدا مەبەســــتمان لە H بە پیتـــی گەورە، ئەمەیە کە، ئەو دەنــگە بــزرە، یەکــێکە لە ســێ جــۆرە لارینگالەکــانی کــە لــە ســەرەوەدا لێیــان دواویــن، بە یەکــسان و بــێ دیــاریکردنی ئەوەی کە مەبەســت کــامە جــۆرە. چــونکە هەردوو دەنگەکــانی (ی i /، و u /)، لە زمــانی PIE، لە ڕاســتیدا دەنگــی بە ڤــاول بــووی کــپ، یــان کۆنــسونانتن. یــان وردتــر بڵێــین شــێوەی ڤــاولە نوســراوەکانی، دەنــگە کۆنــسۆنانتەکانی (یــی، / yوو، /w) ن. هەر لەبەر ئەمەشــە کە هەنــدێک جــار گومــان بــۆ ئەمەش دەچێــت کە ئەو دوو ڤــاولە، درەنگتــر لە زمانــدا دەرکەوت بــن. ئــێمە پێــشتر گوتومــانە کە تەنیــا (ێ .e / هــەروەهــا ۆ o/) و، شــــێوە درێژەکــــانی ئەو دووانەش، بەشــــێکن لە ڤــــاول، یــــان دەنــگە بزوێنەکــانی زمــانی پرۆتــۆ هینــدۆ- ئەوروپــی. هەر ئەو چــوار شێوەیەشـــن کە، لە وشـــە پێکهێنـــان و دروســـتکردنی بارەکــانی وشـــە و گەردان بـــوونی کـــرداردا، بە شـــێوەیەکی بنەڕەتـــی و کاریگــــەرانـــە بەشـــدارن. بە گــــوێرەی ئەو بەرەنجــامە بێــت، دەتــوانین بڵێــین ڤاولەکــانی (- ە، ئــا، یــی، وو/و w, ū, Î,a, ā) هەر وەلاوە دەنێــین و، بە ڤــاوڵی بنەڕەتــی دانانــدرێن. بــۆ دەنــگە کــانی دیــش (ی، و i, u /،) دەڵێــین کە،

بــریتین لە دەنگــی خــزاوی (یــیy /، ووw /،) بــۆیە ئــەوانــەش ڤــاوڵی ڕاســـتەقینە نــین، بەڵام وەک ڤــاول دەردەکەون. ئەگەر ئەمە مەیــسەر بێــت، ئەوا ئــێمە سیــستەمێکی ڤــاوڵی جــوان و ڕاســـت و ڕەوانمــان بــۆ دەمێنێــتەوە، کە تەنیــا چــوار ڤــاوڵی تێــدایە (ێ، ۆ، یــێ ، ۆۆ). یــان بــە پیتــە لاتینیــەکــان(o, ،e ،ē، ō) نابێــت ئەوەشــمان لەبیــر بچێــت کە، بــارەکە هێــشتا لای تـــوێژەرەوان، هەمـــووی بەو لایەدا نەشـــکاوەتەوە، کە ئـــێمە لێــرەدا دەرمــان خــستوە. هێــشتا زۆر لە لێکــۆڵەرەوانی زمــانی هینـــدۆ- ئەروروپـــی کـــۆن هەن، کە پێـــداگرن لەســـەر ئەوەی دەنگی (- ە ، ئا) لە زمانی هاوبەشیPIEدا هەبووە.

لێکۆڵینــەوەیــەکــی تایبــەتــیم لــەســـەر دەنگــە بزوێنــەکــان لــە زمــانی پرۆتــۆ و،زمانــە هینــدۆ-ئەوروپیــە کلاســیکیەکــان ئامــادە کــردووە، بــەڵام لــەبــەر درێــژی بابــەتــەکــە، بــە ناچــاری بــەو شــێوەیـــەی ســـەرەوە کـــورتم کـــردەوە، هـــەرچـــەن دەزانـــم تێگــەیشتنی بــۆ خوێنــەری ڕانــەهــاتوو لــەســەر بابــەتــەکــە، گرانتــر بووە .

گـــۆکردنی دەنـــگە بزرەکـــان لە ســـەر چـــۆنیەتی گـــۆکردنی دەنگــی لارینگالەکــان لە وشـــەدا، دیــارە مــەبــەســتم وشـــەی زمــانی هاوبــەشــی ســەرەتاییمانــە، لێکــۆڵەرەوان لە تــاریکی دان و، نــازانن ئەو دەنگــانە چــۆن لەدەمــی باپیرانمانــەوە هــاتوونەتە دەرەوە. تــاکە زمــانێکی کــۆن، کە زۆر جــار لارینگــالی وەکــو

کۆنسونانتێکی سەربەخۆ پاراست بێت، ئەوا زمانی هیتییە. دیارە لەو زمانەشدا، ناتواندرێت لە چۆنیەتی دەنگ و گۆکردنی ئەو لارینگالانە دڵنیا بین. واتا نووسینی مێخی ئەو سەردەمانە، ناتوانێت ببێتە دەنگی تۆمارکراوی بە ئاسان بیستراو. هەندێک پاشماوەی لارینگال، لە زمانی ئەرمەنی دەبیندرێن. ئەو زمانەی کە لارینگالی بە زەقی تێیدا مابێتەوە، هەرکوردییە (کە هێشتا کەس لای بەلایدا نەکردۆتەوە و، زانایانی بواری هیندۆ- ئەوروپی ناسی، لێی بێ ئاگان.) لە زمانی فارسیشدا بوونی لارینگالەکان دیارن. وەک بینیمان، شێوەی سەرەکی گۆکردنی لارینگال، لە زمانی کوردی و فارسیدا دەنگی (ە، h) ە. بەڵام دەنگەکانی (ع) و، تا (ح) یش، لە کوردی دەبیندرێن، کە من لاموایە لە بنەڕەتدا هەر (ه،h) بووبن و، لە ژێر کاریگەری زمانە ناهیندۆروپییەکانی ناوچەکەدا گۆڕابن. با پتر بچینە ناو ئەو بابەتە، تا بتوانین بە بەرەنجامێکی ڕوونتر بگەین. لە زمانە کۆنەکانی هیندۆ- ئەوروپی، وەکو زووتریش گوتمان، تەنیا زمانە هیندۆ-ئەوروپیە ئەنادۆڵییەکانن، کە دەنگێکی دیاریان بۆمان بەجێ هێشتووە. لارینگالی ژمارە دوو و ژمارە سێ، لە زمانە ئەنادۆڵییەکان دەردەکەون و لەمەش پتر، وەکو وێنە دەنگیش، بە نووسینی مێخی لەسەر تابلۆکاندا دەرخراون. لە وێنە مێخییەکاندا، ئەو دەنگانە وا دەرخراون کە گەرووین. هەر ئەمەشە وای کردووە تا،

زانایـــان لەســـەر ئەوە ڕێـــک بـــن کە لارینگالەکـــان دەنگـــی گەروویـــین، لەبـــابەتی (خ، ه) و دەنگـــی دی نزیـــک لەمـــانە. بـــۆ ئەوەی بتـــوانین پتـــر لەســـەر ئەمە بـــدوێین، دەبـــێ هێـــشتا پتـــر لەســـەر زمانـــانی دی بـــزانین. ئەوەی کە لە هەمـــووان گرنگتـــرە بیـــزانین ئەمەیە، کە ($h_2$) و ($h_3$)، دەنگـــی ڤـــاوڵی هەڵکەوتـــوو لە نزیـــک خۆیـــان، لە (ێ، e) وە، بـــۆ دەنگـــی ڤـــاوڵی دی دەگـــۆڕن. ئەمەش بەم شـــێوەیە دەبێـــت ($h_2$):دەنگـــی (ێ) بـــۆ ( ئـــا، a) دەگۆڕێـــت ($h_3$) .ش دەنگـــی (ێ) بـــۆ (ۆ،o) دەگۆڕێـــت. بـــۆ ڕوونکـــــردنەوەی ئەمە، دەبـــــێ ئـــــێمە وای دابنێـــــین کە لارینگالەکـــان بە دەنـــگ گـــۆ کـــراون. واتـــا فۆنەتیـــک بـــوون، تـــا بتـــوانن کـــار لەســـەر ڤـــاوڵی تەنیـــشت خۆیـــان بـــکەن و بیـــان گـــۆڕن. ئەمە ئەو خـــاڵەیە کە دەتـــوانین لێـــیەوە دەســـت پـــێ بکەیـــن. چـــونکە ئـــێمە لە زمانانێـــک دەدوێـــین کە پتـــر زمـــانی زاری بـــوون، تـــا نووســـراو. وەک دەبینـــی و تێبینـــی دەکـــەیت، تـــا ئێـــستا لە ســـەر لارینگـــالی یەکەم($h_1$)، نـــزیکەی کـــڕ و کـــپ و بێـــدەنگین. تێبینـــی هەرە گرنـــگ لەســـەر ($h_1$) ئەوەیە، کە ئەو لارینگـــالە، بە پـــێچەوانەی دووانەکەی دی، دەنگـــی ڤـــاوڵی نزیـــک لە خـــۆی ناگۆڕێـــت. بەڵکـــو تەنیـــا پـــێش ئەوەی خـــۆی لە وشـــەکە بکەوێـــت و ون بێـــت، دەنگـــی ڤـــاولەکەی نزیـــک خـــۆی، درێـــژ دەکـــاتەوە. بـــا پتـــر ڕوونبێـــژ بـــین و بڵێـــین، ئەم لارینگـــالە لە دووانەکەی دی کەمتـــــر و لاوازتریـــــشە. وەک بـــــاوە، وا

دادەنــدرێت کە ئەو لارینگــالە، بە شــێوەی کلوســیلێکی گلــۆتی گــۆ کرابێــت. نــزیکەی وەک ئەو دەنــگە بە ئاســتەم بیــستراوە، لە ڤــاول چــووەی، تەنیــا ئەو کاتــانە هەســتی پــێ دەکەیــن کە وشــەی، یــان دەنگێکــی وەک (ئــو - ئــو) بــە خێرایــی و بەســەر یەکەوە دەردەخەیــن. لێــرەدا مەبەســتمان لەو دەنــگە بچــووک و کورتخــایەنەیە، کە دەکەوێــتە نێــوان هەردوو (و)ە کــانەوە. یــاخود کاتێــک کە دەڵێــین (بــێ – ئــێش)، مەبەســتمان ئەو دەنــگەیە کە دەکەوێــتە نێــوان هەردوو (ێ)ی کۆتــایی (بــێ) و ســەرەتای (ئــێش). تەنــانەت جــۆر(h،ە)ێکــی کــورتیش، بــۆ نمــونەی دەنــگەکە گونجــاوە. هەنــدێک لە لێکــۆڵەرەوان، لایــان وایە ئەو دەنگــانەی ســەرەوە لە (h) دا هەبــوون . هەرچــی پەیوەنــدی بە لارینگــالی ژمــارە دووەوە هەیە، ئەوا ڤــاوڵی نزیکــی خــۆی بــۆ (ئــا، a) دەگۆڕێــت $h_2$. بە شــێوەیەکی فــۆنەتیکی، بە دەنگێکــی دواوەی لە شــێوەی (خ) دادەنــدرێت، چــونکە ڤــاوڵی (ئــا، a) لــێ دروســت دەبێــت. ئەم ڤــاولەش هــی دواوەی دەمە. بەم جــۆرە دەبــێ $h_2$ دەنگێــک بێــت، کە بە نــوکی دواوەی مەڵاشو گۆ کرابێت .

ئەم دەنــگەش لە نووســینی فۆنەتیکــدا، شــێوەی (X)ی بــۆ دادەنــدرێت. بیرۆکەیەکــی دی ئاســایی بــۆ ئەم دەنــگە، ئەوەیە کە دەنگێکــی قــوڕگییە (faryngal) و لە گەروو دەردەچێــت. یــان لەم جــۆرە دەنــگە دەچێــت، کە لە زمــانە ســامییەکاندا

بـــاوه. وەک دەنگـــی (ع) ی عـــارەبی. به شـــێوەیەکی دی ئەم دەنـــگه له مڕانـــدن و باعەبـــاع و قـــرخه قرخـــی گەروو پـاکردنەوەش دەکـات. له زمـانی کـوردی دا، جـگه له وشـەی ڕەســـەنـــی کـــوردی، زۆریـــک له وشـــەی له عـــارەبی وەرگیـــراویش، ئەو دەنـــگەی خـــراوەته ســـەر، که له خـــودی وشـــه بنەڕەتیـــیەکەدا، گرەیەکـــی وه ک (ء)ی هەبـــووه. وەک ئەلعـــان. قورعـــان. یـــان لەســـەرەتای وشـــەی وەرگیـــراو دانـــدراوه، وەک وشـــەی لـــه گریکـــی وەرگیـــراوی ئەنتیـــک، که بـــۆته عەنتـــیکه. یـــاخود وشـــەی کـــۆنی هەرد، کـــه بـــۆته عـــارد. هەروەک ئـــالمۆدەی فەرەنـــسی بـــۆته (عەلمـــۆده). لارینگـــالی سـێیەم(h3)، ڤـاولی نزیـک خـۆی بـۆ (ۆ، o) دەگۆڕێـت، که ڤـاولێکه به خڕکـرنەوەی هەردوو لێـو گـۆ دەگرێـت. ئـێمه ئەوه دەزانـــین که ئەو دەنـــگه، له زمـــانه هینـــدۆ-ئەوروپییـــه ئەنادۆلییەکـان، هەنـدێک جـار به (ه،h) پـارێزراوه، که ئەمەش هەر جـــۆره دەنگێکـــی گەروویـــیه. به گومـــانی زۆر(h3) دەنگێکـی کـپ نەبـووه، بەڵکـو دەنگـدار و به لەره بـووه. ئەمه له چەنـدان نمـونەدا دەردەکەوێـت. لەوانه، له ڕەگـی PIE بـۆ وشـەی خـواردنەوه((peh3(i پێـهـ - ی٣)، که هەمـان وشـه، له زمـانی سانـسکریتیدا و، له بـاری ڕانەبـردوو، بـۆته (-pi bati, پـی – بـاتی) به واتـای دەخـواتەوه. به بـوونی(pā، پـا) دەردەکەوێـت که وشـەی پیبـاتی، جـۆرێکه له کـرداری

ڕانەبـــــردوو، ئەوەش لەو جــــۆرە کـــــردارانەن کە پێیـــــان دەگوترێـــت (خۆدووپـــات کەرەوە). لەم جـــۆرە کـــردارانەی خۆدووپـــاتکەرەوە، لەبـــاری ڕانەبـــردوودا، وەک بـــاوە یەکەم کۆنـسونانتی ڕەگـی وشـەکە دووپـات دەبێـتەوە. ئەمەش تەنیـا بـۆ دروسـتکردنی بـاری ڕانەبـردوو بەکاردێـت. لە کوردیـدا کـــرداری لەم جۆرەمـــان زۆرن. وەک: (بیبەســـتە، بیبیـــنە، دەیـدەمێ، دەدەلێنـێ و هیـدی). یـان لە زمـانی لاتینـی(bibo، بیبـۆ). بەم جـۆرە گەر وشـەی خـواردنەوە، بە زمـانی PIE دیسان دابڕێـژینەوە، ئەوا دەبێتە( pi- ph3 - eti، پی - پە ٣ -یتـی). لێـرەدا پەیوەنـدی نێـوانph3، پێویـستی بە دەنگـی لەراوە و دەنگـــداری(b، ب) هەبـــووە، ئەمەش ڕێـــک ئەمە دەگەیەنێـت کە h3 خۆیـشی دەنگـدار بـووە، چـونکە توانیـویەتی کـاریگەری بخـاتە سـەر کۆنـسونانتێکی نزیکـی خـۆی کە (پ، P) بـــووە. هەر لەبەر ئەوەیە گومانمـــان وایە کە h3 دەنـــگەکەی جۆرێـک بـووە لە (عـو)، کە بە لێـوی خڕکـراو گۆدەکرێـت. یـــاخود (غـــو)، وەک لە وشـــەی (غـــونچە) دەبیـــسترێت. هەردوو دەنـگەکە، واتـا (عو،غـو) دەنگـی قـوڕگین و، دەشـێن بـبن بە ڤـاول، هـەروەک دەنگداریـشن. هەردووکیـشیان، بە خڕکـردنەوەی لێـو گـۆ دەکـرێن. جێگـۆرکێ کـردن بە دەنگـی لارینگالەکـــان، کـــارێکی گونجـــاو و ئاســـایی بـــووە. وەک جێگـــۆڕکێ کردنـــی دەنگەکـــان لە نێـــوان (خ، ە، ش) کە تـــا

ئێستاش هەر باوە. وەک لە نموونەی کوردی بوهتان و بوختان. یان بەە و باش و بەهتەر و باشتر. ئەم جێگۆڕکێ کردنانەی دەنگەکان لە زاراوەی هەورامی کوردیدا، زۆر دیار و بەرفراوانترە. هەروەک لە زمانەکانی مازندەرانی، گیلەکی، تاتی، ئۆسیتی و هیدیش دیارن، * * *بایەخ و گرنگی ئەم دۆزینەوەیە دۆزینەوەی لارینگالەکان، بە یەکێک لە گەورەترین داهێنانەکان دادەندرێت لە بواری لێکۆڵینەوە لە زمانەکانی هیندۆ- ئەوروپی بە گشتی و، زمانی هاوبەشی PIE بە تایبەتی. لە هەموو تەمەنی داهاتنی ئەم بوارە زانستییەدا، دۆزینەوە و داهێنانی وا کاریگەر نموونەی نەبووە. لارینگالەکان، گۆڕانێکی بنەڕەتیان بەسەر زمانی کەونارای هیندۆ- ئەوروپی داهێنا. بیردۆزەکە، زۆر لەو کێشە چارەسەر نەکراوانەشی یەکلایی کردەوە، کە زۆر لەمێژ بوو تویژەرەوان بە دەستیانەوە داما بوون. بیردۆزەی لارینگال دەری خست، کە چۆن زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی زمان، دەتوانێت هەنگاوی گەورە لەو بوارەدا باویژێت، بێ بوونی ئەزمونێکی پێشووتری بەڵگەداریش، لە بواری دارشتنەوەی زمانێک، کە هەزاران ساڵە ئاخێوەری نەماوە و، هیچ نووسراوێکیشی لەپاش بەجێ نەماوە. لە ڕاستیدا دیسان دارشتنەوەی زمانی نەماویPIE، زۆر پێش دۆزینەوەی دەنگە لارینگالەکان و، بەبێ ئەو یارمەتیە گەورەیەش، توانی بووی هەنگاوی

گەورە باوێژێــت و، پێــشکەوتنی دیــاریش بەدەســت بێنێــت. بیـــــردۆزەکەی ساوســــور، لە زۆر لایەنەوە، لە خـــــشتەکەی مەنــدەلیف دەچــوو، لە بــواری تــوخمە کیمیاوییەکــان. چــۆن ئەو وەک پێــشبینی، شــوێنی ئەو توخمانەشــی دیــاری کــرد بــــوو کە هێـــشتا نەدۆزرا بــــوونەوە، پێـــشبینییەکانی ئەو بیــردۆزەش، ئــاوا کــاریگەر بــوون لــە دۆزینــەوەی شـــتە نادیــارەکانــدا. لێکــۆڵەرەوان زۆر چاوەڕوانیــان کــرد، تــا زمــانی کـــەونـــارای هیتـــی دۆزرایەوە و دەرکەوت، کە ئەو دەنـــگە بزربــووە چــاوەڕوان کــراوانەی ساوســور پێــشبینی کردبــوون، لــەو زمانــە و، لــە بــاکوری کوردســتاندا، لــەســەر چــەنــد تابلۆیــەکــی قــوڕین حەشــاردرا بــوون. دیــارە دەنــگە کــپ و کۆنــــسونانتە ونبووەکــــان. لە زمــــانی دی هــــاوچەرخیش هەبــوون، بەڵام دەســتی لێکــۆڵەرەوانی پــێ نەگەیــشت بــوو. هەروەکو ئێستاش لێی بێبەشن.

# توێژینەوەیەک لەسەر دەنگناسی زمانی کوردی

**نووسەر: پەروین میرزایی**
**پێداچوونەوە: عادڵ عەزەمی**

پوختە

ئەم ووتارە هەوڵێکە بۆ وەسفکردنی دەنگەکانی زمانی کوردی بە تایبەت زاراوەی سۆرانی. لێرەدا زانستی دەنگناسی بە شێوەیەکی گشتی ڕوون دەکرێتەوە و تایبەتمەندییەکانی دەنگەکانی ئاخاوتن وەسف دەکرێن. ئەندامەکانی ئاخاوتن کە مرۆڤ بە گوێرەی ئەوان دەنگەکان دروست دەکات بە وێنە دەخرێنە بەرچاو و پاشان لە ڕێی ئەندامەکانی ئاخاوتن دەنگەکان وەسف و پۆلێن دەکرێن. هەروەها جیاوازی نێوان دەنگەکان لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە ڕوون دەکرێنەوە.

**وشە نهێنییەکان:** دەنگناسی، دەنگناسی کوردی، دەنگناسی زمانی کوردی، دەنگناسی زاراوەی سۆرانی

## پێشەکی

دەنگناسی بریتییە لە توێژینەوەی گشتی تایبەتمەندییەکانی دەنگەکانی ئاخاوتن (جۆرج یۆڵ،٢٠٠٦). بۆ وەسفکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن پێویستە بزانین یەک دەنگ بە تەنیایی چییە و

هەر دەنگێک چۆن لەگەڵ هەموو ئەو دەنگەکانی دیکە جیاوازە. مرۆڤ کاتی قسەکردن دەنگەکان پێکەوە دەردەبڕێت، واتە شکانێک لە نێوانی دەنگەکاندا نییە و ڕوون نییە دەنگێک لە کوێدا کۆتایی دێت و لە کوێدا دەست پێ دەکاتەوە. سەرەڕای ئەمە، کاتێک ئێمە شارەزا بە زمانێک بین، دەنگە جیاوازەکان لە ڕێی گوێی مێشکەوە دەبیستین (فرامکین و هاوکارەکان، ٢٠٠٧). کەسێک کە شارەزا بە زمانی کوردی بێت، دەزانێت کە لە وشەی "ڕۆژ"دا سێ پیت هەیە، هەرچەند کە لە بواری دەمارییەوە ئەم وشە تەنیا دەنگێکی بەردەوامە. ئێمە دەتوانین ئەم دەنگە بەش بەش بکەینەوە بە سێ پیتی "ڕ" "ۆ" "ژ"، چون شارەزاین بەزمانی کوردی.

هەروەها دەتوانین ئەو بەشانە لە شوێنێکی دیکەدا بناسینەوە، وەکو "ڕ" لە **ڕووبار**، "ۆ" لە **پۆل** ، "ژ" لە **ژیان**. بەڵام دابەشکردنی ئەو دەنگە کە پێی دەڵێێن "**سافکردنی قورگ**" مەحاڵە. ئەمە بەو هۆیەوە نییە کە پاککردنی قورگ دەنگێکی بەردەوامە، بەڵکو بەو هۆیەوەیە کە ئەم چەشنە دەنگانە، گوتار نین و توانای ئەوەیان نییە دابەش بن بە دەنگەکانی گوتار.

بێژەرانی زمانی کوردی دەتوانن "**ڕۆژ ئاوا**" دابەش بکەن بە دوو وشەی "**ڕۆژ**" و "**ئاوا**" چون ئەوان شارەزان بەم زمانە. ئێمە لە بەینی وشەکاندا ناوەستین مەگەر بۆ هەناسەکێشان هەرچەند کە ئیمە پێمان وایە کە دەوەستین. بەڵام لە زمانی منالاندا ئەم شتە ڕوودەدات چون ئەوان نازانن کە وشەکان لە کوێدا دەشکێن،

واتە مەودای نێوان وشەکان ناناسن. بۆ وێنە منداڵێکی دووساڵەی ئینگلیزی زمان کاتێک لە پلە دەچێتە خوارەوە دایکی پێی دەڵێت"hold on" ئەو وەڵام دەداتەوە "I’m holding don".
نەبوونی مەودا لە نێوان وشە گوتراوەکان و وشە تاکەکان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئێمە هەست بکەین بێژەرانی زمانیکی بیانی وشەکانیان پێکەوە دەردەبڕن، بێ ئاگا لە ئەوە کە ئێمەش لە زمانی خۆماندا هەر ئەو کارە دەکەین. هەرکەس زمانیک بزانێت، دەزانیت چۆن ڕستەکانی بکات بە وشە و وشەکانی دابەش بکات بە دەنگ (فرامکین وهاوکارەکان، ٢٠٠٧).

## ئەلفبای فۆنەتیکی

خەت یان ڕێنووسی فونەتیکی دەنگەکانی زمان بە شێوەیەکی هەتەر نانوێنێت. ئەگەر زانستییانە بیگرین _فۆنەتیک زانستێکە_ ئەبێ ڕێگایەک داهێنین کە بۆ هەر دەنگێک پیتێک بە هەمان شێوە هەبێت و هەر پیتێک هێمای هەمان دەنگ بێت. لە ساڵی ١٩٨٨،

CONSONANTS (PULMONIC)

| | Bilabial | Labiodental | Dental | Alveolar | Postalveolar | Retroflex | Palatal | Velar | Uvular | Pharyngeal | Glottal |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Plosive | p b | | | t d | | ʈ ɖ | c ɟ | k g | q ɢ | | ʔ |
| Nasal | m | ɱ | | n | | ɳ | ɲ | ŋ | ɴ | | |
| Trill | ʙ | | | r | | | | | ʀ | | |
| Tap or Flap | | | | ɾ | | ɽ | | | | | |
| Fricative | ɸ β | f v | θ ð | s z | ʃ ʒ | ʂ ʐ | ç ʝ | x ɣ | χ ʁ | ħ ʕ | h ɦ |
| Lateral fricative | | | | ɬ ɮ | | | | | | | |
| Approximant | | ʋ | | ɹ | | ɻ | j | ɰ | | | |
| Lateral approximant | | | | l | | ɭ | ʎ | ʟ | | | |

Where symbols appear in pairs, the one to the right represents a voiced consonant. Shaded areas denote articulations judged impossible.

ئەندامانی ئەنجوومەنی نێونەتەوەیی فۆنەتیک، ئەلفبایەکی داهێنا بۆ نواندنی دەنگەکانی هەموو زمانەکان. ئەوان هەم لە پیتە ئاساییەکان کەڵکیان وەرگرت هەم هێماکانیان داهێنا. هەر نیشانەیەکی ئەم ئەلفبا لە هەموو زمانەکانی جیهاندا دەقاودەق یەک نرخی هەبوو. داهێنەران ئەم ئەلفبایەیان ناو نا "**ئەلفبای نێونەتەوەیی فۆنەتیکی**" (IPA). خشتەی (١) لیستەیەکە لە هێماکانی IPA کە لە ئینگلیزی دا بۆ نواندنی دەنگەکان کەڵکی لێ وەردەگیرێت.

**خشتەی ١: ئەلفبای فۆنەتیکی زمانی ئینگلیزی**

دەنگناسی هەوڵ دەدات هەموو ئەو دەنگانە وا لە هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە و بەکار دێن وەسف بکات. دەنگناسی دابەش دەبێت لەسەر سێ پارچە کە هەرکامیان ئەرکی تایبەت بە خۆیان هەیە:

١. دەنگناسی دەماری (فیزیایی): سەرنج دەخاتە سەر تایبەتمەندییە دەمارییەکانی دەنگ.

٢. دەنگناسی بیستن: پە یوەندی هەیە لە گەڵ وەرگرتنی دەنگەکان.

٣. دەنگناسی بەرهەمی: چۆنێتی پیکهاتنی دەنگەکان شی دەکاتەوە.


**ئەندامەکانی ئاخاوتن**

مرۆڤ لە بواری فیزیۆلۆژیدا ئەندامی تایبەت بە گوتاری نییە کە پێیان بڵێین "**ئەندامەکانی ئاخاوتن**". واتە مرۆڤ لە دارا بوونی

ئەو ئەندامانە کە ڕۆلی فیزیۆلۆژی سەرەکییان تەنیا بەرهەم هێنانی دەنگ پێت، بێ بەشە. ئەو ئەندامانە کە لە دەنگناسی بەرهەمیدا وەک باوە پێیان دەڵێین ئەندامەکانی گوتار، هەموویان ئەرکی فیزیۆلۆژی دیکەیان هەیە کە هەموو ئەو ئەرکانە بۆ مانەوەی وەچەی مرۆڤ پێویستن. بەرهەم هینانی دەنگ لە ڕاستیدا فرمانی نارەسەکی و کەناری ئەم ئەندامانەیە .

بۆ دروستبوونی هەر دەنگێک جووڵەی هەوا پێویستە. زۆربەی دەنگەکانی ئاخاوتن بە گوێرەی پاڵ پیوەنانی هەوای سی (lung) لە ڕێگای پەتکەکانی دەنگەوە کە لە سەرەوەی گەروو دایە، بۆ ناوی زار یان کەپۆ و لە کۆتاییدا بۆ دەرەوەی جەستە پێکدێن. بە بۆشایی نێوان پەتکەکانی دەنگ دەڵێن "ژێ" کە لە قورگ دایە. larynx بەشی لوولەیی گەرووە لە سەرەوەی larynx، قورگ هەیە (pharynx). ئەوەش کە خەڵک پێی دەڵێن "زار" لە زمانەوانیدا پێی دەوترێت "**بۆشایی زار**" بۆ ئەوە لە بۆشایی کەپۆ جیا بکرێتەوە. بە هەموو ئەمانە دەڵێن "**دەزگای دەنگی**".

## خشتەی ٢: دەزگای دەنگی




## بزوێنەکان و نەبزوێنەکان


دەنگەکانی زمان بریتین لە بزوێنەکان (vowels) و نابزوێنەکان (consonants). نابزوێنەکان کاتێک دروست دەبن کە بەربەستێک لە دەزگای دەنگیدا هەبێت کە تەگەرە بخاتە بەر ڕێڕەوی لێشاوی هەوایەک وا لە سییەوە دێت. لە زانستی دەنگناسی دا، وشەی نابزوێن و بزوێن ئەگەڕێتەوە بۆ جۆری دەنگەکان نەک پیتەکان.

**شوێنی دروستبوون**

لە دەنگناسی بەرهەمییدا ئێمە دەکۆشین چۆنێتی دروستبوونی دەنگەکانی ئاخاوتن لە ڕێی کەرەستەی زارەکی شی بکەیتەوە. سەرەتا هەوا لە سییەوە لە ڕێی بۆڕی هەوا بەرەو قورگ دەنێرین. لە ناوی قورگ پەتکەکانی دەنگ هەیە کە دوو شێوازی بنچینەیی بە خۆیانەوە دەگرن:


١. شێوازی دەنگداری: کاتێک کە پەتکەکانی دەنگ لێک نزیک دەبنەوە (وەکو وێنەی ژێر) بەڵام بە تەواوەتی پێکەوە نالکێن، هەوایەک لە نێوانیاندا تێدەپەڕێت و ئەبێت بە هۆی لەرینەوەیان و شێوازێک پێک دێنێت کە بە ئەو دەنگانە وا بەم شێوە دروست دەبن، دەڵێن "**دەنگدار**" یان "**ژێدار**".

**خشتەی ٣**



٢. شێوازی بێدەنگی: کاتێک پەتکەکانی دەنگ لێک دوور دەبنەوە، هەوا ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا تێدەپڕێت. هەردەنگێک بەم شێوە پێک بێت پێی دەوترێت "**بێدەنگ**" یان "**بێ ژێ**".

**خشتەی ٤**



سەرەڕای ئەم دوو شێوازە سەرەکییە، شێوازێکی نارەسەکیشمان هەیە دەبێتە هۆی پێکهێنانی چرپە. چرپە ئەو دەنگەیە کە کاتێک بە هێواشی لە گوێچکەی کەسێکدا قسە دەکەین. لەکاتی چرپەدا پەتکەکانی دەنگ

شێوازێکیان هەیە کە بەشی پێشوو لێک نزیک دەبنەوە و بەشی دواوەیان لێک دوور. لەم شێوازەدا هیچ لەرینێک دروست نابێت.

ژێداری و بێ ژێیی دەنگەکان بە ئەزموونێکی سادە ڕوون دەکرێتەوە. ئەگەر بە هێواشی نووکی پەنجە بخەینە سەر کەڵەبابەی گەروو، پاشان دەنگی "ز" و "ڤ" دەربێنین، هەست بە لەرینەوە دەکەین. هەر لەم حاڵەتەدا دەنگی "س" و "ف" دەردەهێنین و هەست بە هیچ لەرینێک ناکەین.

**شوێنی دروستبوونی نەبزوێنەکان**

**جووت لێوی**

بۆ دروستبوونی [پ] [ب] [م] و [و] لێوەکان پێکەوە دەنووسێن و ڕێگای تێپەڕینی هەوا دەگرن.

**لێوددانی**

کاتی دروستبوونی [ف] [ڤ] لە لێو و ددان کەڵک وەردەگرین. ئەم دەنگانە بە نووسانی لێوی خوارەوە بە ددانی سەرەوە دروست دەبن.

**پووکی**

[ت] [د] [س] [ز] [ن] [ل] [ر] [ڕ]: هەموو ئەم حەوت دەنگە بە جۆرە جیاوازەکانی لێکدانی زمان لە بەربەستی پووک دروست دەبن.

بۆ [ت] [د] [ن] نوکی زمان دەدات لە بەشی پێشەوەی پووک.

بۆ [س] [ز] لاکانی پێشەوەی زمان بەرز دەبنەوە، بەڵام نوکی زمان دێتە خوارەوە بە جۆرێک کە هەوا لە کەناریەوە تێ دەپەرێت .

بۆ [ل] نوکی زمان بەرز دەبێتەوە.

**مەڵاشوویی**

[ش] [ژ] [چ] [ج] [ڵ] [ی]: کاتی پێکهاتنی ئەم دەنگانە، بەشی پێشەوەی زمان بەرز دەبێتەوە و دەدا لە ڕەقەمەڵاشوو.

**نەرمەمەڵاشوویی**

[ک] [گ] [خ] [غ] [ن]: ئەم دەنگانە بە بەرزبوونەوەی بەشی دواوەی زمان و لکانی ئەو بەشە بە نەرمەمەڵاشوو دروست دەبن.

**زمانۆکەیی**

[ق]: پشتی زمان بەرز دەبێتەوە دەدات لە زمانۆکە.

**گەروویی**

[ح] [ع]: بۆ دروستبوونی [ع] بەربەستێک لە گەروودا دروست دەبێت و بۆ دروستبوونی [ح] بەربەستێک تەگەرە دەخاتە بەر لێشاوی هەوا و کاتی تێپەڕینی هەوا خشانێک پێک دێت.

**ژێیی**

[هـ] [ئـ]: لە دروستبوونی ئەم دوو دەنگە زمان و بەشەکانی تری زار کاریگەر نین. لە کاتی دروستبوونیان هەوا لە نێو ژێی

کراوەدا تێدەپەڕێت. ئەگەر هەوا بە تەواوی لە ژێکاندا بوەستێت، دەنگێک کە لەم کاتەدا ئازاد دەبێت [ئ] یێە.

**دەنگی زاری و دەنگی کەپۆیی**


تایبەتمەندیی ژێدار و بێ ژێیی، [پ] و [ب] یێ جووتلێوی لێک جیا دەکاتەوە. [م] وەکو [ب] جووتلێوییە وژێدار. چ شتێک [م] لە [ب] جیا دەکاتەوە؟

کاتێک زمانۆکە بەرزە، تەگەرە دەخاتە بەر تیپەڕینی هەوا لە لووتەوە، ئەو دەنگانە وا لە کاتی بەرزبوونەوەی زمانۆکە دروست دەبن پێیان دەڵێن: دەنگی زاری. چونکە هەوا تەنیا لەڕێی زارەوە دەردەچێت. زۆربەی دەنگەکانی هەموو زمانەکان زارییین. کاتێک زمانۆکە نیە لە شێوازی بەرزێنراودا واتە دەکشێ بەرەو خوارەوە، هەوا هەم لە زارەوە دەردەچێت هەم لە لووتەوە. ئەو دەنگانە کە بەم شێوە دروست دەبن پێیان دەڵێن دەنگی کەپۆیی یان دەنگی لووتی. کەوابوو ئێمە دەتوانین بەگوێرەی ئەم تایبەتمەندییە جیاوازی بخەینە نێوان دەنگی [م] و [ب]. [م] دەنگێکی کەپۆییە و [ب] دەنگێکی زاری. خشتەی (٦) ئەم جیاوازییە نیشان دەدات.

[پ] [ب] و [م] ، لە گەڵ وەستانی لێشاوی هەوا لە لێوەکاندا دروست دەبن. [ب] و[م] بە هۆی ژێدارییانەوە لە [پ] کە بێ ژێیە جیا دەبنەوە. [م] بە بۆنەی کەپۆیی بوونییەوە لە [ب] جیا دەکرێتەوە. بە بۆنەی ئەم تایبەتمەندییە فۆنەتیکییانە _کەپۆیی و ژێداری_ هەموو دەنگەکانی ئاخاوتن بە چوار شێواز، پۆلێن

دەکرێن: ژێدار، بێ ژێ، کەپۆیی، زاری. هەمان جیاوازی لە دوو جووتی [د] [ن] و [گ] [ŋ] ڕوو دەدات. لە دروستبوونی [د] و [گ] زمانۆکە بەرزێنراوە و بەری ڕێڕەوی هەوا لە کەپۆوە دەگرێت، بەڵام بۆ دروستبوونی [ن] و [ŋ] (وەک لە وشەی مانگ) زمانۆکە نزمێنراوە واتە هەوا هەم لە کەپۆوە تێدەپەڕێت هەم لە زارەوە.

**خشتەی ٥: شوێنی لێوەکان و زمانۆکە لە کاتی دروستبوونی [ب] [پ] [م]**




**خشتەی ٦: چوار پۆلی دەنگەکان**

| کەپۆیی | زاری | |
|---|---|---|
| م ن ŋ | ب د گ | ژێدار |
| * | پ ت ک | بێ ژێ |

**شێوازی دروستبوون**

**تەقیو :** [پ] [ب] [ت] [د] [ک] [گ] [ق] [ع] [ئ]

تەقیوەکان ئەو دەنگانەن کە لە کاتی دروستبوونیاندا بۆ ماوەیەکی کورت بە تەواوی تەگەرە دەکەوێتە بەر لێشاوی هەوا لە بۆشایی زار.

[پ] و [ب] جووت لێوین. لە کاتی گوتنی [پ] و [ب] دا بەربەستێکی تەواو لە لێوەکاندا دروست دەبێت و تەگەرە دەخاتە بەر لێشاوی هەوا لە زارەوە. [پ] بێ ژێ و [ب] ژێدارە.

[ت] و [د] تەقیوی پووکە ددانین، واتە تەقینەوە لەڕێی زمانەوە ڕوو دەدات، بەم شێوە کە بەربەستێکی تەواو لە سنووری پووکدا دروست دەکات. [ت] بێ ژێ و [د] ژێدارە.

[ک] و [گ] تەقیوی نەرمەمەلاشوویین لەگەڵ بەربەستێکی تەواو لە نەرمەمەلاشوودا. [ک] بێ ژێ و [گ] ژێدارە.

[ق]: وەستان لە زمانۆکەدا ڕوو دەدات. کۆتاییترین بەشی زمان، کە بەرانبەر بە زمانۆکەیە بەرەو سەرەوە دەکشێ و دەلکێ بە بەشی دواوەی نەرمەمەلاشوو. بەم شێوە تەگەرە دەخاتە بەر لێشاوی هەواوە. [ق] ژێدارە.

**کەپۆیی (لووتی)**

[ن] [م] [ŋ]

زۆربەی دەنگەکان لەزارەوە دروست دەبن واتە نەرمە مەلا شوو بەرزێنراوە و ڕێ نادات هەوا بچێتە ناو بۆشایی کەپۆ. بەلام

کاتێک نەرمەمەڵاشوو دێتە خوارەوە هەوا لە لووتەوە تێ دەپەڕێت و دەنگی [ م ] [ ن ] [ŋ] دروست دەبێت کە پێیان دەگوترێت کەپۆیی . ئەم سێ دەنگە ژێدارن.

**ڕەوانەکان**

[ل] [ڵ] [ر] [ڕ]

ڕەوانەکان بریتین لە:
- لازمانی: [ل] [ڵ]
- هەژۆک: [ر] [ڕ]

لە کاتی دروستبوونی ڕەوانەکان بەربەستێکی هەوا لە زاردا ڕوو دەدات، بەڵام ئەوەندە نییە کە بێت بە هۆی گرژبوون یان لێکخشان. چۆنێتی پێکهاتنی ئەم دەنگانە ئێجگار جیاوازن لەوەی کە پێشتر لە بەشی پووکی دا باسکرا. بەڵام لە یەک کۆمەڵدا پۆلێن دەکرێن چونکە لە بواری دەماریییەوە وەک یەکن. بەشی یەکەمی ئەم دەنگانە پووکین و بەشی دووهەم مەڵاشوویی و هەرچواریشیان ژێدارن. بە بەشی یەکەم دەڵێن "**لاواز**" و بە بەشی دووهەم دەڵێن "**قەڵەو**".

**شێوە بزوێن (گلار)**

[ی ] [و]، ئەم دوو دەنگە ناسراون بە گلار، هەردووکیان ژێدارن و لە سەرەتای yes , you , wet , we وە دێن. ئەم دوو دەنگە لەگەڵ جووڵانەوە (خلیسکان) ی زمان بۆ یان لە شوێنی یەک بزوێن دروست دەبن، بۆیە هەندێ جار پێیان دەگوترێت شێوە بزوێن ( جۆرج یۆڵ ، ٢٠٠٦).

**دەنگی لەراوە و دەنگی لێدانی**

جۆرەکانی دەنگی [ڕ] لە زمانەکاندا پێکەوە جیاوازییان هەیە. [ڕ] یی لەراوە کە لە کوردیدا [ڕ] دەنووسرێت، بە زنجیرەیەک لێدانی نوکی زمان لە مەلاشوو دروست دەبێت، [ر] ییەکی دیکە کە لە کوردیدا بە [ر] دەنووسریت پێی دەگوترێت لێدانی. ئەم دەنگە بە تەنیا یەک لێدانی نوکی زمان لە پووک دروست دەبێت. وەکو [د] ییەکی خێرا دەگوترێت. [ر] یی لێدانی هیچکات لە سەرەتای وشەوە نایەت. جۆری لەراوە هەم دەتوانێت لە سەرەتاوە بێت، هەم لە ناوەڕاستدا هەم لە کۆتایی. کە واتە تەواوی [ڕ] یکانی سەرەتاله کوردیدا لە جۆری لەراوەیە. کە وابوو [ر] و [ڕ] دوو فۆنیمی جیاوازن و هەر کامیان نرخی تایبەت بە خۆیان هەیە. بۆیە لە هەر شوێنێکا دەرکەون دەبێ وەکو شێوەی ئاسایی و فۆنیمی خۆیان بنووسرێن . هەندێ کەس دەڵێن لە بەر ئەوەی هەموو [ڕ] ییەک لە سەرەتای ووشەوە [ڕ] یی لەراوەیە، ئیتر پێویست بە نووسینی نیشانەی قەڵەوی ناکات بۆی ڕابنێرێت. ئەم ڕایە لە لایەن زماناناسانەوە ڕەت کراوەتەوە. هەروا کە دوکتۆر وریا عومەر ئەمین لەم بارەوە دەڵێت: ئەم ڕایە، ڕایەکی پووچە و بە تیشکی نەزەرییەی فۆنیم ڕەش دەبێتەوە. دەرنەکەوتنی [ر] یی لاواز لە سەرەتای وشەی کوردی یاسایەکی فۆنۆلۆجییە لە زمانی کوردیدا و پەیوەندی بە [ڕ] یی قەڵەوەوە نییە. ئەوانەی ئەم ڕایە پەسەند دەکەن دەبێ ئەوەشیان لە بیر نەچێ کە (زۆربەی زۆری) ئەو لامانەی دوای ئەلف، لە زمانی کوردیدا قەڵەون وەک لە (ماڵ،

هەڤاڵ، ساماڵ... هتد) لەم حاڵەتەدا ئەبێ لەم جۆره وشانەش نیشانەی قەڵەوی بۆ [ل] دانەنرێت.

## خشتەی ٧: هێماکانی فۆنەتیکی نەبزوێنەکانی زمانی کوردی

| شوێن شێواز | جووت لێوی | لێودانی | ددانی پووکی | پووکی | مەڵاشوویی | نەرمەمەڵاشوویی | زمانۆکەیی | گەروویی | ژێیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەقیو | پ ب | | ت د | | | ک گ | ق | ع | ئ |
| خشەدار | | ف ڤ | | س ز | ش ژ | خ غ | | ح | ه |
| شەکاوە | | | | | چ ج | | | | |
| کەپۆیی | م | | | ن | | ŋ | | | |
| لازمانی | | | | ل | ڵ | | | | |
| هەڕۆک | | | | ر | ڕ | | | | |
| گلار (شیوه بزوێن) | و | | | | ی | | | | |

* دەنگی یەکەم لە لای ڕاستەوە بێ ژێ و دەنگی دووهەم ژێداره.

**بزوێنەکان**

لە پرۆسەی پێکهاتنی بزۆینەکان، ئەندامەکانی نێژان زۆر لە یەک نزیک نابنەوە هاتوچۆی لێشاوی هەوا تاڕادەیەک بەربەستی نییە . ئێمە دەنگە بزوێنەکان بە دوو شیواز وەسف دەکەین:

١. خاڵی بەرزیی زمان

٢. شێوازی لێوەکان

زمان گرنگترین ئەندامی پێکهێنانی بزوێنە. چونکە هۆی پێکهێنەری دوو تایبەتمەندی گرنگە بۆ جیا کردنەوەی بزوێنەکان. یەکێک لەوانە، تایبەتمەندی پێشەوە و دواوە بوونی بزوێنەکان و ئەوی دیکە تایبەتمەندی کراوە و بەستراوە بە بوونی بزوێنەکان. ئەو بەشە لە زمان کە بەرپرسی دروستکردنی بزوێنە، بنچینەی تایبەتمەندی یەکەمە و بەرزیی زمان (مەودای زمان تا مەلاشوو) بنگەی تایبەتمەندیی دووهەمە . ئەگەر پێشەوەی زمان و ڕەقەمەلاشوو، ئەندامە پێکهێنەرەکانی بزوێن بن، بەو بزوێنانە دەڵێن پێشوو. ئەگەر دواوەی زمان و نەرمەمەلاشوو بزوێن دروست بکەن، بەو بزوێنانە دەڵێن: دواوە. سەبارەت بە تایبەتمەندییی دووهەم هەرچەنێک زمان زۆرتر بەرز بێتەوە، بزوێن بەستراوترە، لە لایەکی ترەوە مەودای نێوان تەختیی زمان و تەختی مەلاشوو زۆرتر بێت، بزوێن کراوەترە.

سەرەڕای زمان، لێوەکانیش بریکارێکی گرنگ لە گۆڕینی چۆنێتی دەنگی بزوێنەکان لە قەڵەم دەدرێت. چونکە شێوەی لێوەکان دەبێتە هۆی گۆڕینی بارستایی بۆشایی زار. گۆڕینی

بارستایی دەم بە دوو شێوە ڕوو دەدات: یەکێک پەیوەندی بە درێژی هەیە یەکێک بە پانی. کاتێک لێوەکان خڕ دەبنەوە درێژی بۆشایی زمان زۆرتر دەبێت، لەهەمان کاتدا لێوەکان دێنە پێشەوە و لەبەر ئەمە دیواری ناوەکی ئەوان دەلکێ بە ددانەکانەوە. ئەو بزوێنانە کە بەم شێوە دروست دەبن پێیان دەگوترێت " خڕ " هەڵبەت ڕادەی خڕیی لێوەکان جیاوازە کە بریتین لە : خڕیی بەستراو، نیوە خڕ، خڕیی کراوە. هەرچی بزوێن بەستراوتر بێت، پلەی خڕیی لێوەکان زۆرترە، چونکە مەودای نێوان دوو شەویلگە کەمتر دەبێتەوە و بەم بۆنەوە لێوەکان بۆ هاتنە پێشەوە ئازادتر دەبن . بەڵام کاتێک لێوەکان بەربڵاو دەبن، پانتایی بۆشایی زار زۆر دەبێت و دیواری ناوەکی لێوەکان لە ددانەکان دوور دەبێتەوە، لەم حاڵەتەدا بەشی پێشەوەی لێوەکان دەلکێ بە ددانەکانی خوار و سەرەوە. بەهۆی ئەمە درێژیی بۆشایی زار، بەرانبەر بە شێوەی پێشوو، کەمتر دەبێتەوە. ئەو بزوێنانە کە بەم شێوە دروست دەبن پێیان دەگوترێت: بەربڵاو. بە گوێرەی ئەم شتانە کە گوترا وەسف و پۆلین کردنی بزوێنەکان بە سێ شێوە ئەنجام دەبێت:

١_ مەودای زمان تا مەلاشوو یان ڕادەی بەرزبوونەوەی زمان

٢_ بەشێک لە زمان کە بەرپرسی دروستبوونی بزوێنە

٣_شێوەی لێوەکان کاتی دروستبوونی بزوێن. (یەدوڵڵا سەمەرە ، ١٣٨٨)

لە زمانی کوردی دا هەشت بزوێنی سادە هەیە کە پێنجیان درێژن و سیانیان کورت.

[ی]: ژین

[وو] دوور

[یٚ]: ژێر

[ۆ]: کۆڕ

[و]: کوڕ

[ە]: دەست

[ا]: داس

[i]: ژن، دەنگی [i] لە گوتاردا دیارە بەڵام لە نووسیندا نادیار.

گروپی بزوێنەکانی پێشوو: [ی]، [یٚ]، [ە]، واتە بەشی پێشەوەی زمان بەرپرسی دروستبوونی ئەم دەنگانەیە. گروپی بزوێنەکانی دواوە: [وو]، [و]، [ۆ]، [ا]، واتە بەشی دواوەی زمان بەرپرسی دروستبوونی ئەم دەنگانەیە. بە سێ دەنگی [وو]، [و]، [ۆ] دەوترێت "خڕ" واتە لێو لە کاتی دەربڕینی ئەم سێ دەنگە خڕ دەبێتەوە. جگە لە تایبەتمەندیی پێشوو و دوایین، تایبەتمەندیی بەرزی و نزمی زمان و کراوە و بەستراوی زار بۆ وەسف کردنی بزوێنەکان بە کار دێت. لە کاتی دروستبوونی [ە] و [ا] زمان نزمە بەڵام زار کراوەیە، بۆ [ی] و [وو] زمان بەرزێنراوە و زار بەستراو، کەوابوو ئەم دوو بزوێنە بەرز و بەستراون. سێ بزوێنی [یٚ]، [و] و [ۆ] شێوازی ناوەڕاستیان هەیە واتە زمان نیوە

بەرز و زاریش نیوە کراوەیە. بەڵام ڕادەی ناوەڕاستییان یەکسان نین.

بەم زانیارییانە دەتوانین بزوێنەکان شی بکەینەوە:

[ی]: پێشوو، بەرز، بەستراو

[وو]: دواپین، بەرز، بەستراو

[ێ]: پێشوو، نیوەبەرز، نیوە کراوە


[ۆ]: دواپین، نیوە نزم، نیوە کراوە

[و]: دواپین، نیوەبەرز، نیوە بەستراو

[ە]: پێشوو، نزم، کراوە

[ا]: دواپین، نزم، کراوە

[i]: ناوەڕاست، نیوەبەرز، نیوە کراوە



**خشتەی٨: بزوێنەکان**

زمانی کوردی هەروەها شەش جووتە بزوێنی هەیە کە بریتین لە:

| | |
|---|---|
| [ەی]: پەیجە | [ۆی]: برۆین |
| [ای]: چای | [ەو]: شەو |
| [ووی]: چووی | [او]: چاو |

جووتەبزوێنەکان هەروا کە ڕوونە لە ڕاستیدا بزوێنی سادەن کە لەگەڵ شێوە بزوێنێکدا دێن.

## ئەنجام

ئەم وتارە نیشان دەدات کە زاراوەی سۆرانی سی دەنگی نەبزوێن، هەشت بزوێنی سادە و شەش جووتەبزوێنی هەیە. بۆ وەسفکردنی ئەم دەنگانە لە چەند فاکتەری جیاواز کەڵک وەردەگرین. نەبزوێنەکان بە گوێرەی دوو فاکتەری سەرەکیی شێواز و شوێنی پێکهاتن و هەروەها فاکتەری ژێداری و بێژێیی واتە لەرینەوە یان نەلەرینەوەی ژێیەکانی دەنگ وەسف دەکرێن. هەروەها بزوینەکان بە سێ شێوەی سەرەکی وەسف دەکرێن کە بریتین لە:

١. مەودای زمان تا مەڵاشوو یان ڕادەی بەرزبوونەوەی زمان

٢. بەشێک لە زمان کە بەرپرسی دروستبوونی بزوێنە

٣. شێوەی لێوەکان کاتی دروستبوونی بزوێن.

بە گوێرەی ئەم فاکتەرانە، دەنگەکانی ئاخاوتن واتە بزوێنەکان و نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا وەسف کرا.

**سەرچاوەکان**

**فارسی:**

ثمره، یدالله، آواشناسی زبان فارسی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران

باقری، مهری، مقدمات زبانشناسی، نشر قطره، تهران

کوردی:

وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٤

**ئینگلیزی:**

Fromkin, V. and Rodman, R (2007). An Introduction to language.

Yule, G (2006). The Study of Language. Cambridge.

Ladefoged, P (2006). A Course In Phonetics. Thomson Wadsworth.

Crystal, D. (2003). A Dictionary of Linguistics & Phonetics. Blackwell

Julia, F. (1978). Linguistics & Language. John Wiley & Sons.

Rahimpour, M. (2011). A Phonological Contrastive of Kurdish and English. International Journal of English Linguistics.

# زمان و فەلسەفە و زمانەوانی فەلسەفی

سەلام ناوخۆش

لەتەک بابەتی زمان و فەلسەفەدا، زمانەوانی فەلسەفی هەیە. ئایچیسین ١٩٩٢، ل ٧ و کریستال ١٩٩٣، ل ٢٥٧ باوەڕیان وایە کە زمانەوانی فەلسەفی بەشێکە لە زمانەوانی گشتی. زمانەوانی گشتیش شرۆڤەکردنی زانستی زمانە. لەم هاوکێشەیەدا خویا دەبێت زمان لە هەردوو بابەتدا ئامادەگی هەیە.

زمانەوانی فەلسەفی توێژینەوەیەکە لە لایەکەوە بریتییە لە ڕۆلی زمان لە پەیوەندی تێگەیشتن و ڕۆشنکردنەوەی چەمکە فەلسەفییەکان لە لایەکی دی تێگەیشتن و رۆشنکردنەوەی پایەی فەلسەفی تیۆر و میتۆد و تێبینییەکانی زمانەوانییە.کاتێ ئەم بابەتانە لەلایەن فەیلەسوفەکان، نەک زمانەوانەکان شرۆڤە دەکرێت، ئەوا زاراوەی زمانەوانی فەلسەفی و فەلسەفەی زمان بەکاردێن( کریستال، ل ٢٥٧ ).لەو تێکەڵکێشییەی خودی زمان و خودی فەلسەفەدا، مۆرکێکی فەلسەفی بە ئاریشەکانی زمان و تێگەیشتن لە زمان دەدات.

بابەتی زمان و فەلسەفە پەیوەستە بە چوار کێشەی بنەڕەتی زمانەوانیەوە:

یەکەم، سروشتی واتا.

دووەم، بەکارهێنانی زمان.

سێیەم، هاوڕیشەیی زمان.

چوارەم، پەیوەندی نێوان زمان و واقیع.

سەبارەت بە دیدی فەیلەسوفانی ئەوروپی، بابەتی فەلسەفەی زمان، بەرەو ئەو ئاراستەیە دەچێت کە بابەتێکی وابەستە بێت، نەک سەربەخۆ. ئەو فەیلەسوفانە باوەڕیان وایە کە نزیکترین بابەت لە فەلسەفەی زمان بریتییە لە لۆژیک، بۆیە وا مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکرێت، کە ئەو بابەتە بەشێک بێت لە بابەتی لۆژیک.

وەک هۆرسێی ٢٠٠١، ل٥٢ نکوولی لەوە ناکات کە پەیوەندییەک لەنێوان لۆژیک و زمانەوانیدا هەیە، ئەی ئەوە نییە زمانەوان ئامرازی لۆژیک لە واتاسازیدا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی هەندێ ئەدگاری زمان لە واتای زماندا بخەنە ڕوو. پەیوەندی لۆژیک و زمان لەوەدایە کە بابەتی لۆژیک زیاتر کاری فەیلەسوفەکانە، هەرچی زمانە کاری زمانەوانەکانە. هەر هۆرسێی ( هەمان سەرچاوە ) باوەڕی وایە لۆژیک بریتییە لە توێژینەوە لە سیستەمە ئەبستراکتەکانی هزرکردن لای فەیلەسوفەکان، لە لایەکی دی توانای تێگەیشتن لە زماندا بریتییە لە پێگەیشتنی بایۆلۆژی."

یەکەم: سروشتی واتا.

هەر لە کۆنەوە ئەفلاتۆن لە سەر ئەوە دواوە، کە شتەکان ئەو کاتە واتایان دەبێت، کە لە سروشتدا بوونێک هەبێت واتای ئەو شتە ببەخشێت. ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی ( شت) و ( وشە) لەمێژە هەڵوەشاوەتەوە، چونکە هەردەم دال و مەدلول وەک یەک نین، لەوەش زیاتر هەندێ بوون وەک خودا و فریشتە... دالی بەرجەستەیان لەم جیهانەدا نییە.

لە پاش ئەفلاتۆنەوە، فەیلەسوفانی زمان گەڕان بە دوای سروشتی واتا خەمی یەکەمیان بووە. ئەوان هەوڵیان دەدا ئەوە شرۆڤە بکەن، کە واتا چییە : چ شتێک واتای هەیە؟؟ یان لە سەر چ بنەمایەک شت واتا یان ناو وەردەگرێت ؟ هاوواتایی یەکێ لەو پەیوەندییە واتایانەیە، کە چۆن لە زمانێکدا بوونیان دەبێت. هاوکێشەی (شت)ێک بەرانبەر ( چەند وشەیەک) لە یەک زماندا، دەرفەتێکی تر دەبێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی گریمانەکەی ئەفلاتۆن. کەواتە ئەو بابەتانەی قسە لە سەر هاوواتا دەکەن خۆی لە خۆیدا قسەکردنە لە سەر بنەچەی واتا خۆی هەروەها چۆن هەر واتایەک لە سروشتدا بەرجەستە دەبێت.

پرۆژەیەکی تر لە سروشتی واتادا، گەنگەشە و تێڕامان هەڵدەگرێت ئەویش شرۆڤەکردنی گریمانێکە، کە دەڵێت : " ڕستەکان لە یەکەی واتادار پێک هاتوون لە واتای بەشەکانی". لە نەزەر زمانەوانێکی وەک ستاگەبێرگ، ئەوکاتە وشەکان واتایان هەیە، کە توانای وەستان هەیە لە نێوان دوو وشەدا.

فەلسەفە تاکو ئێستا دەستەودامانە لە ئاست " واتای مەجازی – میتافۆری "، چونکە ئەو جۆرە واتایە هەم واتایەکی هۆشەکی و ئەبستراکتە هەم ئەو مەدلولەی لای ئاخاوتنکەر هەیەتی ، لای وەرگر جۆرەکی دییە.

دووەم: بەکارهێنانی زمان.

ئەوەی زمانەوانی و پراگماتیک لە یەک جیا دەکاتەوە: زمان و بەکارهێنانی زمانە. قسەکردن لە سەر سیستەمێکی شاراوە لە زماندا دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە و دەیەی سەدەی بیستەم.هەر زمانێک ئەو سیستەمە شاراوە بەڕێوەی دەبات، بریتییە لەوەی زمان وەک سیستەمێک، قبوڵی هەندێ ڕیزبوونی پیتی لە هەندێ زماندا دەکات و لە هەندێکی تر ناکات.

هەرچی بەکارهێنانی زمانە لە پراگماتیکدا قسەکردنە لە سەر ڕەوشی زمانەوانی و نازمانەوانییە بۆ دەرخستنی واتای وشە. لەو پرۆسەیەدا زیاتر ڕەوشی زمان –کۆنتێکست – لە خودی زمان ئامادەگی هەیە.

لە بواری فەلسەفەدا، بەکارهێنانی زمان واتایەکی دی وەردەگرێ و نزیک دەبێتەوە لە ( زمانەوانی کارەکی ) و ( واتاسازی)دا، بە کورتی مەتڵەبی دووەمی فەلسەفە و زمان بریتییە لەوەی کە ئەو مژارە هەوڵ دەدا تێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان ئاخێو و وەرگر لەمەڕ زمان لە پەیوەندیکردندا فەراهەم بکات، هەروەها چۆن زمان لە ئاخاوتنی کۆمەڵایەتی بەکاردێت. سەرەڕای سودی تایبەتی

بەکارهێنانی زمان و ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: فێربوونی زمان، داهێنانی زمان و کردە قسەییەکان.

سێیەم، هاوڕیشەیی زمان.

زمان و مێشک لە پەیوەندی دیالێکتیکی دان. لە زمانەوانی دەماردا قسە لە سەر دوو ناوچەی مێشک کراوە، لە فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش بە بەڵگەی زمانەوانی ئاماژە بەو دوو ناوچەیەی مێشک کراوە:

یەکەم: ناوچەی برۆکا

زۆر زمانەوانی تایبەت بە نیرۆزمانەوانی لە بارەی ئەو شوێنەوە دواون. دەیڤید کریستال (١٩٩٢،ل٥٠) دەنووسێت: "ئەو ناوچەیە بەو ناوە ناونراوە پاش ئەوەی پۆل برۆکا ١٨٢٤-١٨٨٠ ی نوژداری فەرەنسی لە ڕێگای نەخۆشەکانییەوە ئەو شوێنەی لە مێشک دیاری کرد.ئەو شوێنە تایبەتە بە کێشەکانی دۆزینەوەی وشە. " ماسیۆس (٢٠٠٧ ، ل ٤٥ ) لە فەرهەنگە زمانەوانییەکەیدا ئاوا لە دەڤەری برۆکا دەدوێت : " بەشێکە لە مێشک لە لای نەخۆشێکی پۆل برۆکا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە کە ناوچەکەی لە مێشک دوچاری زیانێکی گەورە ببوو." ئایچسین(١٩٩٢،ل ١٣٣)وردتر لە کریستال و ماسیۆس ئەو شوێنەی مێشک وەسف دەکات و دەنووسێت : " ئەو گەنگەشەیە ئەو کاتە دروست بوو، کاتێک پۆل برۆکا وەک سەرە دەبووسێک ئەو شوێنەی لە مێشک دیاری کرد، " لەنەزەر ئایچیسین ئەو شوێنە دەکەوێتە نێوچەوانی مرۆڤ، نەختێک سەرەوەی گوێی

چەپە. ئەو شوێنەی دوو نەخۆش بریندار ببوو، لە ئاکامدا بە خورتی دەیانتوانی هیچ جۆرە ئاخاوتنێک بکەن. ئەمە لە سەدەی نۆزدە بوو، هەتا ئەمرۆش هەر برینداریەک لە دەڤەری برۆکا ڕوو بدات، کێشەیەکی توند لە ئاخاوتن بەرپا دەکات..."

لە دیراساتی زمانەوانیدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە ئەو بەشە چەپەی مێشک، تایبەتە بە پرۆسەی قسەکردن.هەر کاتێک مرۆڤێک لە ڕووداوێکی وەک لێکدانی دوو ئۆتۆمبیل، ناوچەی برۆکای توشی بریندار بووبێت، ڕاستەوخۆ ئەو بریندارە توشی گیروگرفتی ئاخاوتن دەبێت.

**دووەم: ناوچەی وێرنیکا**

ئەو ناوچەیەش لە ڕێگای توێژینەوە پزیشکییەکان هاتۆتە ناو جیهانی زمانەوانی. دوای دۆزینەوە پزیشکییەکانی برۆکا، هەر لە سەدەی نۆزدەدا پزیشکێکی ئەڵمانی هەر لە ڕێگای نەخۆشەکانییەوە بۆی دەرکەوت شوێنی تر لە مێشکدا هەیە پەیوەندی بە قسەی نەخۆشەوە نییە و لە بوارێکی تر پەیوەندی بە زمانەوە هەیە. کریستال ( ١٩٩٢، ل ٤١٨ ) دەنووسێت :"کارل وێرنیکەی نیرۆلیجستی ئەڵمانی ١٨٤٨-١٩٠٥ پاش دیراسەکردنی مێشکی نەخۆشێک دەرکی بەوە کرد کە مێشک هەر تەنیا پەیوەندی بە قسەکردنەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە تێگەیشتنەوەش هەیە. ئەو شوێنەی ئەو دیراسەی کرد، بەناوی خۆی ناسرا ". هەر کریستال لە هەمان کتێب و لاپەڕەدا دەربارەی دەڤەری وێرنیکا دەنووسێت :" ناوچەیەکە لە مێشکی مرۆڤدا

دەکەویتە بەشی سەرەوەی نەرمەی گویٚ-پەڕەی گویی میشک. ڕوشانی ئەو شوینە دەبێتە هۆی دژوار حاڵیبوون یان هەر کەڕبوون. " هەروەها فرانک پارکەر و کاسرین ڕیلیی ( ٢٠١٠، ل ٢٨٥) دەربارەی ئەو ناوچەیە دەنووسن : " ئەو نەخۆشانەی لای برۆکا توێژینەوەیان لە سەرکرا، دەرکەوت ئەو نەخۆشانە دەتوانن گوییان لە قسە بێت، بەڵام ناتوانن قسە بەرهەم بێنن، بە پێچەوانەوە ئەو نەخۆشانەی لای وێرنیکا توێژینەوەیان لە سەرکرا، دەرکەوت دەتوانن قسە بەرهەم بێنن، بەڵام ناتوانن گوییان لە قسەی بەرامبەر ببێت..." لە لاپەڕە ٢٨٦ی هەمان کتێب دەنووسن: " ناوچەی وێرنیکا نزیکە لە بەرگی بیستنی سەرەکی لە لای چەپی سەرەوە..."

لەو هاوکێشەیەی زمان و مێشکدا، ( لاڵی کردارەکی کاتی، نەک بایۆلۆژی ) و (کەڕی کردارەکی کاتی، نەک بایۆلۆژی ) دروست دەبێت.

جگە لە پەیوەندی زمان و مێشک-دا، مەتڵەبی سێیەم لە پەیوەندی فەلسەفە و زماندا کێشەی زانینی زمان لە لای وەرگێڕەوە دەکۆڵێتەوە. لە پرۆسەی وەرگێڕانەوە هەر تەنیا قسە لە سەر گواستنەوەی ( وشە ) ناکرێت، بەڵکو ( کەلتور )یش لەو گواستنەوەیەدا بەشدار دەبێت، چونکە وشەکە لەو زمانەدا بارگاوی کراوە بە کەلتوری زمانەکە، ئینجا کاتیٚ ئەو وشەیە بۆ وشەی زمانێکی تر (زمانی ئارمانج) دەگوازرێتەوە، ئەوە کەلتوری زمانی سەرچاوەش بۆ کەلتوری زمانی ئارمانج

دەگوازرێتەوە. بۆ نمونە لە پرۆسەی گواستنەوەی فەلسەفەی یۆنانیدا، تارمایی کەلتورێکی زەندەقی هزری لە ڕۆژهەڵات دروست بوو.

**چوارەم: پەیوەندی نێوان زمان و واقیع**

فەیلەسوفانی زمان توێژینەوە لەوە دەکەن کە چۆن( زمان و واتا) پەیوەست دەبن بە ڕاستی و جیهاندا، ئاراستەی ڕاستی فەیلەسوفی زماندا لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکەن ئاخۆ ڕستەیەکی بێ مانا دەکرێت هەڵە یان ڕاست بێت یان ئاخۆ دەکرێت ڕستەکان گوزارشت لە پێشنیازێک دەربارەی شتەکان بکەن کە لە بنەڕەتدا ئامادە نین؟؟

لە هەناوی زمانەوانی فەلسەفیدا، دوو واتا ئامادەگیان هەیە: یەکەم: واتای زمانەوانی، دووەم: واتای پڕاگماتیکی.

**یەکەم: واتای زمانەوانی**

بە شێوەیەکی گشتی چەند شرۆڤەیەک بۆ واتای زمانەوانی هەیە و هەر یەکەیان پەیوەندیان هەیە، بە زمانی جەستەوە، لەوانە :

١. تیۆرەکانی ئایدیایی واتا

جۆن لوک و بەرکەرلی و هیوم لە پێشەنگی ئەو بیرمەندانە بوون کە باوەڕیان بەو دیتنە ئایدیاییەی واتا هەبوو.ئەو بیرمەندانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە واتا خاوەن ناوەڕۆکێکی هۆشەکیە و ئەوەی دەیجولێنێ هێماکانن.ئەو دیتنە ڕووبەڕووی چەند

ئاریشەیەک دەبێتەوە بە تایبەتی لە لای بیرۆکەی ئیتەرنالیزمی واتایی.

٢. تیۆرەکانی مەرجی ڕاستی

ئەم جۆرە دیتنە بۆ واتا، واتا دەخاتە ناو تەرازوویێک کە ڕاستی یان هەڵە هەڵدەگرێت. فەیلەسوفەکانی ئەو بوارە و دیتنە بریتین لە ئالفرێد تارسکی و دۆنالد داڤیدسنن.

٣. تیۆری کردە قسەی واتا

تیۆری کردە قسەییەکان نویَ نییە، بەڵکو بیرمەندەکانی پێشوو لێی دواون، بەڵام ئەوە ئۆستین بوو لە سەردەمی ئێستادا پەرەی پێدا.

تیۆرەکانی زمان ( لە نێویان تیۆری کردە قسەییەکان ) پەیوەندیان بە بیرۆکە شۆرشگێرەکان هەیە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن ( ئاخاوتن ) تەنیا ڕەگەزێکی پاسیڤ نییە لە وەسفکردنی واقیعدا، بەڵکو ئەو ئاخاوتنە لە ڕێگای کردە قسەیەکاندا ئەو ( واقیعە کۆمەڵایەتییە) دەگۆڕێت.

**دووەم: واتای پڕاگماتیکی**

ئەم تیۆرە بریتییە لە هەر تیۆرێک کە واتا یا تێگەیشتنی ڕستە لە ئاکامی پیادەکردنی، بڕیاری لە سەر دەدرێت. ئەو دیاردەی سەرەوە زیاتر لە پراگماتیکی ئەمەریکی سەدەی بیستەم ئامادەگی هەیە. واتای نازمانەوانی بریتییە لەو واتایەی لە ڕێگای زمانی

جەستەوە دەگوازرێتەوە هەروەها لەو تیۆرەدا واتا بریتییە لە بەرئەنجام.

## ئەنجامگیری

دیتنی زمان لە پەناگەی لۆژیک و فەلسەفەدا، زمانەوانییێکی دروست کرد، بە ناوی زمانەوانی فەلسەفی. لە زمانەوانی و زمانەوانی فەلسەفیدا ( زمان و لۆژیک ) بوونیان هەیە.ئەو شرۆڤەکردنەی ئاریێشەکانی زمان بە ئامراز و میکانیزمی فەلسەفیدا، گرێکردنەوەی گرێ کوێرەکانی زمان نین، بەڵکو خۆ نزیککردنەوەی فەیلەسوفەکانە لە لایەنە پەنهاکانی زمان.
قسەکردن لە سترەکچەری نهێنی زمان، کاری زمانەوانە، بەڵام لە دیدی ئێمە بەهای کارەکتەری ( زمانەوان ) لە ( زمانەوان-ی شەهادەدار ) زیاترە، بۆیە فەلسەفە لە مەملەکەتی زماندا نامۆیە، بەڵکو شوێنی دروستی ئەو مەملەکەتی هزر و لۆژیکە، بۆیە بوونی فەلسەفە لە هاوکێشەی زمان و فەلسەفەدا لاوەکیە، نەک سەرەکی.

## سەرچاوەکان

1- Aitchison, Jean (1992) Teach Yourself Linguistics. London: Hodder Headline.

2- Crystal, David (1992) An Encyclopedic Dictionary of Language and Languages. Oxford: Blackwell Publishers.

3- Horsey, Richard (2001) Teach Yourself 101 Key Ideas: LINGUISTICS. USA: McGraw-Hill

4- Matthews, Peter (2007) The Concise Oxford Dictionary of Linguistics. Oxford: Oxford University Press.

5- Parker, Frank and Riley, Kathryn (2010) Linguistics for Non-Linguists: A Primer with Exercises. USA: Allyn & Bacon.

6- Stageberg, Norman (2000) An Introductory English Grammar. USA: Thomson Learning.

# کورداندنی یاساکان لە باشووری کوردستاندا

پارێزەر/ تارق جامباز

(١)

سیاسەتی زمان بوونی نەتەوە دەچەسپێنێت، بۆ چەسپاندنی زمانیش دەبێ یاسای زمانە فەرمییەکان هەبێ کە لە (٤٧١) وڵات و هەرێم لە جیهاندا دەرچوون. لێرەدا دەبێ بپرسین ئەدی بۆچی ئەوە بیست و دوو (٢٢) ساڵە لە پەرلەمانی کوردستان دەرناچێ؟ گەرچی پرۆژە یاسایەک لەم بارەوە بە ئیمزای (٥٠) پەنجا پەرلەمانتاری خولی سێیەم پێشکەش کرا و خوێندنەوەشی بۆ کرا، سەرەڕای وەڵامی لایەنی پەیوەندیدار (وەزارەتی رۆشنبیری و ئەکادیمیای کوردی) گەیشتۆتە ئەنجومەنی وەزیران و لای لیژنەی پسپۆڕە، بەڵام نازانین بۆچی و لەبەرچی ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان نەکرایەوە، گەرچی نێوانیان چەند مەترێکە..!

بەهەرحاڵ خەمخۆرانی کوردانی زمانی دادگا و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی دادی حکومەتی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٠)ەوە دەستی پێ کردووە، لەوەزارەتی داد لیژنەیەکی حەوت کەسی لە (دادوەر و داواکاری گشتی و پارێزەر و

دەرچووانی بەشی زمانی کوردی) پێک هێنرا و حەوتانە سێ ڕۆژ بە پشتبەستن بەفەرهەنگەکان و لەزمانزانان و بەساڵاچوانمان پرسیوە هەوڵی ئەوانە پێشتر لەبەرچاو گیراوە و لیژنەکە دوای دەرچوونی فەرمانی وەزاری لە ٢٠٠٠/٦/١٠ دەست بەکار بوون، توانیان بەشی یەکەم لە زاراوە یاساییەکان و دوو سەد فۆرمی فەرمانگەکانی وەزارەتی داد (تاپۆ، خانووبەرە، دادنووس، جێبەجێکاری داد، نامەکان) ئامادە بکەن و سوودیان وەرگرتووە لەو نووسینانەی پێشتر کراوە، بەڵام هەندێ پارێزەر کە بریاری کورداندنی یاسا دەرچوو بە تەوسەوە دەیان گوت (زمانی کوردی و قانون کوجا مەرحەبا؟!) بەڵام دواتر ئاشکرا بوو کە قسەکەیان بڵقی سەر ئاو بوو، چونکە پشتگیریی و پشتیوانی یاساناسانی بەگەرموگوری لێکرا و لەبەرنەبوونی ئەرشیف و شوێن بۆ هەڵگرتنی دیکۆمێنتەکان بۆیە چەندی کردم دانەیەک لە زاراوە و فۆرمەکانم بەدەست نەکەوت، و پێشتر دانەی خۆم دا بە مامۆستای هێژا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و کە داوام لێکردەوە لەکتێبخانەکەی نەیدۆزییەوە و شەش ئەندامەکەی دیکەش هیچ کامیان لایان نەبوو یان نەیان دەزانی لەکوێ هەڵیان گرتووە، بەناچار بەئەرشیفەکەم داچوومەوە و ژمارەیەکی زۆریانم دۆزیەوە و داوام لە کاک محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی کرد، ئەویش جوامێرانە بەدەنگمەوە هات، چونکە لە وەزارەتی داد، سکرتێری لیژنەی بەکوردیکردن بوو، ئەویش ژمارەیەکی چاکی بەدەست کەوت، و بە نیازم چەندین دانەی لەسەر کۆپی بکەم

تاكو بزانرێ بۆ كوردانددنی یاسا چ كراوه و له ئاییندەشدا باشتر و پوختر و بەشێوازێكی فراوانتر چاومان پێ ڕوون بێتەوه بەمەرجێ جێبەجێ بكرێ.

(٢)

چەندین ساڵ بوو هزر و بیرم لەكوردانددنی یاسا دەكردەوه، هەندێ بابەت و دیكۆمێنتی كوردانددنی یاسام لەرۆژنامه و گۆڤارەكان بڵاو كردەوه و گۆشەیەكیشم له ڕۆژنامەیەک هەبوو و دواتر لەگەڵ یاساناسانی دیكه گۆڤاری یاساپارێزیمان دەرچواند، كه گۆڤارێكی ساڵانەیه و به زمانی كوردی دەردەچێت و هەژده پاشكۆی چاپكردووه، و له زۆربەی ژمارەكانیش، كه چوارده ژمارەی لێ دەرچووه (فەرهەنگۆكی یاسا پارێزیشمان) تیادا دانا بوو، دواتر له شێوەی كتێبێک بەهەمان ناو بەچاپ گەیەنراوه، تا ئێستاش پێنج جار چاپ كراوەتەوه.

لەساڵی دووهەزار و له ڕێكەوتنی كیمیابارانكردنی هەڵەبجەدا، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یاساپارێزی سەردانی وەزیری دادمان كرد و داوای جێبەجێكردنی ماددەی پێنجەممان لەیاسای ژ١٤/١٩٩٢ یاسای دەسەڵاتی دادوەری كرد، كه ئەمەش دەقەكەیەتی " زمان لەدادگاكاندا كوردی دەبێ، بەڵام دادگا بۆی هەیه بەهۆی وەرگێڕەوه دوای سوێنددانی گوێ له قسەی دژكاران (الخصوم) و شایەتەكان بگرێ ".

بەرڕێزیان گوتی باشه، بەڵام جێبەجێكردنی زەحمەته، منیش گوتم ئێمه له دەستەی نووسەرانی گۆڤاری یاسا پارێزی و

یاساناسانی خەمخۆری زمانی کوردی ئامادەن هەموو کاتێکیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکەن تاکو بەکردەیی پشتیوان و پشتگیری بکەن لە فەرمانی وەزاری کە لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٥/٢٢ دەرچووە و لە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ جێبەجێ بکەن. ئێمە لە گۆڤارەکە دەستمان کرد بە ئامادەکردنی چەندین زاراوەی یاسایی و فۆرم تاکو یەکسەر پراکتیزە بکرێ، و توانرا بۆ یەکەمینجار لە دیرۆکماندا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک چاومان پێی ڕوون بێتەوە، ئەوە چواردە ساڵیشە کورداندنی یاسا لە باشووری کوردستان جێبەجێ دەکرێ.

تێبینی: هەندێ لەفۆرمەکان، دواتر بەگوێرەی پێداویستی دەستکاری وشەکانی کراوە.

ژمـارە :٣٤٣

## " فەرمـــانی وەزاری "

لە پێناو پیادەکردنی ماددەی پێنجەم لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە / ١٤ ساڵی ١٩٩٢ کە جەخت دەکاتە سەر بە کارهێنانی زمانی کوردی لە دادگاکان، بڕیارماندا:..

١. سکاڵانامە و داواکـاری و دادبینـی و دادگـایی کـردن لـە گشـت دادگاکـانی هـەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی بێت .

٢. کۆنووس و گوفتار لایەنە دژ کارەکان و شایەتەکان بە کوردی وەردەگیرێت .

٣. بڕیارە دادوەرییەکان بە کوردی دەردەچێت و ئەگەر زاراوەیەکی یاسایی نامۆ بـوو دەتوانرێـت هـەر بـە عـەرەبی بنووسـرێت یـان بـە زاراوەیـەکی کـوردی و زاراوە عەرەبییەکەی لەتەکەوە لە نێو دوو کەوانە بنووسرێت .

٤. ئەم فەرمانە لە ڕێکەوتی ٢/٦/٢٠٠٠وە کاری پێ دەکرێت .

هـادی عـلی
وەزیـــــــری داد

هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی داد

بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب. پەیوەندییەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

Kurdistan Region
Council Of Ministeris
Ministry Of Justice

ژمارە: ٦٤٢/٣
ڕێکەوت: ٧/٦/٢٠٠٠

## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٠

پشت بە دەسەڵاتی مادەی ژمارە (٦٤) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٩٩٢، و بۆ پیادەکردنی مادەی (٥) لەهەمان یاسا، سەبارەت بەکوردی کردنی دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەو ڕێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد:

١- لە ڕێکەوتی ٣/٦/٢٠٠٠ بەدواوە سکاڵای داواکان (لائحه الدعوى) بەکوردی پێشکەش دادگاکان دەکرێت و کۆنووسی دادوەریش بەکوردی دەبێت.

٢- بڕیارەکانی دادگا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەکرێت.

٣- داواکانی پێش ٣/٦/٢٠٠٠ تاکۆتایی پێهێنانیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو بەعەرەبی کۆنووس دەکرێت.

٤- ئەو کلێشەو فۆرمانەی بۆ بەڵگەنامەکانی دادگای باری کەسینە پێشتر گۆراونەتەسەر زمانی کوردی بلاو دەکرێتەوە سەر دادگاکان و هاووڵاتیان و چیتر فۆرمە کۆنەکان بەکارنایەن.

٥- لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆرانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆرینی کلیشەکانی دادگاکان بۆ سەر زمانی کوردی و ئامادەکردنی فەرهەنگۆکی یاسایی تایبەت بەدادگاکان.

٦- بەکوردی کردنی دادگاکانی سەر بەسەرۆکایەتی دادگای تاوانی دهۆك تاماوەیەکی تر دوادەخرێت.

هادی علی
وەزیری داد

## رێنمایی ژماره (١) ساڵی ٢٠٠٠

پشت بــه دەسـەڵاتی مـاددەی (٦٤) لـه یاسـای دەسـەڵاتی دادوەری ژمـاره (١٤)ی ساڵی ٩٩٢، و بۆ پیادەکردنی مادەی (٥) لەهەمان یاسا، سەبارەت بـەکوردی کردنـی دادوەری لە دادگاکانی هەرێمی کوردسـتانی عـێراق ، ئـەو رێنماییانـەی خوارەوەمـان دەرکرد:..

١ لـه رێکـەوتی ٢٠٠٠/٦/٣ بـەدواوه سـکاڵای داواکـان (لائحـه الدعـوى) بـەکوردی پێشکەش دادگاکان دەکرێت و کۆنووسی دادوەریش بەکوردی دەبێت.

٢. بڕیارەکانی دادگا تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٠ بەعەرەبی دەردەکرێت.

٣. داواکانی پێش ٢٠٠٠/٦/٣ تاکۆتایی پێهێنانیان وەك خۆی دەمێنێتەوەو بەعـەرەبی کۆنووس دەکرێت.

٤ ئەو کلێشەو فۆرمانەی بۆ بەڵگەنامەکانی دادگای باری کەسـینە پێشـتر گۆڕاونەتـە سەر زمانی کوردی بە سەر دادگاکان و هاووڵاتیاندا بڵاودەکرێنــەوە و چیـتر فۆرمـە کۆنەکان بەکارنایەن.

٥. لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە وەزارەت لە پسپۆرانی زمانەوانی و یاسایی بۆ گۆڕینی کلیشەکانی دادگاکان بـۆ سـەر زمـانی کـوردی و ئامـادەکردنی فەرهـەنگۆکی یاسـایی تایبەت بەدادگاکان.

٦. بەکوردی کردنی دادگاکانی سەر بەسەرۆکایەتی دادگای تاوانی دهـۆك تاماوەیـەکی تر دوادەخرێت.

**هــادی علــی**

**وەزیـــــــــری داد**

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستانی عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وەزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی<br>"پەیوەندیەکان" | بسم الله الرحمن الرحیم<br>بەناوی خوای گەورەو میهرەبان | أقلیم کوردستان العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>ژمارە : / العدد : ٢٨٨/٢<br>ڕێکەوت / التاریخ : ٢٠٠٠/٦/٨ |

**" فــــەرمانی وەزاری "**

بۆ پیادە کردنی فەرمانی وەزاریمان ژمـــارە ٣٤٣ لـە ٢٠٠٠/٥/٢٢و ڕێنمـایی ژمـارە (١)ی ڕۆژی ٢٠٠٠/٦/٧ بریارماندا :٠٠

١. لیژنەیەك لەم بەڕێزانـەی خـوارەوە پێك بـهێنین بـۆ بـە کـوردی کـردن و ئامـادەکردنی گشـت ئـەو سکالآنامە و داواکاری و کەلێشانەی لە دادگاکاندا بە کاردەهێنرێن :٠٠

١. بەڕێز دادوەر عبدالکـریـم أبو بکـر هموند/ بەڕێوەبەری دادی گشتی ـــ سەرۆك .
٢. بەڕێز دادوەرحـاجی محمد طاهر / ئەندامی دادگای تێهەڵچوونەوە ـــ ئەندام .
٣. بەڕێز دادوەر ڕۆوف رشید عبدالرحمن / دادوەری دادگای بەرایی ـــ ئەندام .
٤. بەڕێز دادوەرعبدالباسط فرهادی / دادوەری دادگای لێکۆڵینەوە ـــ ئەندام .
٥. بەڕێز بشیر حسێن / ئەندامی داواکاری گشتی ـــ ئەندام .
٦. بەڕێز طارق جامباز / پارێزەر ـــ ئەندام .
٧. بەڕێز محـــمد حســن ڕۆژبەیـانی/ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان ـــ سکرتێری لیژنە .

٢. لیژنە بۆی هەیە ئەندامی تر لە دەرەوە پێشنیار بکات و سوود لە شارەزایی کەسانی تر وەربگرێت

هـادی علـی
وەزیـــــــری داد

وێنـەیەك بـۆ :٠٠
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران . بۆ ئاگاداری لە گەڵ ڕیـــزدا .
- سەرۆکایەتی دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان .
- سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .
- سەرۆکایەتی دەستەی سەرپەرشتیاری دادی
- سەرۆکایەتی دەستەی دارشتنی یاسایی .
- سەرۆکایەتی دادگای تێ هەڵچوونەوە .
- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانووبەرە .
- ئاویـــــروان .
- بەڕێوەبەرایەتیەکانی دیوانی وەزارەت ٠٠٠٠٠

بـــۆ ئاگاداری لە گـــەڵ ڕێـــــــزدا .

| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستانی عێراق<br>ئەنجوومەنی وەزیران<br>وزارەتی داد<br>بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی<br>.../.../ کەسایەتی ././...... | بسم الله الرحمن الرحيم<br>بەناوی خوای گەورەو میهرەبان | أقليم كوردستان العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة العدل<br>ژمارە : / العدد : ع / ٧ / ٩٦٢<br>رێکەوت / التاريخ ١٥ / ٧ / ٢٠٠١ |

(( فەرمانـــــــــی وەزاری ))

..............

بو ئەنجامدانی هەندی کاری پێویست بڕیارماندا بە ناردنی ( ایفاد ) ئەم بەڕیزانەی کە ناویان لە خوارەوە هاتووە بو دام و دەزگا و دادگاکانی سەرپەرەکایەتی دادگای جنایاتی دهوك لـــــە بەرواری ١٥/ ٧/ ٢٠٠١.

هـــادی علـــي

وەزیـــــــــری داد

| ناوەکــان | ناو نیشان و شوینی کارکردن |
|---|---|
| ١. بەڕیز دادوەر عبدالكريم ابوبكر هەوند | بەڕیوەبەری دادی گشتی |
| ٢. = = جاجی محمد طاهر عقراوی | سەروکی داوا کاری گشـــتی |
| ٣. = طارق محمد جابـــــاز | ئەندامی دەستەی لیژنەی بەکوردی کردنی وەزارەت. |
| ٤. = محمد حسن ابراهیـــــم | سکرتیری = = = = = |

وینە یەك بـــو //

- سەروکایەتی داواکاری گشـــتی.
- سەروکایەتی دادگای تیهەلچوونەوەی ناوچەی هەولیر.
- سەروکایەتی دادگای جنایاتـــی دهـــوك.
- بەڕیوەبەرایەتی گەنجینەی باریزگای هەولیر.
- بەڕیوەبەرایەتی زمیریـــــــاری وەزارەت.
- ناوبراوان.
- دوسیەی کەســـــی / ٢.

هەرێمی کوردستان / عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی داد
بەڕێوەبەرایەتی دادی گشتی
ب . پەیوەندیەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

KURDISTAN REGION / IRAQ
COUNCIL OF MINISTERIS
MINISTRY OF JUSTICE
NO : ژمارە / ٢/ ١٥٤٨
DATE : ڕێکەوت / ٢٢ / ٨ / ٢٠٠٠

بۆ/ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
ب/ فۆرمە کوردییەکان

دوابەدوای فەرمانی وەزاریمان ژمارە ٣٨٨ لە ٢٠٠٠/٦/١٠
هاوپێچ لە گەڵ نووسراوماندا وێنەیەک لەو فۆرمانەتان بۆ دەنێرین کە لیژنەی بە کوردی کردنی دادگاکان وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ، بۆ ئەوەی لە کاروباری دادگاکاندا لە جیاتی فۆرمە عەرەبییەکان کاریان پێ بکرێت و پەیڕەوی بکرێن ... لە گەڵ ڕێزدا .

عەدنان نەقشبەندی
وەزیری داد بە وەکالەت

هاوپێچ : ..
فۆرمەکان لە ژمارە ١ تا ٥٦

وێنەیەک بۆ : ..
☒ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران .لەگەڵ وێنەیەک لەو ٥٦ فۆرمەی کە لیژنەی ناوبراو وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی ...لەگەڵڕێزدا.
☒ وەزارەتی رۆشنبیری . لەگەڵ دانەیەک لە فۆرمەکان...لەگەڵ ڕێزدا.
☒ سەرۆکایەتی دادگای پێداچوونەوە.
☒ سەرۆکایەتی داواکاری گشتی .
☒ سەرۆکایەتی دەستەی دارشتنی یاسایی
☒ سەرۆکایەتی سەر پەرشتیاری دادی
☒ بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارگای خانوو بەرە .
(لەگەڵ دانەیەک لە فۆرمەکان...لەگەڵ ڕێزدا.)
☒ سەرۆکایەتی دادگای تاوانەکانی دهۆک . دانەیەک لەو فۆرمە کوردیانە هاوپێچە ، تکایە لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرن لە گەڵ ڕێزدا .
☒ لیژنەی بە کوردی کردنی فۆرمەکان .
☒ پەیوەندییەکان .

نموونە / ١

**بە ناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

**هەرێمی کوردستان/ عێراق**
**وەزارەتی داد**
**دادگای باری کەسایەتی ......**

ژمارەی داوا :
رێکەوت : / /

**پێڕاگەیاندن**

کاتژمێر ( ) ی سەر لە بەیانی ( / / ) دیـار کراوە بۆ بینینـی داوای ژمارە ( ) تکایە، خۆتان یان بریکارتان لەکاتی دیاری کراودا لـە دادگـا ئامـادە بن. ئەگەر نا ، بەپێی یاسا پاش ملە دادبینیتـــــان دەرهەق دەکرێت .

قـــازی

نموونە / ٣

**بە ناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

**هەرێمی کوردستانی/ عێراق**
**وەزارەتی داد**
**دادگای باری کەسایەتی /.......**

ژمارە/
رێکەوت/

**مـــارە بریـــن**

من ........................... کە قازیی دادگای باری کەسایەتیم لە ................ ئەم رووداوەی خوارەوەم تۆمار کرد:

خوازیار........................ و خوازراو ........................ لەدادگا ئامـادە بـوون وراپۆرتـی تەندروستییان پیشان دا کەتووشی هیچ نەخۆشییەکی درم نەهاتوونـە وبـەپیێی ناسـنامەی بـاری شارستانی خۆیان بە دادگا ناساند. دوای پێشکەش کردن ورەزامەندی هـەردووکیان مـارە یـیـان لەسەر (                ) برا ، مارەیی پێشەکی کە وەرگیراوەو (                ) مارەیی پـاشەکـی کـە لـە ئەستۆی مێردەکەدا ماوەتەوە. بـەم جـۆرە مارەییـان بـراو لـە رۆژی   /   /   تۆمار کرا .

**ناسنامەی باری شارستانی**

| ژن | مێرد |
|---|---|
| تۆمار: | تۆمار: |
| لاپەرە: | لاپەرە: |
| شوێن: | شوێن: |
| تەمەن: | تەمەن: |
| باری هاوسەری: | باری هاوسەری: |

نموونە / ٦

## بە ناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان

هەرێمی کوردستانی /عێراق

وەزارەتی داد

دادگای باری کەسایەتی /.......

رێکەوت/

بەرێز / قازیی دادگای باری کەسایەتی .....................

ب/ داواکردنی بەلگەنامەی لە دایك بوون

ئەو مندالآنەی لە خوارەوە ناویان نووسراوە لە تۆماری باری شارستانی تۆمار نەکراون و بەیاننامەی لە دایك بوونیان بۆ دەرنەکراوە ،تکایە بەلگەنامەی لە دایك بوونیان بۆ دەربکەن لەگەلّ رێزدا.

تۆماری باری شارستانی باوك

ناوو واژووی داواکاری بەلگەنامە

تۆمار:

لاپەرە:

شوێن:

تێبینی/ هاوسەری سەلمێندراوە بەپێی:

| زنجیرە | ناوی مندالّ وباوك وباپیر | نێرینە مێینە | ناوی دایك وباپیر | ئایین | رۆژ و شوێنی لەدایك بوون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |
| ٥ | | | | | |

بەڕێوەبەرایەتی باری شارستانی:.............

زانیاری یەکان لەگەلّ تۆمارەکەمان ———

یەك دەگرنەوە

یەك ناگرنەوە

بەربەستەکان:

فەرمانبەری تایبەت

بڕیاردەدەری دادوەری : بۆ تۆمارکردن

فەرمانبەری تایبەت

قــازی

نموونە / ٩

**بە ناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان**

**هەرێمی کوردستانی /عێراق**
**وەزارەتی داد**
**دادگای باری کەسایەتی /.......**

ژمارە/
رێکەوت/

## وەفاتنامە

من .................................. کە قازیی دادگای باری کە سایەتیم لە..........................

ئەم رووداوەی خوارەوەم تۆمار کرد :

بە پێی داواو شایەتی ، بۆمان دەرکەوت کە خوالێخۆشبوو ............................ لە / /

مردووە، بەڵام لە فەرمانگەی تایبەتی تۆمار نەکراوە ، بۆیە بڕیارم دا مردنەکەی تۆمار بکەم و ئەم بەڵگە نامەیە بە پێی

ماددە/ لە یاسای تۆمار کردنی لە دایك بوون و مردنی ژمارە ١١٨ ساڵی ١٩٧٩ دەربکرێ.

ئەم بەڵگە نامەیە لە / / دەرکرا ،

**فەرمانبەری تایبەت** **قازی**

| ناو و نازناو | نێرینە / مێینە | ناوی دایك و باوك | ئاین و ولآتنامە | ناونیشانی مردوو | شوێن و رۆژی مردن | ژمارەی تۆمار و لاپەڕە و شار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

نموونەی ژمارە / ١٧

به ناوی خوای بەخشندەو دلۆڤان

هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی داد
دادگای بەرایی ......

ژمـارەی داوا /

## (( پێڕاگەیاندن ))

داواکار :............................. پیشـه :..................... ناونیشـان :...........

داوالێکراو: .................... پیشـه: ........................ناونیشـان :................

کاتژمێر (      )ی سـەر لە بەیـانی رۆژی     /     / ٢٠٠٠ دیار کراوە بۆ بینینی داوای ژمـارە (            )

کە لە لایەن :.................................. لە سەرتان تۆمارکراوە ، تکایە خۆتان یـا بریکارتـان لـە کـاتی دیـار کراودا لە دادگا ئامادەبن ، ئەگـەر نا ، دادبینیەکە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقتان ئەنجام دەدرێت .

دادوەر

رێکـەوت :     /     / ٢٠٠٠

هاوپێچ : ..

١.

٢.

٣.

٤.

---

هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی داد

ژمـارەی داوا /

پێم راگەیەندرا کە لە دادگای بەرایی ............ کاتژمێر (      )ی سەر لەبەیانی رۆژی ..................
ئامادەبم و وێنەیەك لە داوانامەو هاوپێچەکانم وەرگرت بۆیە لە خوارەوە واژووم کرد .

تێبینی راگەیەنەر :

واژووی راگەیەنەر:
نـاو :
ناونیشان :
رێکـەوت :     /     / ٢٠٠٠

واژووی پێراگەیەندراو :
نـاو :
ناونیشـان :
رێکـەوت :     /     / ٢٠٠٠

# چاککردنی هەڵەی هەندێک وشەی بەکارهێنراوی زمانی کوردی

د.نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
م.مستەفا سەید مینە

پێشەکی

هەڵبەت هیچ زمانێک لەسەر ڕووی زەوی نییە تەنها و دوور لە کاریگەریی زمانەکانی دەوروبەری بێت، زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی دیکە لەو نێوەدا کارلێکەر و کارلێکراوە و، چەندەها وشەو زاراوەی لە زمانانی دیکەوە بۆ هاتووە.

تا ئێرە شتێکی سروشتییە، بەڵام وردبوونەوە لەو وشە و زاراوانە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هەندێکیان دوور لە پێوانەی زمانی کوردیی، بە هەڵە بەکاردێن و ، ئەگەر ئەو هەڵە بەکارهێنانە هەر بەردەوام بێت، زمانەکەمان بەرەو شێوان دەڕوات و وردە وردە تایبەتمەندیی و ڕەسەنایەتیی خۆی لە دەست دەدات، بۆیە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا هەندێک لەو وشە و زاراوە هەڵانەمان ڕاست کردوونەتەوە، چونکە زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەو ناسنامەی سەرەکییەتی و، پاک ڕاگرتن و

پاراستنی، ئەرکێکی پیرۆزەو پاراستنی سەرپاکی نەتەوەکەمانی لێ دەکەوێتەوە.

لێکۆڵینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە:

بەشی یەکەم، بۆ لایەنی تیۆریی بابەتەکە تەرخان کراوە، لەم بەشەدا ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا توێژراونەتەوەو بە تەواوی خراونەتەڕوو.

بەشی دووەمیش، وەک تەواوکەر و پارسەنگی بەشی یەکەم، تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی، لێرەدا هەندێک لە وشە هەڵەکانی زمانی کوردی دەستنیشان کراون و ڕاست کراونەتەوە.

## بەشی یەکەم: ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا

لە هەموو زمانانی جیهاندا، کۆمەڵێک ڕێگەی جیاواز هەن بۆ سازکردن و هاتنە ئاراو لە دایکبوونی وشە و زاراوەی نوێ، لە زمانی کوردیشدا هەروەکو زمانی تری جیهان کۆمەڵێ ڕێباز و ڕێگەی تایبەتیمان هەیە بۆ سازکردنی وشەی نوێ، بۆیە لێرەدا گرنگترین ڕێبازەکانی دروستکردنی وشە و زاراوە دەخەینەڕوو:

### یەکەم: ڕێبازی وەرگرتن

لەم جۆرەدا وشە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر فەرز دەکرێن.(١) واتە وشەیەک یان زاراوەیەک لە زمانێکی ترەوە وەردەگرین، ئەمیش هەندێ جار وەرگرتنەکە وەک

خۆی دەبێت، بەڵام هەندێجاری تر وەرگرتنەکە بەهۆی زیادکردنی پیتێک یان زیاتر، یاخود بە کەمکردنەوەی پیتێک یان زیاتر دروست دەبێت. (٢)

دیارە ئەمڕۆش کە زمانی کوردی بەهۆی ڕێبازی وەرگرتنەوە دەیان زاراوەی لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی وەرگرتووە و بۆ دەربڕین لە بیروهەست و ناونانی شتومەکی داهێنراو بەکاری هێناون. (٣)

لێرەدا دەبێ وشە و زاراوە وەرگیراوەکان بخرێنە ژێر ڕکێفی دەستووری زمانی کوردییەوە، هەروەکو لەم بارەوە (د.جەمال نەبەز )دەڵێت: ((هەر وشەیەکی بێگانە هاتە ناو زمانی کوردی دەبێ بخرێتە ژێر ڕکێفی دەستووری زمانەوانی کوردییەوە و لە ڕووی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی و ئۆرتۆگرافییەوە)).(٤) وشەکانیش بۆنموونە وەکو (زەکات، حەج، پۆزەتیڤ، نێگەتیڤ، ئەلتەرناتیڤ، سانسۆر، عەبدوڵلا، عومەر، قادر، ... هتد).

## دووەم: ڕێبازی خوازە

خوازە لە بواری زمانەوانیدا واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە وشەیێک بۆ گەیاندنی واتایەک، جگە لە واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکاربێت. (٥) لە هەمان کاتیشدا خوازە لە بواری ئەدەبیشدا بۆ مەبەستی جوانکاری بەکاردێ، چونکە بابەتەکانی ڕەوانبێژی بە گشتی و خوازە بەتایبەتی لە بواری زمانەوانی نوێدا دەچێتە ناو پراگماتیکەوە (٦).

خوازه لە بنەڕەتدا دوو جۆره: (٧)

١. خوازەی حەقیقی: بەو مانایه دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان دەدات.

٢. خوازەی مەجازی: بەو مانایه دەوترێ کە ڕاستەوخۆ دیاردەیەکی بابەتی واقیعی پیشان نادات، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندییەوه لەگەڵ دیاردەکەیدا مانا دەدات. گومانی تێدا نییە کە خوازه زمان لە دەربڕینە باو و سواوەکان ڕزگار دەکات، کە بە تێپەڕبوونی کات ژەنگ دەهێنن ، دووباره گیان بە بەر زمان و فەرهەنگی وشەکاندا دەکاتەوه. (٨)

بۆ نموونه ئەگەر سەیری وشەی (ئاگرنانەوه) بکەین، دەبینین دوو واتای هەیه، یەکەکیان واتای سەرەکی خۆی، کە (ئاگر بەردان لە شوێنێک کە بسووتێ) دەگەیەنێ و واتای دووەمیان کە خوازەیه و مەبەستی سەرەکی بابەتەکەمانه، بە واتای (هەڵگیرسانی شەڕو ئاشووبنانەوه) دێت .(٩)

یاخود وشەی (ماڵوێرانی) کە لە بنچینەدا ئەم وشەیه بۆ ئەو حاڵەته بەکاردێ، کە یەکێک خانووەکەی خۆی تووشی تێکچوون و وێرانبوون هات بێ، کەچی توانراوه ئەم وشەیه لەم واتایه بگوازرێتەوه بۆ واتایەکی تر، بەجۆرێک کەسێک تووشی ڕووداوێکی ناخۆش بێت، لەوانه لە دەستدانی یەکێک لە ئەندامانی ماڵەوه یاخود تووشی ڕووداوێکی تری ناخۆش هات بێت . (١٠)

## سییەم: ڕێبازی لێکدان

زمانی کوردی هەروەکو لە وشەسازیدا باوە، زمانێکی پێکەوە لکاوەو وشەو دەربڕینەکانی نسادەو لێکدراون، ئەم تایبەتمەندییانەی زمانی کوردی، بەوە چەسپیوە کە بەهۆی ڕێبازی لێکدانەوە، زۆربەی ناو و کارەکان لەسەر بنچینەی یەکگرتنی دوو وشەی واتادار یان زۆرتر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا پەیدابوون و وەک وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ، خۆیان چەسپاندووە .(١١)

بەهۆی ئەم ڕێبازەوە یاساکانی پێکهاتنی زۆربەی بەشە ئاخاوتنەکان دەگرێتەخۆ (ناوی لێکدراو، جێناوی لێکدراو، ئاوەڵناوی لێکدراو ، کاری لێکدراو ، ئاوەڵکاری لێکدراو، ژمارەی لێکدراو،...هتد) وەکو : . (ڕەشماڵ، دارگوێز، دەنگوباس، ڕێنووس، مانگەشەو، چاوشین، ...هتد).(١٢)

## چوارەم: ڕێبازی داتاشین

ڕێبازێکە بۆ سازکردنی وشە و زاراوەی نوێباو، لە دوو وشەی سادە پاش قرتاندن و فڕێدانی دەنگێک یان زیاتر لە یەکێک لە وشە سادەکان یان لە هەردووکیان، ئینجا بەدەم یەکتر دانانیان و سازکردنی زاراوەیەکی نوێ لە هەردووکیان، (١٣) وەکو:

شت + مەک = شمەک

گا + ئاسن = گاسن (١٤)

تام + ئارەزوو = تامەزرۆ (١٥)

ئەمیر + زادە = میرزا (١٦)

پاد + شاه = پاشا (١٧)

کەواتە دروستکردنی وشەیەک لە دوو وشەی سەربەخۆ یان زیاتر، بەمەرجێک هاوئاهەنگی لە بێژەو واتایاندا هەبێت لە نێوان وشە داتاشراوەکە و هەردوو وشە یان زیاتر لە وشە لێ داتاشراوەکان.(١٨)

**پێنجەم: دارشتن**

لێرەدا سازکردنی وشەو زاراوە بەهۆی پێشگر و پاشگرەکانەوە دەبێت، چونکە بەهۆی ئەم رێبازەوە دەتوانین چەندین وشەی نوێباو بەهۆی پێشگر و پاشگرەکان ساز بکەین، کە واتاکەیان لەگەڵ واتای وشە سەرەکییەکە جیا بێت. (١٩)

کەواتە لە دارشتندا بێژەیەک لە بێژەیەکی دیکەوە دابرێژێت، بەمەرجێک هەماهەنگی و گونجانیان لە نێزە و واتا لە نێواندا هەبێت، (٢٠) وەکو:

راکرد ، هەڵکرد، کردەوە... (٢١)

هەڵگرت، گرتەوە، داگرت... (٢٢)

ئاسنگەر، گیاندار، دوکاندار... (٢٣)

ئەم جۆرە وشانە لە وشەسازی کوردیدا بە ناوی وشەی (دارێژراو) ناو دەبرێن، بۆمان هەیە چۆنیەتی لەدایکبوونیان و ناوەکەیان لە زاراوەسازیدا بە رێبازێکی زاراوەدانان دابنێین و

کەڵک لەم ڕێبازەوە وەربگرین بۆ سازکردنی زاراوەی نوێباوی کوردی. (٢٤)

## شەشەم: ڕێبازی وەرگێڕان

گرنگترین ڕێبازی سازکردن و هاتنە ئارای وشەیە، بەهۆیەوە وشەیەک لە زمانێکی ترەوە وەردەگێڕدرێتە سەر زمانێکی تر. (٢٥)

وەرگێڕانی وشە و زاراوە لەهەر زمانێکەوە بێت، واتای تەنیا وەرگێڕانی زاراوە وەرگێڕدراوەکەیە و لە (دەق) وەرگێڕان جیاوازە، وەرگێڕانیش سێ جۆری سەرەکییە، وەرگێڕانی وشە بە وشە، وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە، وەرگێڕانی بەخورپە و سروشەوە.(٢٦) کەواتە لە وەرگێڕاندا((گوازتنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی بە واتاکەی نەک بە بێژەکەی، وەرگێڕ لە زمانی کوردیدا بەدوای بێژەی بەرانبەر ئەو چەمک و واتایەدا دەگەیەنێت، کە هەمان واتای زاراوە بیانییەکە بدات یان کوردی چی ناونانێک لەم چەمک و وشە دەنێت، کە زاراوە بیانییەکەی بۆ دانراوە، دوای ئەوەی دەیدۆزێتەوە بە پلەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ چەمکە بیانییەکەی لە هەموو لایەنێکەوە دەکۆڵێتەوە ئینجا بەکاری دێنێت)).(٢٧)

وەرگێڕان لە دنیای ئەمڕۆکەماندا زۆر گرنگە، بۆیە پێویستە لە وەرگێڕانی زاراوەکاندا زۆر وریابین و هەرگیز لە وەرگێڕانی

وشەبەوشە نزیک نەبینەوە، بەتایبەتی لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندندا.

دەبێ ئەوەش بگوترێت، کە وەرگێڕان دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمان و ، پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت، بۆ ئەوەی بەدوای وشە و زاراوەی نوێ و بۆچوونی نوێدا بگەڕێت . (٢٨)

تعمیم : گشتاندن ، بەگشتی کردن (٢٩)

ڤالانتاین : ڕۆژی خۆشەویستی (٣٠)

## بەشی دووەم: چاککردنەوەی هەڵەی هەندێ وشەی زمانی کوردی

هەڵبەت زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوە و دیارترین ناسنامەیەتی لە نێو میللەتانی دیکەدا...زمان شادەماری هاوسۆزی و هەستی یەکبوونی نێو ئەندامانی میللەتە، بەتایبەتی بۆ میللەتێکی بێ کیان و لەت لەت کراوی وەک کورد کە شوورەی سەختی پاراستن و دوورخستنەوەیەتی لە توانەوە و لە نێوچوون و، بەدرێژایی مێژوو پڕە لەتاڵی و سوێرییەکەی، کە تراژیدیانامەیەکی تەواوە، زمانی کوردی مەحکەم و قایم لە جیاتی ئاڵا شەکاوەتەوە و بوون و ڕەسەنایەتی گەلی کوردی بۆ هەموو لایەک سەلماندووە و، هەموو هەوڵێکی ناحەزانی نەتەوەکەمانی لەمەڕ تواندنەوە و حاشالێکردنی، کردۆتە بڵقی سەر ئاو.

لەو سۆنگەیەوە، لەسەر هەموومانە هەوڵی شێلگیرانە بۆ پاراستن و پتەوکردنی بدەین و، لەو بوارەدا چی لە دەستمان بێت، درێغی

نەکەین و، ئەو ئەرکە نەتەوایەتی و مێژووییە هەرچی چاکترو دڵسۆزانەتر راپەڕێنین، چونکە زمانەکەمان هێمای یەکبوونی کوردی کوردستانی نیشتیمانیەتی و، دەیسەلمێنێ سنوورەکانی نیشتیمانەکەمان دەستکردن و لەو بوارەدا هاوسۆزییەکی بەهێز لەنێو کورداندا بەدی دێنێت کە تاڕادەیەکی زۆر باری نالەباری لەت لەت بوونی تێهەڵدێنێتەوە.

دیارە ئەو کارە لە سەردەمی ئێستاماندا لە هەموو کاتێکی دیکە پێویستترە، چونکە چەندەها وشە و دەربڕینی زمانەکەمان بەهۆی خەڵکی ناشیی و زمان نەزانەوە، گەلێک شێواون و بێ سەرە و بەرەبییەکی زۆریان پێوە دیارە و، کار وابڕوات زمانەکە تەواو دەشوێنن و لەپەلوپۆی دەخەن، چونکە بە وشەی ناقوڵا و ناحەز و نالەبار و تەعبیری ناکوردانە ئاخنزاوەکە لەگەڵ ئاخاوتنی ڕەسەن و ڕەوان و هەستی زگماک و کوردانە و سەلیقەی خەڵک نایەنەوە...

گرنگترین ئەو هەڵە و هەڵەگووتنانەی ئەوڕۆ لە نووسینی کوردیدا وەبەرچاو دەکەون، دەکرێ بەم جۆرە ڕێزیان بکەین:

**یەکەم :لەبواری بەکارهێنانی وشەدا**

لەمێژە ڕەوتێک لە نێو نووسینی کوردیدا هەیە بە نیازە زمانی کوردی لەهەرچی وشەی بێگانەیە بژار بکات، دیارە ئەو کارە بەنیازی چاکی خزمەت کردنی زمانی شیرینی کوردیی دەکرێت، بەڵام وەک گوتراوە:" كلمه حق يراد بها باطل" قسەیەکی هەقە و

ناهەقی لێ دەکەویتەوە" و زیان لە زمانی کوردیی دەدات، چونکە لەسەرێکەوە ئەو کارە پێچەوانەی ئاراستەی پەرەستاندن و گەشەکردنی زمانە و ئەو وشە بێگانانەی هاتوونەتە نێو کوردی، زۆربەیان وا تواونەتەوە، وەکو وشەی کوردییان لێ بەسەرهاتووە و هەموو کورد تێیان دەگات، لەلایەکی دیکەشەوە هەر زمانێک کارلێککردنی دەگەڵ زمانانی دیکەدا نەهێڵرێت، وشک هەڵدێت و بەرەو کزی و لاوازی دەچێت...تەماشاکە زمانێکی وەکو ئینگلیزی چەندان وشەی وەک(Cotton)و (algebra)ی لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە- بۆ نموونە- کە یەکەم لە (قطن)و دووەمیش ( الجبر) وەرگیراوە.

زمانی بەرز و پاراوی فارسی پڕە لە وشەی بێگانە، بەتایبەتی عەرەبی، بەڵام زمانێکی سەربەخۆیە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەو وشانەش کە وەری گرتوون لەگەڵ فۆنەتیک و تایبەتمەندی خۆیدا گونجاندوونی، هەندێکیشیان تەنها ڕوخسارەکانیانی وەرگرتووە و مەعنا و نێوەڕۆکی نوێی داونەتی، بۆ نموونە:

وشەی" جامعە" ی عەرەبیی وەرگرتووە کە بە مەعنای" زانکۆ" دێت، بەڵام مەعنایەکی تازەی پێ بەخشیوە کە" کۆمەڵ"ە، هەروا وشەی "اشغال"ی عەرەبی کە چاوگێکە لە سەر کێشی"افعال" و "سەرقاڵکردن" دەگەیەنێت، وەری گرتووە و بۆ داگیرکردن"استعمار"ی بەکاردێنێ.

هەڵبەت کوردیش زمانێکی پتەو و ڕەسەنە و، ئەگەر لێی گەڕێن هەنگاوی سروشتی گەشەکردن و پەرەستاندنی زمانی هەڵدێنێ، ئەویش وەکو فارسی وشەی عەرەبی وەرگرتووە و مەعنای تازەی داوەتێ، وەکو: (قەول) کە چاوگێکی زمانی عەرەبییە و "قسە و گوتن" دەگەیەنێت، بەڵام لە کوردیدا مەعنای" پەیمان و بەڵێن" دەگەیەنێت...دیارە ئەو وشانە بەهەموو پێودانگێک بە کوردی حیسابن و بەکارهێنانیان لە زمانەکەماندا" وەکو گەزۆ و مازوو حەڵاڵە" و بەهیچ جۆرێک نابێ سڵیان لێ بکەین.

جا ئەگەر بێتو وشەی بێگانەکانی نێو زمانی کوردی پۆلین بکەین، دەتوانین بەسەر ئەم بەشانەی خوارێدا دابەشیان کەین:

١ـ ئەوانەی - وەکو گوتمان - لەمێژە هاتوونە نێو زمانەکەمان و تەواو تێیدا توانەتەوە و هەموو کورد تێیان دەگات، دیارە ئەوانە بە کوردی لەقەڵەم دەدرێن، وەکو وشەکانی: شیعر، شاعیر، زەکات، سەرفترە، حەج، عەرەفە، سەعات، بەحر، قیامەت...هتد.

ئەو جۆرە وشانە بەکارهێنانیان شتێکی زۆر ڕەوا و ئاساییە و پێویست ناکات وشەی داتاشراوایان لەجێ دانێن، بۆنمونە شتێکی بەجێ نییە،" هەڵبەست و هۆنراوە" لە شوێنی " شیعر"و " هەستیار" لە شوێنی " شاعیر"و" کاتژمێر" لەجیاتی"سەعات" بەکاربێنین، چونکە " هەڵبەست و هۆنراوە" لە بنەڕەتی زمانی کوردیدا بە مەعنای " بوختان"و " شتی هەڵبەستراو" دێت، ئێستاش لە لادێدا دەربارەی بوختان و قسەی هەڵبەستراو دەڵێن: هەمووی هەڵبەست و درۆیە، واتا: بوختانە..." هەستیار"یش- نەک هەر

شاعیر- هەموو کەسێک دەگرێتەوە، چونکە هەموو کەس، کەم تا زۆر، هەستی هەر هەیە و لە بەرانبەر دیاردە وشتاندا" هەستیار"ە...هەرچی وشەی" سەعات"یشە، با لە بنچینەشدا عەرەبی بێت، گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە "ساعة"ەوە کراوەتە" سەعات" و" کاتژمێر" ئەگەر بۆ جیهازی" سەعات"یش ڕاست بێت، ناکرێ بۆ ماوەی شەست دەقیقەکە بەکاربێت و بۆنموونە بڵێین: کاتژمێر دوو....، چونکە " کاتژمێر" وەکو " گەرمی پێو" ...هتد ناوی بکەر" اسم فاعل" ە و سەعاتێک کە "٦٠" دەقیقەیە بۆ خۆی کاتە، نەک" کاتژمێر"...بێگومان بۆ هەر یەکێک لەو وشانە ئەگەر وشەیەکی کوردی ڕەسەنمان هەبێت، شتێکی زۆر بەجێیە بەکاری بێنین، بەڵام نەچین وشەی داتاشراوی ناشیانەیان لە جێ دانێین، وەکو ئێستا بیکەینە پاشاگەردانیی و هەرچی پێوانە(قیاس)و ڕێوشوێنی زمانی کوردییە بی شێوێنین و" دۆودۆشاو تێکەڵ کەین" !

٢. ئەو وشانەی مەعنای نوێیان وەرگرتووە، واتا: بە ڕوخسار بێگانە و بە نێوەڕۆک کوردین، وەکو: قەول، قەتڵ، حورمەت، مسکێن، عاسێ، عەجایب، مەعتەڵ، تەعلیق...وەکو پێشتر باسمان کرد ئەوە نیشانەی زیندوویی و سەربەخۆیی زمانەکەمانە و لە زمانی فارسیدا شتی وا یەکجار زۆرە، لەبەرئەوە دەبێ ئێمەش ئەو وشانە بە ملکی حەڵاڵی خۆمان بزانین و بێ پەروا بەکاریان بێنین، نەخاسمە کە وشەی جێگری ئەوانمان وەدەست نەکەوتن، ڕەنگە هەندێک کەس وای بە بیردابێت بۆ نموونە "قەتل"

عەرەبییەکی ڕووتە و بەروخسار و نێوەرۆکەوە هاتونەتە نێو زمانەکەمان، بەڵام وانییە، چونکە" قەتڵ" لەعەرەبیدا "کوشتن" دەگەیەنێ بەشێوەیەکی ڕەها، بەڵام " قەتل" لەکوردیدا تەنها بۆ کوشتنی بەناهەق بەکاردێت....

"حورمەت"یش لەعەرەبیدا " قەدەغە و حەرامبوون" دەگەیەنێ، بەڵام لە کوردیدا " ڕێزگرتن" ، "مسکین" بەعەرەبی" هەژاری نەدار"ە، بەڵام بەکوردی بێزیان و بێوەی، " عاسیٚ" کە بەعەرەبی"عاصی"یە و هاوواتای"یاخی"ی کوردییە، لەکوردیدا مەعنای " سەخت" دەگەیەنێت و، لەکوردیدا وشەیەکی دیکەشمان هەیە کە ئەو هاو مەعنای" یاخی" یەو لەعەرەبیی وەرگیراوە- هەڵبەت هەر ڕوخسارەکەی- و نێوەرۆک و مەعنای تازەی وەرگرتووە کە " ئەشقیا"یەکی لە کۆی"شقی" وەرگیراوە کە (اشقیاْ)ە و، "شقی" لە عەرەبیدا دژی " سعید"ە و" بەدبەخت" دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەتا کوردییەکە نەک هەر مەعنای گۆڕاوە، لە ڕوخساریشدا کۆیەکەی وەرگرتووە ، نەک تاک..هەڵبەت وشەی " عەجایب"یش هەر وایە و بەشێوەی کۆ وەرگیراوە، بەڵام لە کوردیدا هەر مەعنای تاکی هەیە،....."مەعتەل"یش کە لە " معطل" وەرگیراوە، لە عەرەبیدا " پەک کەوتوو لەکارخراو" دەگەیەنێت، بەڵام کوردییەکەی " راگرتن و دواخستن"ە وەکو دەڵێن: چیدی مەعتەڵم مەکە، " تەعلیق" یش عەرەبییە و لە چاوگی کرداری" علق"ی عەرەبی وەرگیراوە، " علق" بەعەرەبی واتا: لێی دوا و سەرنجی لەسەر دەربڕی، بەم جۆرە- مانای چاوگە لە

عەرەبییەکە دەبێتە" لێدوان و سەرنج لەسەر دەربڕین"، بەڵام بە کوردی مەعنای" پلار و توانج و تانە و تەشەر" ی هەیە، جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین کە بە هۆی ڕیشە عەرەبیەکەی و بێ ئاگایی لە مەعناکەی لە زمانی عەرەبیدا، گەلێک جار لە کوردیدا بە هەڵە بەکار دەهێنرێن، چونکە پێیان وایە وشەکە لە عەرەبیشدا هەر " توانج و تەشەر"ە، بۆیە وەک چۆن لەبن هەندێک وێنەی کاریکاتێریدا بە عەرەبی دەنووسرێ" بدون تعليق"، بە کوردیش بە هەڵە وەری دەگێڕن و دەیکەنە " بێ توانج"! بێگومان لەجیاتی ئەوە دەبێ بنووسن" بێ لێدوان"، " بێ سەرنج دەربڕین"،" بێ لەسەر ڕۆیشتن"...بەڵام دیارە ئەو نووسەرانە ئاگایان لەو جۆرە وشانە نییە کە کورد تەنها ڕوخسارەکانیانی وەرگرتوون و مەعنای سەربەخۆیی پێ بەخشیون.

٣. ئەو هەموو وشە زۆرەی ئێستا لە نووسینی کوردیدا بەکار دێن- بەتایبەتی لە شیعر و ئەدەبدا- هەڵبەت ئەو وشانە- چ عەرەبی بن، چ ڕۆژئاوایی- بەکارهێنانیان هیچ پاساوێکی نییە، چونکە لەنێو زمانەکەماندا هیچ ڕەگوڕیشەیەکیان نییە و کوردی لە قسەکردندا بەکاریان ناهێنی و تەنها مایەی شێواندنی زمانی کوردین و هیچی دی، دیارە ئەو وشانە زۆرن، بەڵام بۆ نموونە ئەوانە دەژمێرین: حوزن، یەئس، عومق، فەععال، فوقدان، موراوەحە، موناوەبە، سەرە....لەعەرەبیدا و، دیفاکتۆ، دۆکیۆمێنت، پرۆسێس، پرانسیپ، دیسپلین، میکانیزم، مۆدێرن "مۆدرێن!"...لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا....لە زمانی خۆماندا، لەجیاتی زۆربەی

ئەو وشانە، وشەی کوردی خۆماڵیمان هەیە، بۆ نموونە بۆ عەرەبیەکان بە ڕیز ئەم وشە کوردییانەمان هەیە، خەم( خەفەت، مەراق)، نائومێدیی، قووڵایی، چالاک (هەڵسوراو)، ون کردن(نەبوون)،هەڵبەزدابەز،نۆرەکردن، نۆرە (ریز).....لە شوێنی وشە ڕۆژئاواییەکانیش، ئەگەر وشەی کوردی بۆ هەموانیش نەبێت، ئەوە زۆربەیان هەیە، بۆ ئەوانەی کە نیشە، دەکرێ بە بەکارهێنانی پێوانەی ڕاست و دروستی خۆماڵی و ڕەچاوکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی، وشەی کوردییان بۆ دابتاشرێن، جا ئەگەر بەکارهێنانی ئەوانە- هەرچۆنێک بێت- ڕێی تێ بچێتن ئەوە بەکارهێنانی ئەوانەی وشەی خۆماڵییان لەبەرانبەردا هەن، شتێکی گونجاو نییە، بۆ نموونە: بۆ " دۆکیومێنت" " بەڵگەنامە" مان هەیە کە جێگیر بووەو، بۆ " مۆدێرن" " تازە" و"نوێ" و بۆ پرۆسیس"کردەوە"مان هەیە...هەڵبەت هەندێک وشەی فارسیش هەن، کە وەکو ئەو وشە عەرەبی و ڕۆژئاواییانە، خۆیان بەسەر نووسینی کوردیدا سەپاندووە و وشەی کوردی ڕەسەنیشمان هەن لەجیاتی ئەوان بەکاریان بێنین، بۆ نموونە"وەلێ" کە لە کوردیدا" بەڵام" ە و، " ئەفسووس" کە بە کوردی دەبێتە"حەیف"، " بەداخەوە" ، " داخەکەم" ، " مخابن"....هەڵبەت ئەو جۆرە وشانە تەنها لە نووسیندا بەکاردەهێنرێن و هێشتا نەیان توانیوە خۆیان بخزێننە نێو ئاخاوتنی خەڵک و، لە قسەکردندا هەر وشە کوردییەکان بەکار دەهێنرێن.

٤. ئەو وشانەی لەکوریدا وشەی ڕەسەنیان لەبەرانبەر دا هەن، بەڵام لە گوندە دوور و لاچەپەکاندا نەبێت، تەواو فەرامۆش کراون و وشە بێگانەکان ئەوانیان داپۆشیون و بەسەریاندا زاڵ بوون، لەو وشانە دەتوانین ناوی " قۆری" و" خەیار"و "خەس" و " شەتتولعەرەب"و" مەتبەق- مەتبەخ" بێنین، کە لەشارەکاندا کوردییەکانیان هەر لە بیر کراون و هەر ئەوانە بەکار دێن، هەرچەندە هەموویانمان یەک بەیەک بەکوردی هەن و بە ڕیز ئەمانەن" چادان- قۆری"، " هاروێ، ئاروێ، ئارو، خەیار"،" کاهوو- خەس"،"یەکاوی عارەبان- شط العرب"، " ناندێن- مەتبەخ" و" نوێژی خەوتنان"و" لێگێڕانەوە، بانگهێشتن" یش هەر لە نێو ئەو پەلە وشەدان و وشەکانی" سوخرە" و" مغرب"و " عیشا"و" دەعوەت"ی عەرەبی خەریکە هەست و خۆستیان لێ ببڕێت، دیارە هەندێک وشەی فارسیش ئەو کارەیان بەسەر هێندێک وشەی زمانەکەمان هێناوە، وەکو " رودربایسی" کە" لە ڕوودامان" ی هەر لەبیر بردۆتەوە!

**٢. وشەی داتاشراو**

بێگومان وشەی داتاشراو، ئەگەر بە شێوەیەکی لەبار و بە ڕێ و جێ دروست بکرێت و لە داتاشینیدا پێوانە و خەسڵەتی زمانەکەمان ڕەچاو بکرێن، کارێکی زۆر پێویستە و زمان دەوڵەمەند دەکات، بەڵام ئەگەر هەر کەس لەبەر خۆیەوە ملی لەبەر ئەو کارە بنێت و گوێ بەهیچ پێودانگێکی ڕەسەنایەتی

زمانی کوردی نەدرێت، دەبێتە پاشاگەردانی و تەنها شێواندنی زمانی لێ دەکەوێتەوە....

جا ئێستا با"مستێک لە خەروار"ی ئەو وشە داتاشراوە ناقوڵایانە بدەین و یەک بەیەک لێکیان دەینەوە:

- پێنووس، لەجیاتی وشەی" قەڵەم" بەکاردێت، بەڵام " پێنووس" مەعناکەی لەقەڵەم فراوانترە، چونکە هەر شتێکی پێی بنوسرێت، وەکو تەباشیر، ماجیک، فڵچەی خۆشنووسی دەگرێتەوە و لە جوغزی مەعنای قەڵەم هەتڵە دەبێت، سەرەڕای ئەوە بەکوردی" خامە" مان هەیە کە هەر " قەڵەم" دەگرێتەوە.

"پەڕاو"و"پەرتووک" لە خۆڕا بۆ " کتێب" و" دەفتەر" بەکار دێن، کە هیچ پێوەندییەکیان بە کتێب و دەفتەرەوە نییە و هەر "کتێب" و " دەفتەر"ەکە بەکار بێت چاکترە کە لە کوردیدا تواونەتەوە هەموو کوردێک لێیان حاڵی دەبێت.

- زۆر وشە بەشێوەی هەڵە بەکاردێن، وەکو: " ماندوونەناس"، " سەبارەت" " مەلەوانگە"....هتد بۆ نموونە:

" ماندوونەناس" کە بەمەعنای" پشوو درێژوخۆڕاگر" بەکار دێت، دارشتنەکەی هەڵەیە، چونکە بەکارهێنانی بەم شێوەیە، شتێکی خەیاڵییە و ئەو مەعنایە نابەخشێت و ئەو کەسە دەگرێتەوە کە بابای ماندوو نەناسێت، نەک ماندوویەتی، کە لەدنیادا کەس نییە خەڵکی ماندوو نەناسێت، لەبەر ئەوە دەبێ" ماندوویی نەناس" بێت.

" سەبارەت" یش بە مەعنای" لەبارەی"و" دەربارەی" بەکاردێت، کە هەڵەیە، چونکە " سەبارەت مەعنای "بەسەبەبی- بەهۆی=لەبەر" دەگەیەنێت و " سەب"ی پێشەوەی هەر بەشێکی وشەی" سەبەب" ە کەپێیەوە ماوە و لە فۆلکلۆری کوردیشدا هەر بە مەعنای" لەبەر" بەکارهاتووە، نەک " دەربارەی" !

سەبارەت بە تۆ لەم شارە وێڵم    چۆن دڵم دێنێ تۆ بەجێ بێڵم؟

هەرچی وشەی " مەلەوانگە"شە ، کە بۆ" مسبح" ی عەرەبی بەکار دێ هەڵەبوون و ناتەواوییەکەی زەق و ئاشکرایە، چونکە "گە" پاشگری شوێنە و وشەکە دەبێتە " شوێنی مەلەوانان" نەک" شوێنی مەلە"، هەڵبەت بەهۆی پاشگرەوە دروست بکرێت، وشەیەیەکی ناقولا و نالەبار دەردەچێت و دەکرێ بە پێوانەکردنی بۆ وشەی وەکو" جێوار- جێهەوار" ،" جێ شتڵ" ،"جێ گەنم" ،" جێ خێوەت" .....هتد، بکرێتە " جێ مەلە" کە ڕێک مەعنا ڕاستەکە دەبەخشێت.

**سێیەم: بەکارهێنانی ڕاناوی لکاوی"ی" بۆ کەسی سێیەمی تاک**

دیارە ئەو ڕاناوە لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاکە، وەکو: تۆ چووبوویەوە بۆ بازاڕ، تۆ هاتبوویەوە ئێرە، بەڵام بەهەڵە بەم شێوە لەژێر کاریگەری لەهجەی ناوچەی شارەزوو گەرمیاندا بەکاردێت:

کە چووم بەفرەکە توابوویەوە.....کەدەبێ بگوترێ" توابۆوە، توابووەوە".

چوارەم : تێکدان و شێواندنی چەندان وشە و بەکارهێنانیان بە هەڵە

وەکو! کوتاندن، داکوتین، لێ پێچینەوە، دابڕاندن، ژەهردارکردن، بەستایەوە، نێوەچڵ، بەخێرهێنان کردن، خۆدەرباز بوون، دڵخوازراو، خەڵک خۆشەویست، بناغەدارێژەر، هەوێ......

بە کاریگەریی لەهجەی ناوچەیی، کە ڕاستەکانیان بە ڕیز بەم جۆرەیە:

کوتان، داکوتان، لێپێچانەوە، دابڕین، ژەهراوی کردن، بەستیەوە، نیوەچڵ، بەخێرهاتن کردن" بەخێرهاتن، بەخێرهێنان)، خۆ دەربازکردن، دڵخواز، لەبەردڵان

(خۆشەویستی خەڵک)، بناغەدارێژ، هەویە(ناسنامە)...دیارە هەڵە و ناتەواویی ئەو وشانە ڕوون و دیارە، بۆیە لێکدانەوەیان بۆ خوێنەری لێزان و ورد و بە سەلیقە بەجێ دێڵین.....

**پێنجەم: هاتنی چەندان تەعبیرو وشەی هەڵە لە سونگەی وەرگێڕانی حەرفی یان هەڵەوە بۆ زمانی کوردی**

بۆ نموونە:" سەرسامم دەکات" کە لە وەرگێڕانی هەڵەی " یعجبی"ی عەرەبی- کە هیچ پێوەندی بەسەیر و سەرسامییەوە نییە هاتووە و مەعنای" بەدڵمە" ی کوردی دەگەیەنێت....هەندێکیشیان لە عەرەبی و زمانی دیکەوە وەرنەگیراون، تەنها شارەزایی و نەبوونی سەلیقەی زمانەوانی

دروستی کردووون، وەکو " پشکێنەر" لەجیاتی" پشکنەر" بۆ نموونە:-

چەندان تەعبیری دیکەش- کە لە کوردییدا هەر نین- وەرگێڕانی حەرفی لە عەرەبی و فارسییەوە، پەیدای کردووون، وەکو: خوێندنەوەم بۆ مێژوو.....

کە تەرجەمەی هەڵەی" قرائتی للتاریخ"ە و کورد شتی وا ناڵێت، چونکە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە من بۆ مێژوو شت دەخوێنمەوە، نەک مێژوو دەخوێنمەوە و کوردی دەڵێ:

" خوێندنەوەی مێژوو لەلایەن منەوە"، "مێژوو خوێندنەوەم" ..هتد.

هەر لە هەمان سۆنگەوە تەعبیری هەڵەی وەکو: " پێرێ و لە سلێمانی باران باری" کە هەڵەیەکی زەقە، چونکە هیچ کوردێک لە ئاخاوتندا بە"و" ئاوەڵکرداری کات و شوێن و پێکەوە نابەستێت و ئەو ڕستە ئەوە دەگەیەنێت کە هەم پێرێ باران باری، هەم لە سلێمانی باران باری و، مەرج نیە باران بارینی سلێمانی، پێرێ بووبێت.....

بەلابردنی واوەکە ڕستەکە ڕاست دەبێتەوە: پێرێ لە سلێمانی باران باری.......

بەهەمان شێوە ئەم ڕستانەی خواریش واوەکەیان زیادە و هەڵەن و، بەلابردنی(و)ەکە ڕاست دەبنەوە.

- بەم جۆرە و بەیارمەتی هاوکارانم، تەواومان کرد.
- پار و لە زانکۆی ئاهەنگیان گێڕا....هتد.

چونکە ئەو شتانەی کە بە (و) پێکەوە گرێ دەدرێن دەبێ هاوچەشن بن، نابێ ئاوەڵکرداری کات و شوێن، یان چۆنیەتی و کات و شوێن پێکەوە ببەسترێن، بەڵام دەکرێ بڵێین: ئەمڕۆ و دوێنێ و پێرێ، لێرەو لەوێ و لەولا تر، بەئازایی و بەزانایی و بەوردی....هتد.

ـ نەوت بەرامبەر بەخۆراک، کە تەرجەمەی حرفی " النفط مقابل الغذاء"ە و کورد لەبارێکی وادا دەڵێ:" نەوت بە خۆراک"، وەکو چۆن ئەو لادێییانەی ترێ و مێوژ و شتی وا دەفرۆشن، هاوار دەکەن:

ترێ بەگەنم، مێوژ بە ئارد....نەک: ترێ بەرانبەر بە گەنم و مێوژ بەرانبەر بە ئارد!

"هەستا بە..."ش بە تەعبیرێکی دیکەی ناکوردییە کە وەرگێڕانی حەرفی" قام ب...." ی عەرەبییە، وەکو، بۆ نمونە: قام بکتابة رسالة..." کەبەکوردیی کردوویانە بە" هەستا بە نووسینی نامەیەک..."و دەبوو بیکەنە " نامەیەکی نووسی..." هەڵبەت ئەگەر کردارەکە بشکرێتە ڕانەبردوو، تەعبیرەکە هەر عەرەبییە، نەک کوردی و کورد" هەڵدەستێ بە....." ش هەر بەکار ناهێنێ....

دیارە ئەو تەعبیرە ناکوردییانە وە نەبێ هەر لە عەرەبییەوە وەربگرین، جاری وا هەیە لە زمانانی دیکەی وەکو فارسیشەوە وەردەگرین، بۆ نمونە " لە پێوەندی لەگەڵ..." کە دەقا و دەق لە" در رابطە با....."ی فارسی وەرگیراوە و بەهەڵە لەجیاتی" لەمەڕ،

دەربارەی، لە بارەی" بەکار دەهێنرێت و کوردی نییە و کوردی بەکاری ناهێنێ.

. " بابت هەیە؟..." بۆ نموونە- کە وەرگێڕانی حەرفی" پدرت هست؟"ی فارسییە و کورد لەجیاتی ئەو دەڵێ:" بابت لێرەیە؟" یان" بابت لەوێ یە؟".

. " تاچەند ساتێکی دیکە میوانەکان دەگەنە جێ" – بۆ نمونە-کە تەرجەمەی ناشیانەی" تا لحظاتی دیگر میهمانها می رسند" ە و فرِی بەکوردییەوە نییە و کورد لەجێی وادا دەڵێ" چەند ساتێکی دیکە- یان دوای چەند ساتێکی دیکە- میوانەکان دەگەنە جێ".

هەر ئەو وەرگرتنە کوێرانە لە زمانی دیکەوە و رەچاونەکردنی خەسڵەتو ڕەسەنایەتی زمانی کوردیشە وایکردووە چەندان ناوی تایبەتی "اسم علم" بە هەڵە بێنە نێو زمانەکەمان، ئەمەش بەهۆی وەرگرتنی بە هەڵە لەلایەن نووسەرانەوە.....بۆ نموونە: " ئەراگۆن"، " پاپلۆ نێرۆدا" ، " ڕۆژێ گارۆدی" ،" چارلی چاپلن" ....لەبەر ئەوەی لە عەرەبیدا پیتەکانی " گ، پ، ژ، چ،..." نین، ئەو وشانەی بەشێوەی "بابلو نیرودا"،" روجیە جارودی"غارودی"، " شارلی شابلن"....دەنووسرێن، بە زۆری نووسەرانی کوردیش، بێ گوێدانە ئەوەی لە زمانی کوردیدا ئەو پیتانە هەن و کوردی لەو بوارەدا لە عەرەبی جیایە، کتومت ئەو وشانە بۆ نێو نووسینەکانیان ڕادەگوێزن، ئەوەتا " چارلی چاپلن" بە شێوەی " شارلی شاپلن" بەسەر زاری گەورە و بچووکی کوردانەوەیە و، نووسینی کوردی پڕە لە ناوی ناقوڵای لەبابەتی" ریتشارد" ، کە

عەرەب لە بەر نەبوونی ئەو پیتانە- کە لەگەڵ نەبوونی هیچ ناکرێت- بە ناچاری وای کردووە و، ئێمە کە هەمانن، دەبێ ناوەکان دەقا و دەق وەکو خۆیان وەرگرین و بنووسین و چاولێکەریی و لاسایی" ریچارد" مان پێ نەکاتە" ریتشارد" ! هەر ئەو سەلیقە کزییەی زمان وای کردووە مەعنای هەندێک وشەی بەهەڵە لێک بدرێتەوە و تێک بدرێت، بۆ نمونە: وشەی " ڕەنجبەر" کراوە بە" رەنجدەر" گوایە: ڕەنجبەر) بابای چەوسێنەر دەگرێتەوە نەک زەحمەتکێش، کە ڕەنجی خەڵک دەبات، بەڵام وا نییە، چونکە " رەنجبەر" واتە: ڕەنجکێش و زەحمەتکێش و کابرای چەوساوە "بەری ڕەنج"ەکە دەبات، نەک" ڕەنج"ەکە و، لە کوردیدا چەندان وشەی دیکەی لەبابەتی" ڕەنجبەر" هەیە، وەکو" بارەبەر".....

هەروا وشەی " شین" و" شینایی" ئەوەندەی پێوەندی بە ڕووەک هەبێت، کراوەتە" سەوز" و" سەوزایی" بە بیانوی ئەوەی ڕووەک سەوزە نەک شین، دیارە ئەوکارە تێکدانی وشە و شێواندنی ڕەسەنایەتی زمان و مل پێوەنانە بە پێچەوانەی تەوژمی پەرەستاندن و گەشەکردنەکەی و ئەگەر وابێت، دەبێ زمان بەتەواوی هەڵپەردێوین و زمانێکی ساختە دروست کەین، ئەوەتا"مەحوی" دەڵێ:

بەهارێکی کە، داخۆ بێ، نەیێ، هەی بێن و شینێ
فەلەک هەر شینە، سەحرا شینە، لێوی جۆ شینە!

هەر بە کاریگەری زمانی عەرەبی و ڕەچاو نەکردنی تایبەتمەندی زمانی کوردی، بێ ئەوەی پێویست بێت، " ی" یەک دەخرێتە سەر

زۆر وشەی کوردی: مرۆڤی کوردی، سوپای عێراقی، خدر مەنگوڕی، سلێمان ئاکۆیی، کە ڕاستەکەیان، مرۆڤی کورد، سوپای عێراق، خدر مەنگوڕ، سلێمان ئاکۆیە و کورد ئاوا بەکاریان دێنێ...هەر لەو سۆنگەیەوە ڕەوتێکی دیکە لە نێو نووسینی کوردیدا سەری هەڵداوە کە دەیەوێ پێش بە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی زمان بگرێت و سەربەخۆیی زمانی کوردی پێپەست بکات و هەر ناوێکی لە زمانی بێگانەوە هاتبێتەوە نێو کوردیی و لە چوارچێوەی دەنگسازی زمانەکەماندا توابێتەوە، تێکی بدات و بیباتەوە سەر بناوانی خۆی، بۆ نموونە: شەهاب، فلیم، حەدیس....کە چەندەها ساڵە لە نێو کوردیدا تواونەتەوە، دەیانکەنە، شیهاب، فیلم، حەدیس.کە لە هیچ زەمانێکدا شتی وا سەیر نەکراوە، ئەوەتا عەرەب هەر ناوێکی زمانێکی دیکە بەکاربێنێ، بەپێی خەسڵەتی دەنگسازی زمانەکەی خۆی دەی گۆڕێ: " حاجی ئۆمەران" دەکاتە" حاج عمران"و" قەڵا دزە" دەکاتە" قلعە دزە"و " پێنجوێن" دەکاتە(بنجوین) هتد و، فارس هەرچەندە پیتی "ث" و "ط" و "ظ" و "ص" و " ض" یشی هەیە ، بەڵام لە گوتندا دەریان نابڕێ و "ثریا" و "طاهر" و "ظهور" و " صابون" و" مریض" بۆ نموونەی ، دەکا بە:" سورەییا" و "تاهیر" زوهوور" و " سابوون"، " مەریز" و کتومت وەریان ناگرێ... کەلێنێکی دیاری دیکە، کە خەریکە دەکرێتە نووسینی کوردییەوە، بە هەڵە ڕەفتارکردنە لەگەڵ پاشگردا کە تێکچوونی مەعنا و شێوانی زمانی

لێ دەکەوێتەوە، هەندێک جار کە بەکارهێنانی پاشگر پێویستە، گوێی نادرێتێ و لادەبرێت، بۆ نموونە:

منداڵەکە گەیشتە پەنا بەردەکە و بەسەری ڕۆیشت.

لە ڕستەکەدا تێدەگەین منداڵەکە بەسەربەردەکەدا ڕۆیشتووە، بەڵام لابردنی پاشگری" دا" ، مەعنای تێکداوە، چونکە " بەسەری ڕۆیشت"، تەنها ئەم دوو مەعنایەی هەیە:

١. بەهۆی سەریەوە ڕۆیشت، وەکو چۆن دەڵێ : بەپێ ڕۆیشت، واتە: بەهۆی پێیەوە ڕۆیشت.

٢. ئامۆژگاری کرد و لەکاری خراپ پێشی پێ گرت.

هەروەها هەندێک جار دەنووسین، بۆ نموونە:" لێرە ڕۆیشت" و مەبەستیشیان ئەوەیە کە " لێرەوە ڕۆیشت"، کە دیارە، ڕستەکەی سەرێ ئەو مەعنایە ناگەیەنێت و مەبەستی ئەوەیە کە لێرە نەما .

لەو دوو حاڵەتەدا کە باسمان کرد، دەبوو پێشگر هەبێ، بەڵام بە هەڵە لابرا بوو و لابردنەکەش مەعنای تێکدا بوو، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە، نابێ پاشگر هەبێت، کەچی دەینووسن و مەعنای دەشێوێنن؟ وەکو:

"لەم مەسەلەیەدا تێگەیشتم" کە مەبەستی ئەوەیە بڵێ:" لەم مەسەلەیە تێگەیشتم" ، بەڵام پاشگری" دا" مەعناکەی تێک داوە و وای لێکردووە ئەو مەبەستە نەگەیەنێت و مەعناکەی ببێتە" لەم مەسەلەیەدا لەشتێک حاڵی بووم".

جا هەندێک وشە هەیە لە کوردیدا کە نە پێشگریان بۆ زیاد دەکرێ، نە پاشگر و بەتەنیا بەکار دەهێنرێن، وەکو: ئەوڕۆ،

دوێنێ، پێرێ، پار پێرار، کەچی دێن بە هەڵە دەڵێن: لە ئەورۆدا، لە دوێنێدا...کە کورد شتی وا ناڵێ....هێندێک جاریش وشەی (ڕۆژ) دەخەنە سەر سێ وشەکە یەکەم و دووەم و سێیەم و وشەی "ساڵ"یش دەخەنە سەر دوو ووشەکەی دوایی، ڕۆژی ئەورۆ ، ڕۆژی دوێنێ، ڕۆژی پێرێ،....ساڵی پار، ساڵی پێرار، کە پێم وایە ئەم هەڵەیەش هەر چاولێکەریی زمانی عەرەبییە، بەڵام لە کوردیدا ئەگەر وا بنووسرێن مەعنای پێ داگرتن و جەخت کردن(تأكيد) دەگەیەنن، بۆ نموونە: ڕۆژی دوێنێ، مەعنای : دوێنێ هەموو دوێنێ دەگەیەنێ و لەگەڵ (دوێنێ)ی ڕووت جیایە و، " ساڵی پار"یش، مەعنای بە درێژایی ساڵی پار دەگرێتەوە نەک" پار" بەتەنێ... بۆیە دەبێ ئەو دوو مەعنایە لێک جیابکرێتەوە و تێکەڵ نەکرێن....چونکە عەرەب بە دوێنێ دەڵێ" يوم امس" و پاریش" العام الماضی" ، ئەوە بە گوێرەی پێوانە و خەسڵەتی تایبەتی زمانی عەرەبی وا دەڵێ و ئێمە لە کوردیدا لە بەرانبەر ئەوانە دوو وشەی" دوێنێ" و " پار" مان هەیە و نابێ تووشی هەڵە بین، هەڵبەت بۆ " پێرێ"ش هەروا، ئێ ئێمە یەک وشەیە و لە عەرەبیدا دووە و"اول امس"ەو، تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیدا سێ وشەشەThe day be fore yesterday کە ئەگەر وەکو وشە عەرەبییەکان تەرجەمەی حەرفی بکەین، دەبێتە" ڕۆژەکەی پێش دوێنی"و وەکو مەتەڵی لێ دێت و، دوایی بیرکردنەوە و بەراورد نەبێت، بابای کورد مەعنای " پێرێ" ی لێ هەڵناکرێنێ....

دیاره ئەم نووسینه کەمێکه له زۆری و پوختەیەکه لەمەڕ ئەو هەڵه و کەموکورتیانەی وەکو بژار کەوتوونەته نێو بێستانی گەشی زمانی کوردی، دەنا ئەو بابەته هەویرێکی ئاوکێشه و هەوڵی شێلگیرانەی هەموو لایەکی دەوێت، جا هیوادارم لەم بارەوه هەست به بەرپرسیاریی نەتەوایەتی بکەین‌و، ئەوەندەی بۆمان دەکرێ زمانەکەمان له هەڵه و پەله بژار کەین و، ڕێ له تێکدان و شێواندنی بگرین.

## پەراوێزەکان

١. کامیران رەحیمی، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ (٣)، زستانی ١٣٨٥ (٢٠٠٦) ، ل ١٧.

٢. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤٣٥.

٣. د. کامل حسن بصیر، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل ٤٨.

٤. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦، ل ٧٧.

٥. محمد علی الخولی، معجم علم اللغه النظری، انکلیزی ـ عربی، مکتبه لبنان، لبنان، ١٩٨٢، ص ١٦٨.

٦. محەمەد مەعروف فەتاح ، موحازەراتی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.

٧. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

٨. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧، ل ١٧٧.

٩. کامل بصیر، هەمان سەرچاوە، ل ٥٧.

١٠. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٧.

١١. جەمال عەبدول، بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٦.

١٢. ڕۆژان نووری عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوە ، ل ١٥٦.

١٣. كامل بصير، هەمان سەرچاوە، ل ٦٩.
١٤. كامل بصير، هەمان سەرچاوە، ل ٧٠.
١٥. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.
١٦. کامران رەحیمی، هەمان سەرچاوە، ل ١٩.
١٧. هەمان سەرچاوە، ل ١٩.
١٨. محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ٦٠.
١٩. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.
٢٠. محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.
٢١. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.
٢٢. هەمان سەرچاوە، ل ٤٣٦.
٢٣. كامل بصير، هەمان سەرچاوە، ل ٧١.
٢٤. هەمان سەرچاوە، ل ٧١.
٢٥. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ل ٤٣٧.
٢٦. جەمال عەبدول، هەمان سەرچاوە، ل ٤٠.
٢٧. محەمەد وەسمان، هەمان سەرچاوە، ل ٦٠ ـ ٦١.
٢٨. کەمال مەعروف (د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٣، ل ١٢٢.
٢٩. جەمال عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٠.
٣٠. ڕۆژان نوری عبدالله، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢١.

## سەرچاوەکان


١. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، با مبێرگ، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.

٢. جەمال عەبدوڵڵا، بەرکولێکی زانستە زاراوەسازیی کوردی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی قەشەنگ، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣. ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠٠٧.

٤. سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٥. کامل حسن بصیر (د)، زاراوەی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩.

٦. کامیران رەحیمی، خەسارناسی وشەسازی لە زمانی کوردیدا، گ. زمانەوانی، ژ (٣)، زستانی ١٣٨٥ (٢٠٠٦) .

٧. کەمال مەعروف (د)، ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی، چاپی یەکەم ، سلێمانی ٢٠٠٣.

٨. محەمەد مەعروف فەتاح ، موحازەراتی خوێندنی باڵا ـ دکتۆرا، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠٠٦.

٩. محەمەد وەسمان، گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لەزمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٠. محمد علی الخولی، معجم علم اللغه النظری، انکلیزی ـ عربی، مکتبه لبنان، لبنان، ١٩٨٢.

# مۆرفۆفۆنیمی (ی) لە زمانی کوردیدا

زانیار مەحمود عەلی

پێشەکی

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمان ئەوەیە، کە هەر زمانە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. بەهۆی ئەم تایبەتمەندییانەشەوە، لەگەڵ زمانەکانی تردا جودا دەکرێنەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەم زمانانە بەتەواوەتی لەهەر سێ ئاستەکەدا، واتە ئاستەکانی: دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا هاوبەش بن. هەندێ تایبەتمەندی هەیە، لەزمانێکدا هەیە و لەزمانێکی تردا نییە، هەر ئەمەش وا دەکات خاسیەت و تایبەتمەندی ئەو زمانانە، لە یەکدی جودا بکاتەوە و ڕەسەنایەتی و بتەوی و سەربەخۆی ئەو زمانانە بپارێزێت و، لەگەڵ زمانە دراوسێکانیدا، یان خێزانە زمانی دەستە خوشکی جودا بکاتەوە و خۆی بپارێزێت، لەڕێگەی ئەو تایبەتمەندییانەی، کە هەیەتی خۆی دەپارێزێت. بۆنموونە لەزمانێکدا وا ڕێک دەکەوێت، هەندێ وشەی ئەو زمانە، چەند پیتێک لە وشەکانی لەسەرەتای وشەکە، یان نێوەڕاستی وشەکە، یان کۆتایی وشەکەدا، خۆنمایش بکات، یان ڕەنگە لە هەرسێ حاڵەتەکەدا بە دیار بکەوێت و، ڕەنگە لەو سێ حاڵەتەی باسمان

کرد، تەنێ لە دوو حاڵەتیان، یان یەکێکیان دەربکەوێت. بێگومان ئەمەش بەپێی سروشت و تایبەتمەندی هەرزمانێک دەگۆڕێت و، لەگەڵ زمانێکی تردا جودا دەبێت لەدەرکەوتنی فۆنیمەکان، لە نێو وشەکانی زمانەکەدا، بێگومان ئەوەی ئێمەش مەبەستمانە فۆنیمی "ی"یە ، لە زمـــانی کوریـــدا، وەک مۆرفۆفـــۆنیم، تیـــشکێک بخەینەسەری و، هیچ نەبێت، بۆ ئەوانەی دوای ئێمە، لەسەری دە نووسن، بتوانین تۆزێک ڕێگەیان، بۆ ڕۆشن بکەینەوە.لەکۆتایشدا هێڤیدارم بابەتێکی سوودمەند بێت، ئەگەر توانی بێتم، هێندەی گەردیلەیەک خزمەتی زمانە شیرینەکەمم کرد بێت، ئەوە جێگەی شانازییە، بۆمن. هیچ بابەتێک بەبێ کەموکوڕی نابێت، گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین کەموکورتییەکانی یەکدی بە بابەتی زانستی پڕ بکەینەوە و خزمەتی زمانەکەمانی پێ بکەین.

**تەوەرەی یەکەم:**

مۆرفۆفۆنیمی (ی)، وەک: دەنگ، پیت، فۆنیم، مۆرفێم، لە زمانی کوریدا، کە بریتین لە :

**سەرەتا بابزانین مۆرفۆفۆنیم چییە؟**

مۆرفۆفۆنیم: لە ئەنجامی ئەرک بینینی مۆرفێمەکاندا، لە ڕووی بەکارهێنانەوە کاتێک مۆرفێمەکان دەکەونە پاڵ یەکترەوە، هەر یەک لە یەکەکانی ئاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی بناغەی دروستکردنی پێوەندی نێوان مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی پێک دەهێنن. لە ئەنجامی کارتێکردنیان لەگەڵ یەکتردا و بەهۆی

کاریگەری دەنگی دەوروبەریانەوە شێوەی مۆرفیمەکان دەگۆڕێن و دیــارکردنی شــێوەی ( مــۆرف morf)، پێیــان دەگوترێــت مۆرفۆفۆنیمک(morphophonemic)، نموونە:

"ی" وەک دەنگ:

ئەو دەنــگەیە، لە ڕێــگەی فــشارێکی تیــشکئاساوە لەڕێــگەی ســییەکانەوە پــاڵی پێــوە دەنرێــت و بەشــێوەیەکی ئاســۆیی دەگوازرێتەوە، بەهۆی بیستنەوە هەستی پێ دەکرێت(فەرهەنگی ویبستەر).(١)

"ی" وەک پیت:

وێـنەی ئەو دەنـگەیە، کە لە ڕێـگەی ئەنـدامەکانی ئاخـاوتنەوە دەگــوازرێتەوە و، لە ڕێــگەی هێمــای زمــانییەوە، وێنەمــان بــۆ کێشاوە.

"ی" وەک فۆنیم:

بەو دەنگـانە دەگوترێـت، بەجێگۆڕکردنیـان، لەگەڵ دەنگێکـی تردا واتا و فۆرمی وشەکان دەگۆڕن. فۆنیم لە دەنگیش گرنگترە، چونکە جیاوازی وشەکانمان بۆ دەردەخات.(٢)

بۆ نموونە: مار یار

"ی" وەک مۆرفێم:


مـۆرفێم بچـووکترین یەکەی واتـاداری زمـانە، یـان خـاوەنی ئەرکە. مەبەست لەوەیە مۆرفێم یان واتایەکمان پێ دەبەخشێت، یـان واتـایەکی نوێمـان بـۆ دروسـت دەکـات، لە ڕێـگەی جۆرەکـانییەوە، مەبەسـتمان لە دروسـتکردنی واتـایەکی نـوێ، لە ڕێـگەی مـۆرفێمی وشـە داڕێـژەوەیە، کە "ی" وەک نمـوونە مەبەستمانە، کە دواتر باسی دەکەین. لە خـوارەوەش مـۆرفێم و جۆرەکانی بە شێوەیەکی جیاواز لەوانەی پێشوو، کە بۆی کراوە، پۆلێنی دەکەین.

جۆرەکانی مۆرفێم و دابەشکردنێکی تر، کە ئەمانەن:

زمانی کوردی، بەپێی دابەشکردنی بنەمای مۆرفۆلۆژی، بەپێی ئەو لێکـۆڵینەوانەی، کە کـراوە زمـانی کـوردی لەنـاو زمانـانی جیهاندا، دەچێتە ڕیزی زمانە لکاوەکانەوە واتە، ( agglutinating language)، زۆربەی وشـەکانی لەسـەرەتا و کۆتـاییەوە گیـرەک دەخاتە سەر ڕەگ و واتا دەگۆڕێت. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە زمـانی کـوردی خـاوەنی ڕەسـەنایەتی و تـایبەتێتی خـۆی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا زمانی کوردی لە ڕیزی زمانە تێکچرژاوەکانیشدا، گەلێک هاوبەشییان هەیە.

بێگومان دیاریکردن و پۆلێنکردنی مۆرفێم هێندە کارێکی سانا نییە. بەپێی توانا توانیومانە مۆرفێم پۆلێن بکەین و لێرەدا بیان خەینە ڕوو. مۆرفێم بەچەندین ڕێگا پۆلێن کراوە، بۆیە ناکرێت، بە

تەنها پشت بە یەکێک لە پۆلینکردنەکان ببەستین. جۆرەکانی مۆرفیمیشمان پۆلێن کردووە، کە بریتین لە :




چەند سەرنجێک لەسەر پۆلێنکردنەکە:

یەکەم:

مۆرفیمە ئەرکییەکان ئەو وشانەن، کە تەنها لە ڕستەدا ئەرک دەبینن و واتای ڕستەکە پێکەوە تەواودەکەن. لە دەرەوەی

ڕستەدا هیچ بە هایەکی سیمانتیکییان نییە، کە بریتین لە: ( چونکە، بەڵام....هتد).

دووەم:

لە مۆرفێمی بەندی سینتاکسیدا، ئەو مۆرفێمە بەندانەی دەچنە خانەی (مۆرفۆسینتاکسی) کردارییەوە، لەگەڵ کردارەکاندا ئەرک دەبینن،

بۆ نموونە: کاتەکانی ڕابردوو، ڕانەبردوو، داخوازی، ئیلزامی، ئەو مۆرفێمە بەندانەی تێدا ئەرک دەبینن بریتین لە (ئە/دە، ب/داخوازی و، ب/ئیلزامی...)، هەروەها نیشانەکانی ڕیژەی کار وەک( دە، بوو، ووە، ...)، لەگەڵ نیشانەکانی ڕستەی هەواڵی و دانانی، کە لەگەڵ کردارەکاندا دەردەکەون، وەک (با، بێت، بوبا...)، هەروەها لەگەڵ نیشانەکانی بکەر نادیاردا، کە بریتین لە "ڕێ" بۆ ڕانەبردوو "را"ش بۆ ڕابردوو. بێگومان ئەمانە وەک مۆرفێمی بەندی سینتاکسی کرداری، ئەرک دەبینن.

سەبارەت بە پاشگری (اندن)یش دەبێتە دوو جۆرەوە، یەکەم وەک مۆرفێمێکی وشەدارێژ، بۆ نموونە، خەو+اندن خەواندن. دووەم وەک ئەرکی ڕێزمانی، کە ئێمەش مەبەستمان ئەم جۆرەیانە، بۆ نموونە: قیژە_ قیژاندن. کە ئەمەش یەکێکە لە مۆرفێمەکانی بەندی سینتاکسی کرداری. هەروەها نیشانەکانی کاتی ڕابردوو، کە بریتین لە: (ت، د، و، ی، ا)و نیشانەی

ڕانەبردووش، کە "ێ" یە ، بەشێوەیەکی گشتی لە بکەر نادیاردا ئەم جۆرەیـــان دەردەکەوێـــت. لەگەڵ ئەوەشـــدا نیـــشانەکانی "نەرێکردن" کە پێک دێن لەمانە: (نا، نە، مە)و جێناوە لکاوەکانی خاوەنێتیش، کە لە مۆرفۆسینتاکسی کرداریدا ڕۆلی گرنگ دەبینن، وەک (م، مـــان)، بۆنمـــوونە: وشـــەیەکی وەک "دەتبیـــنم". ئەم مۆرفێمانەی کە ئاماژەمان پێکردن، هەموویان دەچنە چوارچێوەی مـــۆرفێمی بەنـــدی سینتاکـــسی کـــردارییەوە، چـــونکە ڕۆل و دەرکەوتنیان لەو بەشەدایە و زۆر چالاکن.

سێیەم:

لە مـــۆرفێمی بەنـــدی (سینتاکـــسی) ناویـــدا، ئەو مـــۆرفێمە بەنـدانەی، لەم بەشـــەدا دەردەکەون و پێکهێـنەری ســـەرەکی ئەم جۆرەیـانن، واتـا ئەم مۆرفێمـانە لەگەڵ نـاودا ئەرکـی ڕێزمـانی دەبیـنن، وەک: مۆرفێمەکـانی (ەکە، ێـک، ان)و، هەروەهـا لەگەڵ ئامرازەکانی خستنەسەردا، کە پێک دێن لە ئامرازەکانی (ی، ە)، خستنەسەر. ئەم مۆرفێمە بەندانە، دەچنە چوارچێوەی مۆرفێمی بەندی ڕێزمانی (سینتاکسی) ناوییەوە.

چوارەم:

مـۆرفێمی بەنـدی (سینتاکسی) ئاوەڵنـاوی، دیـارترین مـۆرفێمی بەندی سینتاکسی ئاوەڵناوی، لە فۆرفێمە بەندەکانی سینتاکسیدا، واتـا لەگەڵ ئاوەڵنـاودا ئەرکـی سینتاکسی ببیـنن بـریتین لە: (تـر،

تــرین)، لەچوارچێــوەی مــۆرفیمە بەنــدە سینتاکــسییەکان دایە، لە هەگبەی ئاوەڵناودا.

تێبینی: لە جۆری مۆرفیمی بەندی (سینتاکسی) کردایدا، مـۆرفیمی بەنـــدەکانی خـــاوەنێتی، لەگەڵ مۆرفۆسینتاکـــسی نـــاوی و مۆرفۆسینتاکسی کرداریشدا، ئەرک دەبینن، کە ئەمانەن:

بۆنموونە: دەتبینم/ مۆرفۆسینتاکسی کرداری
شارەکەم/ مۆرفۆسینتاکسی ناوی

تەوەرەی دووەم: (ی) لە ئاستی دەنگسازیدا:

زانستی فۆنۆلـۆژی، یەکێکە لە ئاسـتەکانی زمـان، هەر زمـانە و سیستەمی فۆنۆلـۆژی تـایبەت بەخـۆی هەیە، دەستنیشانکردنی ئەم ئاستەش پشت بە فۆنێم دەبەستێت، چونکە فۆنێم بچوکترین دانەی زمانە و بەگۆڕینی هەمان فۆنێم لەگەڵ فۆنێمێکی تردا، دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆرم و واتای وشەکان.

لەزمانی کوریدا وەک هەر زمانێکی تر دوو جـۆر دەنگی سـەرەکی هەیە، کە ئەمانەن:

یەکەم: نەبزوێن:

ئەو دەنـگەیە، کە لە گوتنـدا، ئەو هەوایەی لە سـییەکانەوە لە کـاتی ئاخاوتنـدا دێـنە دەرەوەو توشـی بەربەسـتێک یـان نـیمچە بەربەسـتێک دەبێت. دەنگەکـانیش ئەمـانەن: (ب، پ، ت، ج، چ، ح،

خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، هە).

دووەم: بزوێن:

ئەو دەنگانەن لەکاتی گۆکردنیاندا، ئەو تەوژم و پاڵەپەستۆیە ناکەوێتە سەریان، کە بریتین لە ئەمانە: ( ا، ە، و، وو، ۆ، ی، ێ)، (هەندێ نووسەر_ "یی" و "وێ"یش بەدوو بزوێن دادەێن).

پیتی بزوێنی (ی) و ڕەمزە دەنگییەکانی، کە ئەمانەن:

پیتی بزوێنی "ی" لەزمانی کوردیدا، بە چەندین شێوە خۆی دەنوێنێت و بە پێی سازگەی دروستبوونی دەگۆڕدرێت. هەمان شێوەی هێما زمانییەکەیە، بەڵام لەکاتی گۆکرندا هەرپیتە و بەپێی بڕگە و گۆکردنی گۆڕانی بەسەردا دێت. بێگومان ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی فۆنۆلۆژی کوردی. ڕەمزە دەنگییەکانیش.(٣)

کە ئەمانە:

[ی] ئەمە کورتە و کەمگیرە، وەک (کردی، بردی)

[ی] ئەمەیان کەمێک کراوەیە، وەک (دیاری)

[ی] ئەم جۆرەیان درێژە و گیرە، وەک (پیر، شیر)

(ی) = یێ :

[ی] کراوەیەو تۆزێک درێژە، وەک (دێ)

[ی] لەوەی پێشوو کەمتر کراوەیە، وەک (دێی)

دەرکەوتنی /ی/ وەک فۆنیم لەزمانی کوردیدا:

فۆنیم چییە؟

فۆنیم بریتییە لە دەنگە جیاوازەکانی زمانێک. فۆنێم بەو دەنگانە دەگوترێت، کە لە وشەیەکدا جێگۆڕکێیان پێ بکرێت لەگەڵ دەنگێکی تری نێو هەمان وشە، دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆرم و واتای وشەکە و واتا و فۆرمێکی نوێ دروست دەکات.(٤)

| بۆنموونە: وشە | گۆڕینی | بۆ فۆنیمی | وشەی نوێ |
|---|---|---|---|
| ژان | / ا / | / ی / | ژین |
| شێر | / ێ / | / ی / | شیر |
| دار | / د / | / ی / | یار |
| کەو | / و / | / ی / | کەی |

وشەکانی ( ژان، شێر، دار، کەو) بە جێگۆرکرنی فۆنێمەکانی ( و ، ێ، ، د، ا) بە فۆنێمی (ی)، وشەی نوێ و واتای نوێمان بۆ دروست بوو، کە بریتین لە وشەکانی (ژین، شیر، یار، کەی)، کە لەگەڵ وشەکانی پێشوودا، لە ڕووی فۆرم و واتاوە تەواو پێچەوانەی یەکترن. کە ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندی و ناسینەوەی ئەو دەنگانەی، کە فۆنێمن، چونکە هەموو دەنگێک فۆنێم نییە، بەڵام هەموو فۆنێمێک دەنگە.

چەند سەرەنجێک لەسەر پیتی (ی) لە ڕووی ڕێنووسەوە:(٥)

(١): پیتی (ی) بزوێن واتە (ی: i)

بۆنموونە: زەوی zewi

(٢): پیتی (ی) کۆنسۆنانت واتە (ی: y)

بۆ نموونە: یار yar

(٣): پیتێکی (ی)ی بزوێنی زۆر کورت هەیە، کە لە ڕێنووسی کوردی، بە ئەلفوبێی لاتینی نیشانەی (i)ی بۆ دانراوە، وەک لە وشەکانی (ژن jin، من min، بەڵام ئەم نیشانەیە، بە ڕێنووسی کوردی، لە ئەلفوبێی (ئارامی)دا دەرناکەوێت.

(٤): پیتی (ی) بزوێن و پیتی (ی)ی کۆنسونانت، واتە (i) بزوێن و (y) کۆنسۆنانت، لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی (ئارامی)، کە بە هەڵە پێی دەوترێت ڕێنووسی (عارەبی)، یەک نیشانەی بۆ دانراوە، واتە بە (ی) هێما دەکرێت، بەڵام ڕاستییەکەی وانییە و لەیەکتری جودان و لەکاتی بەدوای یەکتر داهاتنیدا، پێویستە گرنگی بە هەردووکیان بدرێت و بنووسرێن.

بۆنموونە: نییە، زەوییەکە

Niye , zewiyeke

(٥): لەو وشانەی، کە (سێ)، پیتی (ی)، بەدوای یەکتردا دێن، پێویستە لە ڕووی ڕێنووسەوە، هەر(سێ) پیتەکە، بەسەریەکەوە بنووسرێت.

بۆنمـــوونە: وشـــەی (ئـــاوایی یەکەمـــان)، دەبێـــت بەم شـــێوەیە بەسەریەکەوە بنووسرێت (ئاواییەکەمان).

(٦): لە زمانی کوردیدا، دروستکردنی (نیسبەت) لە ڕێگەی پیتی (ی)ەوە، دروســـت دەبێـــت، بە لکانـــدنی پیتـــی "ی" بە کۆتـــایی وشـــەکەوە، کە ئەمەش لە ژێـــر کـــاریگەری زمـــانی عـــارەبییەوە هاتووەتە نێو زمانی کوردییەوە، جێگەی خۆی گرتووە.

بۆنموونە: پێنجوێن+ی پێنجوێنی

ئازاد پێنجوێنی

بەڵام، ئەو ناوانەی کۆتاییان بە پیتی بزوێن هاتووە، پێویستە بە دوو (ی)، ب نووسرێت:

بۆنموونە: ئەحمەد ئاوا ، ئەحەمەد ئاوایی

شنۆ ، شنۆیی

لادێ ، لادێیی

ئەگەر هاتوو، ئەو ناوانە خۆیان، کۆتاییان بە پیتی (ی)، هات بوو، ئەوا پێویست ناکات پیتی (ی)، نیسبەتیان بخرێتە پاڵ.

بۆنموونە: سلێمانی، کاروان سلێمانی

ئامێدی، خۆشناو ئامێدی

تەوەرەی سێیەم: (ی) لە ئاستی وشەسازیدا:

مۆرفۆلـۆژی زانـستێکە، لە وشــە و مۆرفیمەکـان دەکـۆڵێتەوە، بایەخ بە لێکۆڵینەوە و پێکهاتەی وشـە دەدات بە تـایبەتی لە ڕووی پێکهاتەی مۆرفیمەکانییەوە.(٦)

مۆرفۆلۆژی دوو بەشی سەرەکی هەیە، کە بریتین لە:

وشەسازی دارِشتن:

بــایەخ دەدات بە وشــەکان لە ڕووی جــۆری پێکهاتنیــانەوە و، وەرگرتنیــانەوە، بەبــێ ئەوەی بــڕوانێتە ئەرکــی وشــەکان لە پێکهاتنیاندا.

وشەسازی ئەرکی:

بــایەخ دەدات بە پێوەنــدی نێـوان گەردانکردنــی وشــە و ئەرکە ڕێزمانییەکـانی. بـۆ نمـوونە: پێوەنـدی لەنێـوان وشـەی (گـوڵ) و (گوڵان).

بەهۆی مۆرفیمی کۆی (ان) بەندی سینتاکسییەوە، گۆڕان بەسـەر پێکهــاتنی ڕێزمــانی وشــەکەدا هــاتووە و، ئەرکەکەشــی بەدیــار دەکەوێت.

گرنگی مـۆرفیمی (ی)، لە دارِشـتنی وشـەی نوێ و دروسـتکردنی واتای نوێدا:

وشـەی دارێژراو: لە مـۆرفیمێکی سـەربەخۆ و مـۆرفیمێکی بەنـدی وشەدارێژ پێک دێت، لەڕێگەی پێشگرییەکەوە، یان پاشـگرێکەوە، یاخود هەردووکیان پێکەوە، دروست دەبێت.

که بێگومــان ئــێمه لێــرەدا تەنهــا مــۆرفیمی (ی)، به نمــوونه وەردەگرین، که پێوەندی به باسەکەمانەوە هەیە، که بریتین لە:

پاشگری "ی"

ئەم مۆفیمی بەندی وشەدارێژه، دەچێته سەر ناو، ڕەنگی ئەو ناوه بەدیار دەخات، که مەبەست لێی چ ڕەنگێکه.(٧)

بۆ نموونه: ( گەنم + ی)، دەبێته (گەنمی)، واته ڕەنگی پێستی ئەو کەسه، وەک گەنمه.

پاشگری "ی"

کاتێک دەچێته سەر ناوی شوێن، دەبێته هۆی بەخشینی نیسبەت بەهۆی شوێنەوە.

بۆ نموونه: (هەولێر + ی)، هەولێری

(کەرکوک + ی)، کەرکوکی

پاشگری "ی"

بچێته سەر هەر قەدێ یان وشەیەک سیفەتی ئەو وشەیه به وشه دارێژراوەکه دەبەخشێت:

بۆنموونه:

بازاڕ+ی بازاڕی،

شتێک سیفەتی بازاڕی پێوه بێت.

بەهار + ی بەهاری،

واتە، دوور بێت لەسەرما و گەرما

بەرز + ی بەرزی،
بەرز: مەبەست لە بەرزی ئەو شتەی دەپێوریێت،
بەڵام بەرزی: واتا بەرزکردنەوەی ئاست و توانا.

پاشگری "ی"

یەکێکی تر لە تایبەتمەندی مۆرفێمی "ی" ئەوەیە، کاتێک دەچێتە سەر ئاوەڵناو، وشەکە لە ئاوەڵناوەوە دەگۆڕدرێت بۆ دروستکردنی ناوی واتایی، ئەبستراکت.

پاک: ئاوەڵناوە + ی، پاکی: ناوێکی واتاییە
جوان: ئاوەڵناوە + ی، جوانی: ناوێکی واتاییە

مۆرفێمی "ی" وەک پاشگر، بۆ دروستکردنی ناوی واتایی، ئەم مۆرفێمە، ناوی واتایی لێ دروست دەکرێت بە بوونە پاشکۆی بەشە ئاخاوتنەکانی ( ئاوەڵناو، ئاوەڵفرمان، قەدی داڕێژدراو)، ناوی واتای لێ دروست دەکرێت،
که ئەمانەن:

بۆ نموونە:

لە ئاوەڵناوەوە:

جوان+ی (جوانی).

لە ئاوەڵفرمانەوە:

بەرز+ی (بەرزی).

بڵند +ی (بڵندی)

لە قەدی دارێژراوەوە:

خوێندەوار+ی (خوێندەواری)

چەند سەرنجێک لەسەر دەرکەوتنی مۆرفێمی (ی)، لە کۆتایی هەندێ وشەکەدا، کە ئەمانەن:

یەکەم:

ئەو وشانەی کۆتاییان بە پیتی (ی)، هاتووە، پێویستە لەکاتی بەستنەوەی لەگەڵ دیارخەرەکەدا، دوو پیتی (یی) بنووسرێت، کە یەکەمیان هی وشەکەیە و دووەمیشیان هی ئامرازی خستنەسەرە. بۆیە پێویستە بەم شێوەیە بێت:

بۆنموونە:

وشەکانی (ئازادی) و (ڕۆشنبیری)، وەک نموونە:

ئازادیی هیوای گەلانە.

ڕۆشنبیریی وڵات پێش دەخات.

دووەم:

ئەو وشانەی کۆتاییان بە پیتی (ی) هاتووە، لە ڕستەدا لە کاتی کەسی سێیەمی تاک، یان کۆیی خاوەنێتیدا، پێویستە بە دوو (یی) بنووسرێن. بەم شێوەیە:

بۆ نموونە:

وشەی (ئازادی)، وەک نموونە:
کوردەکان ئاشتی خوازن، ئازادییان لێ زەوت مەکەن.
سێیەم:

ئەو چاوگانەی، کە بە (یائی) ناسراون، واتە لەکاتی گەردانکردنیان بۆ کاری ڕابردوو ئەوا کاتی ڕستەکە لە شێوەی مۆرفێمی (ی) دەردەکەوێت. بۆیە پێویستە لەکاتی مۆرفێمی خاوەنێتیدا بەتایبەتی کەسی سێیەمی تاک و کۆ، پێویستە ڕەچاوی نووسینی دوو پیتی (یی) بکرێت، چونکە یەکێکیان کاتی ڕستەکەیە و ئەویتریان جێناوی خاوەنێتییە، کە ئەمەش چەند شێوەیەکییەتی:

بۆ نموونە:
چاوگی ( نووسین)و (کڕین)، وەک نموونە:

من نووسیم، تۆ نووسیت، ئەو نووسیی
ئێمە نووسیمان، ئێوە نووسیتان، ئەوان نووسییان

من کڕیم، تۆ کڕیت، ئەو کڕیی

ئێمە کڕیمان، ئێوە کڕیتان، ئەوان کڕییان.

چوارەم:

هەندێ وشـەمان هەیە، لە زمـانی کوریدا بە دوو (یـی) کۆتـایی هاتووە، بۆیە پێویستە لە کاتی بەستنەوەیان بە وشـەیەکی تـرەوە، یـاخود لە کـاتی مۆرفێمەکـانی خاوەنێتیـدا، لەڕووی فیـزیکییەوە پێویـستە، بە سـێ (ییـی) بنووسـرێت، بەڵام ئەم حـاڵەتە پێویـست ناکـات زۆر گرنگـی پێبـدرێت، چـونکە نووسـینی سـێ (ییـی) بەسـەریەکەوە، لەکاتی گۆکردندا زۆر دژوار دەبێت، کە گۆ بکرێت، چـونکە ئەو سـێ پیتـی (ییـی)یە، لەکـاتی گۆکرنـدا، لەشـێوەی یەک بـڕگەدا بەسـەریەکەوە ئاراسـتە دەکرێت، وەک دوو (یـی) ئاراسـتە دەکرێت، ئەمەش چەند شێوەیەکییەتی:

بۆنموونە:

وشەی (شایی) وەک نموونە:

شاییيەکەی ئەوان خۆش بوو، شاییيان لێ مەکەن بەشین.

ئەنجام:

ئـیمەی مـرۆڤ، لە ژیانمانـدا هەر کارێکمـان کـرد، پێویـستە بگەیـنە ئەنجامێک، بێگومـان گەیشتنیشمان بەو ئەنجـامەش مانـای ئەوەیە، کە ئەو کـارەی پێـی هەسـتاوین توانیومـانە، مانـدووبوونەکەمان بە زایە نەچێـت. ئەم باسـەی ئـێمەش بێگومـان لەو چوارچێـوە بەرتەسـکەی کە باسـمان کـردووە، بێگومـان گەیـشتووین بە

ئەنجامێک، کە لێرەدا بەچەند خاڵێک باسیان دەکەین، کە بریتین لە:

(١). پیتـی (ی)، لە هەردوو ئاستی دەنگسازی و وشەسازیدا، بەیەک مۆرف، بەڵام بە دوو ئەرکی جیاواز ڕۆڵی خۆی دەبینێت و چ وەک فۆنیم و یان مۆرفێم، واتە (ی) مۆرفۆفۆنیمە لەزمانی کوردیدا، بێگومان لەهەردوو ئاستەکەدا واتە زۆر چالاکە.

بۆنموونە ڕۆڵی "ی" وەک فۆنیم لە ئاستی دەنگسازیدا:

| وشە | گۆڕینی | بۆ فۆنیمی | وشەی نوێ |
|---|---|---|---|
| ژان | / ا / | / ی / | ژین |
| شێر | / ێ / | / ی / | شیر |

بۆنموونە ڕۆڵی "ی" وەک مۆرفێم لە ئاستی وشەسازیدا:

بۆ نموونە: ( گەنم + ی)، دەبێتە (گەنمی)، واتە ڕەنگی پێستی ئەو کەسە، وەک گەنمە.

(٢). پیتـی (ی)، وەک فۆنیم و وەک مۆرفێم، واتە مۆرفۆفۆنیمی (ی)، لە زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، لە داڕشتن و دروستکردنی فۆرمی نوێ و واتای نوێ، لە زمانی کوریدا، کە ئەمەش بووەتە هۆی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی بە تایبەتی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا.

بۆ نموونە:

بازاڕ+ی بازاڕی،

شتێک سیفەتی بازاڕی پێوەبێت.

بەهار + ی بەهاری،

واتە، دوور بێت لەسەرما و گەرما

بەرز + ی بەرزی،

بەرز: مەبەست لە بەرزی ئەو شتەی دەپێورێت،

بەڵام بەرزی: واتا بەرزکردنەوەی ئاست و توانا.

(٣). پیتی (ی) لە ڕێنووسدا توشی چەند گرفتێکمان دەکات گرنگترینیان لە ڕێنووسدا، بۆنموونە، پیتی (ی) بزوێن و پیتی (ی)ی کۆنسونانت، واتە (i) بزوێن و (y) کۆنسونانت، لە ڕێنووسی کوردی بە ئەلفوبێی (ئارامی)، کە بە هەڵە پێیدەوترێت ڕێنووسی (عارەبی)، یەک نیشانەی بۆ دانراوە، واتە بە (ی) هێما دەکرێت، بەڵام ڕاستییەکەی وانییە و لەیەکتری جودان و لەکاتی بەدوایەکتر هاتنیاندا، پێویستە گرنگی بە هەردووکیان بدرێت و بنووسرێن.

بۆ نموونە: نییە، زەوییەکە

Niye , zewiyeke

(٤). لە نێو وشەکانی زمانی کوردیدا، وا ڕێک دەکەوێت، هەندێ وشەی ئەو زمانە، چەند پیتێک لەوشەکانی لە سەرەتای وشەکە،

یان نێوەڕاستی وشـەکە، یـان کۆتـایی وشـەکەدا، خۆنمـایش بکـات، یـان ڕەنـگە لە هەرسـێ حـاڵەتەکەدا بە دیـار بکەوێت و، ڕەنـگە لەو سێ حاڵەتەی باسمان کرد، تەنێ لە دوو حاڵەتیـان، یـان یەکێکیـان دەربکەوێت. بێگومان ئەمەش بەپێی سروشـت و تایبەتمەندی هەر زمانێــک دەگۆڕێــت و، لەگەڵ زمــانێکی تــردا جــودا دەبێــت لە دەرکەوتنــی فۆنێمەکــان، لە نێــو وشــەکانی زمــانەکەدا، بێگومــان ئەوەی ئـێمەش مەبەسـتمانە فـۆنێمی "ی"یە ، لە زمـانی کوردیـدا، وەک مۆرفۆفـۆنیم، لە هەر سـێ حـاڵەکەدا، ڕۆڵـی خـۆی دەبینێـت، بەیەک فۆرم، بەڵام بەئەرکی جیاواز دەردەکەوێت.

| سەرەتا | نێوەڕاست | کۆتا |
|---|---|---|
| "ی" وەک فـۆنیم | "ی" وەک فـۆنیم | "ی" وەک مۆرفیم |
| مار | ژان | پاک |
| یار | ژین | پاکی |

**سەرچاوەکان:**


(١). د. عەزیز گەردی، کێشناسی،٢٠١٣، هەولێر.

(٢). د. نەریمان خۆشناو، دەنگسازی، ٢٠١٣، هەولێر.

(٣). د. محەمەد ئەمین هەورامانی، فیلۆلۆژی زمانی کوری، ١٩٧٣، بەغداد.

(٤). پ. د. وریا عومەر ئەمین، ئاسۆیەکی زمانەوانی، ٢٠٠٩، هەولێر.

(٥). ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کۆڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥هەولێر.

(٦). پ. ی. ڕەفیق شوانی، وشەسازی، زمانی کوردی، ٢٠١١، هەولێر.

(٧). پ. د. محەمەد معروف فەتاح، م.سەباح ڕەشید، چەندلایەنێکی مۆرفۆلۆژی، ٢٠٠٦، سلێمانی



# ڕێباز مستەفا: وەرگێڕان لەکورترین پێناسەیدا ئەوەیە کە مانای دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازێتەوە

سازدانی: فەرەیدون سامان

ڕێباز مستەفا، وەرگێڕ و نووسەر، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٢ شاری ڕواندز، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٩بۆتە پێشمەرگە - لەبەرئەوەش نەیتوانیوە قۆناخەکانی خوێندن تەواو بکات، دوای ئەنفالەکان لە ئێران گیرساوەتەوە، لەدوای ڕاپەرینەوە لەبواری نووسین و وەرگێڕاندا کار دەکات و نووسین و بابەتە وەرگێردراوەکانی بە بەربڵاوی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، تائێستا زیاتر لە(٣٠) کتێب و نامیلکەی لە بوارە جیاجیاکاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. گۆڤاری زمانناسی سەبارەت بە بایەخی زمان و هونەری وەرگێڕان بۆ خزمەتکردنی کولتووری کوردی، ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی کردەوە:

*** ئایا مەرجە وەرگێڕ لەکاتی وەرگێڕانی دەقێکدا واتای دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت؟**

ـ بێگومان، ئەگەر وەرگێڕان نەیتوانی مانای دەقە ئەسڵییەکە بگەیەنێت چۆن بە وەرگێڕان دادەندرێت، وەرگێڕان لە کورتترین

پێناسەیدا ئەوەیە کە مانای دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە بگوازێتەوە، جا ئەو گواستنەوەیە تا جوانتر بێت و نزیکتر بێت لە دەقە ئەسڵییەکە ئەوا بە وەرگێڕانێکی باشتر و سەرکەوتووتر دادەندرێت. لەبیرمان بێت کە وەرگێڕان بە هونەر دادەندرێت، ئەو هونەرەش دوو پایەی بنەڕەتی هەن: یەکەمیان تێگەیشتن لەو زمانەی کە لێیەوە وەریدەگێڕیت، دووەمیشیان دارشتنەوە و جێکردنەوەی ئەو تێگەیشتن و هەڵێنجانەی کە وەرتگرتووە لە چوارچێوەی ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕیت. بەم پێیە ئەرکی وەرگێڕ گواستنەوە و گەیاندنی ماناو ناوەڕۆکی دەقە ئەسڵەکەیە بە خوێنەرانی خۆی.

*** راتان چییە بەرامبەر ئەو وەرگێڕانەی کە دەستکاریی دەق دەکەن، وەک کورتکردنەوە یان ئیختیزالکردن؟**

ـ من پێم وایە دەستکاریکردن و کورتکردنەوە، یان زیادکردنی دەق لە واتای راستەقینەی وەرگێڕان کەم دەکاتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەو شێوازە نیم و وای دەبینم کە وەرگێڕان دەبێت ڕستە بە ڕستە ئەنجام بدرێت و وەرگێڕ وێڕای لەبەرچاوگرتنی گشت ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە وەرگێڕی باشی پێ دەناسرێتەوە، پێویستە لە هەمانکاتدا بەرپرسانە و بە ئەمانەتەوە مامەڵە لەگەڵ دەقە ئەسڵییەکەدا بکات.

***مەبەست چییە لەوەی کە دەگوترێت وەرگێڕ دەبێت شێوازی زمانی دەربڕینی نووسەر بپارێزێت؟**

ـ بێگومـان هـەموومـان دەزانـین کـە نووسـەران تایبـەیمـەنـدی و خـەسـڵەت و شـێوازی تایبـەت بـە خۆیـان هـەیـە لـە نووسـیندا. نووسەر هەیە لەدەربڕین و قسەکردنی ئاسایی خۆیدا نوکتەباز و دەم بـەپێکـەنـین و گاڵتـەچییـە، نووسـەری وا هـەیـە لـەسـەرەخـۆ، وردەکار، وریا و لـە هـەمان کاتدا قسەکانی بەهێما و پێچوپەنا دەردەبڕێت، هیواش هەیە وشک و ڕەقەکارە و هیچ ناسککاری و گاڵتەوگەپێک نازانێت، بمانەوێت یان نا ئەو تایبەتمەندییانە لە نووسینەکانیشیاندا ڕەنگ دەدەنەوە، بۆیە وەرگێڕی باش ئەوەیە کە بتوانێت ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانە لە وەرگێڕانەکەیدا ڕەنگ پێ بداتەوە، بۆ ئـەمـەش پێویستە وەرگێڕ بـەشـێوەیـەکـی گـشتی شـارەزاییێـک لـە نووسـەرەکـە وەدەسـت بخـات و بـە وریاییـەوە مامـەڵـە لـەگـەڵ دەربڕینـی نووسـەرەکـەدا بکـات، نـەک خەسڵەت و تایبەتمەندی و شێوازی نووسەرەکە پشتگوێ بخا و بیان کاتە قوربانی شێوازی دەربڕینی خۆی.

*** وەرگێـڕ دەتوانێـت زمـانێکی گونجـاو لـەگـەڵ دەقـە ئـەسـڵەکـە بدۆزێتەوە؟**

ـ بە هەڵە نەچین کە زمانی تایبەت و گونجاو لەگەڵ دەق جیاوازە لە ئاواز و ئەو فۆرمەی کە نووسەر دەقێکی پێ دەنووسێت، بۆ نموونـە نووسـەر هـەیـە بە زمانی قسەکردنی ئاسایی خـەڵک کە ڕۆژانە پێی دەدوێن کتێبێک یان بابەتێک دەنووسێت، نووسـەرێکی دیکە بە زمانی ئەدەبی و باوی نووسین و بە پەیڕەوکردن و لە بـەرچـاوگرتنی ڕێزمـان و بنـەمـا و ڕێساکانی زمـان بابـەت یـان

کتێبێک دەنووسێت، لەو حاڵەتەدا وەرگێڕ دەبێت کتێب یان بابەتی یەکەم بە هەمان زمانی (عامیانە) وەربگێڕێت و کتێب و بابەتی دووەمیش بە زمانی ئەدەبی باو و بە ڕەچاوکردنی بنەما و ڕێساکانی زمانی خۆی وەربگێڕێت. دەتوانین نموونەیەکی دیکە باس بکەین کە پێم وایە مەبەستەکە باشتر ڕوون دەبێتەوە: دەقێک سەد ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە، دیارە شێوازی قسەکردن و دەربڕین و تەنانەت لایەنی ڕێزمانی و ڕێنووسیش بە بەراورد لەگەڵ قسەکردن و دەربڕین و ڕێنووس و ڕێزمانی ئەمڕۆ جیاوازی هەیە، وەرگێڕ نابێت ئەو دەقەی کە سەد ساڵ بەر لەمڕۆ نووسراوە بە زمان و شێوازی قسەکردن و دەربڕینی ئەمڕۆ وەربگێڕێت، وەک چۆن ناشکرێت نووسین و دەقێک کە ئەمڕۆ نووسراوە بەزمان و دەربڕینی سەردەمێکی پێشووتر وەربگێڕێت، یانی بۆ هەر وەرگێڕێک مەرجە و پێویستە کە لایەنی مێژوویی ئەو دەقەی وەری دەگێڕێت بە تەواوی لەبەرچاو بگرێت.

*** لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی دروست و خۆشئاوازدا ئەرکی وەرگێڕی شارەزا چییە؟**

- دیارە لە هەموو زمانەکاندا، وشەیەک بۆی هەیە چەندان واتای جیاوازی هەبێت، یان بە پێچەوانە چەندان وشە کە لە نووسین و گۆکردندا وەک یەکن کەچی تەنها یەک واتایان هەیە، وەرگێڕی باش دەبێت زۆر ئاگادار بێت و لێی تێک نەچێت، دەبێت لەمیانی خوێندنەوە و لە چوارچێوەی ڕستەدا بەتەواوی وشەو ماناکان

ساغ بکاتەوە و لە وەرگێڕانیاندا وشەی گونجاو و ئەو وشەیەی کە لە هەمووان جوانتر و خۆشئاوازترە لەشوێنیان دابنێت. ئەگەر هەندێک لەو وەرگێڕدراوانەی لای خۆمان لەگەڵ دەقە ئەسڵەکانیاندا بەراورد بکەین، بە دڵنیاییەوە بە چاوی خۆمان دەبینین کە وەرگێڕی بەڕێز نەیتوانیوە هەندێک مانا و وشە و دەستەواژە بە باشی تێ بگات و ساغیان بکاتەوە و ئینجا وشەی گونجاو و خۆشئاوازیان لە شوێندا دابنێت، هەر خێرا خێرا نووسینەکەی بە حسابی خۆی وەرگێڕاوە و گۆڤارو ڕۆژنامەیەک یان دەزگایەکی بڵاوکردنەوەش بێ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنێک یەکسەر بۆیان چاپ و بڵاوکردۆتەوە و خستوویانەتە بەردەستی خوێنەران. بەداخەوە نەبوونی چاودێری و پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی دەق، چ نووسین چ دەقی وەرگێڕدراو زۆر زیان دەگەیەنێت و لەهەموو ڕوویێکەوە پاشاگەردانی و بێسەروبەری بەدوای خۆیدا دێنێت. مەبەستم لێرە ئەوە نییە کە سانسۆر بخرێتە سەر وەرگێڕان و نووسین. هەر ئەو سانسۆرە کۆمەڵایەتی و دینییانەی کە زۆرجار دەستی وەرگێڕ و نووسەرەکان دەبەستن کەم نین تا سانسۆری دیکەشیان بێنەسەر. سانسۆر لەگەڵ هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێداچوونەوە جیاوازی هەیە. هەڵسەنگاندن و ڕەخنە و پێداچوونەوە بەپێچەوانەی سانسۆر خزمەتی پرۆسەی نووسین و وەرگێڕان دەکەن.

*** باسی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەت کرد، ڕۆڵ و ئەرکی ئەو دەزگایانە چۆن دەبینیت؟**

- ویڕای هەبوونی چەند دامەزراوەیەکی تایبەت بە وەرگێڕان، بەداخەوە بە بەراورد لەگەڵ پێویستی و بایەخی وەرگێڕان بۆ ئێمە، ڕۆڵ و بەرهەمیان دڵخۆشکەر و بەپێی پێویست نییە. من وادەزانم بە پلەی یەکەم ئەرکی حکومەت و دامەزراوە رۆشنبیرییەکانییەتی دەزگایەکی چالاک پێک بێنێت کە هەموو تواناکانی بواری وەرگێڕان بگرێتە خۆی، بودجەیەکی شیاوی بۆ دابین بکات و دەستەیەکی بەئاگاش دەستنیشان بکرێت بۆ دیارکردنی ئەو بەرهەمە بیانییانەی پێویستە وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی. ئەگەر تا ئێستا داینەمۆی وەرگێڕان هەنگاو و ئارەزوو و سەلیقەی شەخسی بووبێت کە هەر لەبەر ئەمەشە گلەیی هەڵناگرێت، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە کە بەرنامەی بۆ دابڕێژرێت و ئۆرگانیزە بکرێت.

*** وەرگێڕ چۆن دەکارێت لە وەرگێڕانەکەیدا بنەما و ڕێزمانی نووسەرەکە لەبەرچاو بگرێت؟**

- لەبەرچاوگرتنی ڕێزمان و بنەما و ریساکانی زمان بە شێوەیەکی گشتی بە مەرجێکی سەرەکی سەرکەوتنی هەر نووسینێک دادەندرێت. بەداخەوە ئێمە ئەوەندەی بایەخ بە وشە و پوختە و تەتەڵەکردن و پاراوڕاگرتنی وشە دەدەین هێندە گرنگی بە لایەنی ڕێزمان و بنەما و ریساکانی زمانی خۆمان نادەین، هەر لەبەر ئەوەشە زمانی کوردی لە باری فراوانیی وشەوە زۆر دەوڵەمەندە

و زیادەڕەوی نییە، ئەگەر بڵێین لە زمانەکانی دەوروبەرمان دەوڵەمەندتر نەبێت هەژارتر نییە، کە ئەمەش مایەی شانازییە بۆ گەلەکەمان، بەڵام لەباری ڕێزمانەوە جێی داخە کە بەهۆی کەم بایەخدانەوە هێشتا زۆر کێشەی زمانەوانی و کێماسیمان هەن، بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەو کێشە و کێماسییە زمانەوانییانە پێویستیمان بە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر و بە دەزگا و دامەزراوەی گەورە و کەسانی شارەزا و زمانزان و دڵسۆز هەیە، ئەم کارەش تا زووە بکرێت باشترە. من سەرم سوڕ دەمێنێت لە حکومەتی خۆمان کە پارەیەکی زۆر لە هەندێک بواری زۆر کەم بایەختر خەرج دەکات، کەچی ئاوا لە ئاست پرسێکی وا گرنگ بێدەنگە و هیچ هەنگاوێکی جیددی لەو بارەیەوە نانێت. بەم پێیە وەرگێڕیش وەک کەسێک کە بەشێوەیەکی گشتی سەروکاری لەگەڵ پرۆسەی نووسیندا هەیە، دەتوانێت ڕۆڵێک یا ڕۆڵەکەی تاکەکەسیش بێت بگێڕێت، بۆیە وەرگێڕی باش وێڕای لەبەرچاوگرتن و وردبوونەوە لە ڕێزمان و بنەما و ڕێساکانی ئەو زمانەی کە دەقە ئەسڵەکەی پێ نووسراوە، پێویستە زۆر بەوریایی و بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ کارەکەیدا بکات.

*** ئەی کورتی یان درێژدادڕیی نووسینەکە چۆن ڕەچاو دەکرێت؟**

- من لەگەڵ کورتکردنەوە و درێژکردنەوەی ئەو بابەتە نیم کە وەردەگێڕدرێت، وەرگێڕان وەک نووسین نییە تا بەکەیفی خۆت بینووسیت و مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، وەرگێڕی سەرکەوتوو لەکاتی وەرگێڕاندا دەبێت کە ڕستەیەکی خوێندەوە بتوانێت

ماناکەی لەچوارچێوەی ڕستەیەکی دیکەی زمانی دووەمدا بگەیەنێتە خوێنەرانی خۆی. هەموومان دەزانین هەندێک لە نووسەران مەبەستی خۆیان زۆر بەکورتی دەردەبڕن، بەشێکی دیکەیان بەپێچەوانەوە زۆر درێژدادڕی دەکەن و لەسەریەک جەخت دەکەنەوە و دیسان جەخت دەکەنەوە. وەرگێڕی باش دەبێت ئەو هەردوو حاڵەتە ڕەچاو بکات و لەو چوارچێوەیە دەرنەچێت کە دەقە ئەسڵەکەی تێدا گونجێندراوە. خۆ ئەگەر وەرگێڕ بە کەیفی خۆی دەقێکی کورتی درێژ کردەوە و درێژدادڕیی تێدا کرد و چوارچێوە و سنوورەکانی دەقە ئەسڵەکەی نەپاراست، ناتوانین پێی بڵێین وەرگێڕان، بێگومان ئەوە وەرگێڕان نییە بەمانا راستەقینەکەی خۆی. بەڕای من واباشترە وەها وەرگێڕێک بەسوودوەرگرتن لەناوەڕۆکی ئەو نووسینە و زانیاری و بەهرەکانی دیکەی خۆی، لەجیاتی وەرگێڕان کاری نووسین بکات.

*** زۆرینەی نووسەرانی ئێمە کێشەی خاڵبەندییان هەیە لەنووسیندا، ئەی وەرگێڕ دەبێت بایەخ بەخاڵبەندی بدات؟**

ـ بێگومان وەرگێڕ دەبێت بایەخی تەواو بەخاڵبەندی بدات. ئاشکرایە کە لە نووسین و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەک ئێمە بەڵکو هی میللەتانی دەوروبەریشمان ڕەچاوی خاڵبەندی نەکراوە. خۆشبەختانە ئێستا نووسەرانی ئێمەش بەلاساییکردنەوەی داڕشتنی نووسەرانی دیکە بەتایبەت لاساییکردنەوەی نووسەرە رۆژئاواییەکان بایەخ بەو خاڵە دەدەن. بێگومان خاڵبەندی زۆر

یارمەتی تێگەیشتنی باسەکە دەدات و دەبێت نووسەرانمان بە وردی ئاگادار بن و لە شوێنی پێویست نیشانەکانی وەک پرسیار، سەرسوڕمان، دوو خاڵی لەسەریەک، هێڵی سەری دێڕ، وێرگول، پارانتیز، سێ خاڵی بەدواییەک و خاڵی کۆتایی ڕستە دابنێن، چونکە فەرامۆشکردنی تەنها یەکێک لەمانە ڕەنگ بێت مانای تەواوی ڕستەیەک بگۆڕێت. وەرگێڕیش دەبێت وەک نووسەر لە دارشتنەوەی بابەتەکەی لای خۆی بەتەواوی ڕەچاوی خاڵبەندی بکات، بەڵام ئەو خاڵبەندیەی وەرگێڕ مەرج نییە وەک هی نووسەری دەقە ئەسڵەکە بێت، بەڵکو دەبێت بەپێی پێویست و دارشتنی وەرگێڕەکە بێت، چونکە وەک پێشتر باسمان کرد هەر زمانە و دارشتنەوە و ڕستەسازی تایبەت بەخۆی هەیە، خاڵبەندیش دەبێت لەچوارچێوەی ئەو دارشتن و ڕستەسازیەدا ئەنجام بدرێت.

*** چ جۆرە وەرگێڕانێک چێژی دەقە ئەسڵەکە دەپارێزێت و خوێنەریش ماندوو ناکات؟**

ـ وەک باوە و زۆر جار باسیش کراوە، تا ئێستا وەرگێڕان بە سێ شێواز کراوە: وەرگێڕانی وشەبەوشە، وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە، سێیەمیشیان وەرگێڕانی ئازاد و بەپێی تێگەیشتنی وەرگێڕ لە ناوەڕۆکی دەقەکە. هەموو وەرگێڕ و خوێنەرێکی باش دەزانێت کە جۆری یەکەم خراپترینی وەرگێڕانەکانە، چونکە نەدەتوانێت مانای دەقە ئەسڵەکە بگەیەنێت و نەچێژێکیش بەخوێنەر دەبەخشێت، سەرەڕای شێواندنی لایەنی زمانەوانی، چونکە هەر زمانە و بنەما

و ڕێزمان و شێوازی ڕستەسازی تایبەت بەخۆی هەیە. جۆری سێیەمیش ئەمانەتی وەرگێڕانی تێدا نابێت و دەتوانین بڵێین لە قاڵبی وەرگێڕان دەردەچێت و دەکرێت پێی بگوترێت وەرگێڕانی بەدەستکاری یان ئامادەکردن، بەڵام وەرگێڕانی جۆری دووەم واتە ڕستە بەڕستە باشترین وەرگێڕانە و دەتوانێت مانای دەقەکە بگەیەنێت، تاموچێژ و ئەمانەتی دەقە ئەسڵەکە بپارێزێت. خوێنەر لەو جۆرە وەرگێڕانە ماندوو نابێت و زۆر دڵنیایە، بەڵام بێگومان وێڕای ئەمانەش هەڵبژاردنی دەق زۆر گرنگە. وەرگێڕ دەبێت دەقی باش و ئەوەی کە خوێنەر پێویستی پێ هەیە و داوای دەکات هەڵبژێرێت، پاشان دەبێت وردەکاری و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی باش و ئەو خاڵانەی لەسەرەوە باسمان کردن ڕەچاو بکرێن. ئەوەش ناشارمەوە کە من چێژ لە دەقی شیعری وەرگێڕدراو وەرناگرم، لە بەرئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی شیعری مامەڵەکردنە لەگەڵ هەستونەست. جگە لەمەش دەقی شیعری هاوسەنگی موزیکی تێدایە کە لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر ئەستەمە بپارێزرێت و ون دەبێت.

*** زۆر لە وەرگێڕەکان پەنا دەبەنە بەر فەرهەنگی وشە و زاراوەکان، ئێوە ئەمە چۆن دەبینن؟**

- ئەرکی وەرگێڕ، دوای هەڵبژاردنی ئەو دەقەی کە وەری دەگێڕێت بریتییە لە گواستنەوە و گەیاندنی مانا و ناوەڕۆکی ئەو دەقە بەخوێنەرانی خۆی، جا ئەو مانا و ناوەڕۆک گواستنەوەیە تا جوانتر و زیاتر مایەی تێگەیشتن بێت باشترە و کارەکە

سەرکەوتووترە، بێگومان وەرگێڕ مافی خۆیەتی بۆ ئەوەی کارەکەی بە باشترین شێوە ئەنجام بدات وێڕای تواناکانی خۆی، دەست بۆ گشت ئامراز و فاکتەرە یارمەتیدەرەکان درێژ بکات. فەرهەنگی وشە و زاراوەکانیش فاکتەرێکی یارمەتیدەرە و دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت. من دەبێت دانی پێدابنێم کە لە کاتی وەرگێڕاندا قەت فەرهەنگی وشە و زاراوەکان لەتەک خۆم دانانێم، پێم وایە بەم شێوەیە باشتر فێری زمانی فارسی دەبم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکجار بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە وشەیەک کە گومانم لێی هەبێت یان نەیزانم، دەچم لەنێو کتێبخانە بچوکەکەی خۆمدا فەرهەنگێکی وشە و زاراوەکان سەیر دەکەم، یان جاری وا هەیە هەر بۆ ئەم مەبەستە پرسیار لەو هاوڕێ و برادەرانەم دەکەم کە فارسی دەزانن.

*** بەلای تۆوە سەختترین لایەنی کاری وەرگێڕان کامەیە؟**

ـ لەڕاستیدا ئاستەنگەکانی بەردەم کاری وەرگێڕان زۆرن، هەندێکیان پەیوەندیان بە کاتی وەرگێڕان و هەندێکیشیان پەیوەندیان بەدوای وەرگێڕان هەیە. مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی زمانێکی دیکەی جیا لەزمانی خۆت، خۆی لەخۆیدا سەختە، چونکە وەرگێڕ جگە لەوەی دەبێت زمانی یەکەم، مەبەستم ئەو زمانەی کە بۆی وەردەگێڕێت، زۆر باش بزانێت، پێویستە ئەو زمانەیش کە لێیەوە وەردەگێڕێت باش بزانێت و شارەزای بێت، ئینجا خودی ئەو دەقەی کە وەریشی دەگێڕێت پرسێکی دیکەیە. ئایا

نووسەری دەقە ئەسڵەکە توانیویە مەبەستەکانی خۆی بەشێوەیەکی باش، ڕەوان و بێ گرێوگۆڵ دەرببڕێت؟

ئایا وەرگێڕ شارەزایی و پاشخانێکی هزری و ڕۆشنبیری لەبارەی بابەتی دەقەکە هەیە؟ ڕەنگە وەرگێڕێک لە بوارێکی دیارکراودا باش شارەزا بێت و بتوانێت لەو بوارەدا بەباشی وەربگێڕێت، بەڵام لە بوارێکی دیکەدا وا نەبێت. بێگومان ئەگەر ویستی بەهەر هۆکارێکەوە بێت لە بواری دووەمدا وەربگێڕێت سەرکەوتوو نابێت، چونکە پاشخان و باکگراوندە ڕۆشنبیرییەکەی دەرەقەتی وەرگێڕانی بابەتەکە نایەت. بۆیە من وادەبینم وەرگێڕ ئەگەر بیەوێت بەباشی ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت دەبێت زۆر ورد و بە حەوسەڵەیەکی باش مامەڵە لەگەڵ کارەکەیدا بکات، هەمیشە دەبێت ئەوەی لەبیر بێت کە وەرگێڕان کارێکی سەختە، ئاستەنگەکانی یەک و دووان نین، لەهەمانکاتدا بەرپرسیارێتییێکی گەورەشە. لەگەڵ ئەمانە هەموویش من پێموایە تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئیدیۆم سەختترین لایەنی کاری وەرگێڕانە. هەر زمانە و ئیدیۆم و هێمای تایبەت بە خۆی هەیە، کە تەنها لە ڕووی ماناوە دەکرێت وەربگێڕدرێن. هەر وەرگێڕێک شارەزایی لە ئیدیۆم و هێما و کونوکەلەبەر و وردەکارییەکانی ئەو زمانە نەبێت کە لێیەوە وەردەگێڕێت، وەرگێڕانەکەی باش دەرناچێت و توشی گرفتی گەورە دەبێت.

***پیتان وایە ئێستا کاری وەرگێڕان بووەتە بەشێک لە بازرگانیکردن نەک بەرپرسیاریەتی؟**

- من وای نابینم وەرگێڕان بووبێتە بەشێک لەبازرگانیکردن، چونکە هێشتا لە کوردستان بازاڕێک نییە بەناوی بازاڕی کتێب، تا ئێستاش

ئەو کەسەی کتێبێک بڵاو دەکاتەوە، مەگەر بەدەگمەن دەنا لە ڕووی مادییەوە سوودێکی پێ ناگات، بەڵام دەتوانین بڵێین هێشتا ئەو بەرپرسێتیەی جەنابت باسی دەکەیت دروست نەبووە و زۆربەی ئەو کارانەی لە بواری نووسین و وەرگێڕان بەتایبەت لە بواری وەرگێڕاندا دەکرێن بە باشی ڕێک نەخراون و بێبەرنامەیی و بێسەروبەریان پێوە دیارە. جگە لەمانە لەکوردستان هێشتا ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون بۆ کتێبێک کە بڵاو دەبێتەوە بەپێی پێویست بوونی نییە، کە من پێم وایە ئەمە گەورەترین کێماسی و بەربەستە لەبەردەم ڕێکخستن و راستەڕێکردنی پرۆسەی نووسین بەگشتی و وەرگێڕان بەتایبەتی. من پێم وایە ئەگەر ئەو بەربەست و کێماسییانە چارەسەر کران و ئەو کەسانەی کە کاری وەرگێڕان دەکەن ڕووبەڕووی بەرپرسێتی کرانەوە و ناچار کران پابەند بن بە چوارچێوەکانی کاری وەرگێڕان، ئەودەم وەرگێڕان ببێتە بەشێک لەکاری بازرگانی جێی نیگەرانی نابێت. بەپێچەوانەوە من وای دەبینم لەو کاتەدا پرۆسەی وەرگێڕان خێراتر و باشتر دەچێتە پێش، بەڵام لە بیرمان نەچێت بازاڕی کتێب بە تەنها لەم بەشەی کوردستان ئاسان نییە دروست ببێت، چونکە ژمارەی خوێنەران لێرە بەو ڕادەیە نییە. پێم وایە وەک قۆناغی دەستپێک دەبێت میکانیزمێک بدۆزرێتەوە کە خوێنەرانمان لەهەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە لەو هەردوو بەشەدا یەک ڕێنووس کاری پێ دەکرێت و دیالێکت و شێوەزاری زۆربەی خەڵکەکەش یەکە، پێکەوە ببەستێتەوە. لەو حاڵەتەدا ژمارەی خوێنەرانمان لانی کەم دوو بەرابەر دەبنەوە و داخوازیی کتێب زۆر دەبێت و بەم شێوەیە بازاڕی کتێب دروست دەبێت.

# تورکمانەکانی عێراق و مافە کولتوورییەکانیان

**ئەسعەد ئەربیلی**

بەر لە دەستپێکردنی توێژینەوەکەم، بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم توێژینەوەیە لە چەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە وەرگیراوە و پشتی پێ بەستراوە، کە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئاماژەیان پێ کراوە. بەم پێیە، بوونی هەر سەرنج و رەخنەیەک لەسەر ئەم بابەتە لەلایەن نووسەران و شارەزایانی مێژووەوە، خۆشحاڵم دەکا و لە پێشەکیدا سوپاسیان دەکەم.

## زمانی تورکمانی :

زمانی تورکمانی یەکێکە لە زمانە هەرە کۆنەکانی جیهان، بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکانەوە کە ڕاستیان سەلمێنراوە، زمانی تورکمانی هەر لە کۆنەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئاسیا ناوی هاتووە و بوونی خۆی هەبووە. زمانی دایک و دیالێکتە جیاوازەکانیشی تا ئێستا نەگۆڕدراون و بگرە وێڕای گشت ئەو

گۆڕانکارییە خێرایيانەی کە بەسەر زماندا دێن، کەچی زمانی تورکمانی هەر وەک زمانێکی ڕەسەن توانیوییەتی خۆی بپارێزێ و پەتیی بوونی خۆی لەدەست نەدا. لە رووی یاسا زمانەوانییەکان و سیستەمی گراماتیکەوە زۆربەیان لێک نزیکن. لە بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکانەوە، ناوچە لەگەڵ ناوچە جیاوازی هەیە بۆ نموونە لە وڵاتە تورکمانییەکانی کە پێشووتر لەژێر دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا بوون وەک ئۆزبەکستان، تورکمانستان، قیرغیزستان، کازاخیستان، تاجیکستان، ئەلفوبێی کریل و لاتینییان بەکار دەهێنا بەڵام تورکمانەکانی عێراق ئەلفوبێی عەرەبییان بەکار هێناوە. وەلێ وێڕای بوونی ئەم جیاوازییە لاوەکییانە، کەچی لە بنەڕەتدا بەشێوەیەکی بەرچاو لێک نزیکیان هەیە.

**مێژووی تورکمانەکان لە عێراقدا :**

وەک مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، تورکمانەکان لە ناوچەکە بوونیان هەبووە، چ لەو سەردەمە و هەتاوەکو ئەمڕۆش، یەکێک بوونە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەم ناوچەیە. تورکمانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی ئێرانی ساسانی ژیاون. ساسانییەکانی نیشتەجێ لە خاکی عێراقدا بە ڕەچەڵەک تورکمان بوون کە بەشێکی زۆرییان لە پێکهاتەی سوپای ئەو ئیمپراتۆریەتە بوون. بەر لە هاتنی ئاینی ئیسلام گرووپەکانی ئەلنەساترە و مانەوییەکان کەمپینێکی گشتییان لەسەرانسەری ئەم خاکە

جێبەجێ کرد و توانییان زۆربەی دانیشتوان بکەنە کریستیان و تورکمانەکانیش بەشێکی چوونە ڕیزی ئاینی کریستیانەکان، کە ئێستاش ڕێژەیەکی دیاریکراوی لە تورکمانەکانی کەرکووک و هەندێ ناوچەی دیکە و تورکمانەکانی قەڵای کەرکووکیش گشتیان کریستیانن. تا ئێستا بەڵگەیەکی بەرجەستە نییە بۆ ئەوەی بزانرێ تورکمانەکان لە چ ساڵێکدا نیشتەجێی عێراق بوون. بەڵام تابلۆ و تاشەبەردە نووسراوەکانی سەردەمی سۆمەرییەکان کەبە شێوەنووسینی کۆنی بزماری نووسراون، ئەوە دەسەلمێنن کە تورکمانەکان بەشێک بوونە لە گەلی سۆمەر و لە ناوەڕاستی ئاسیا بەرەو ڕۆژهەڵات هاتوونە بەمەبەستی کشتوکاڵیکردن و گەڕان بەدوای ژیانێکی ئارام و بەختەوەر و سەقامگیر. لە یەکێک لە تاشەبەردە بزمارییەکانی سۆمەرییەکان زیاتر لە ٥٠ پەنجا وشەی تورکمانی بەکارهێنراوە کە تا ئێستا ئەم وشانە لە زمان و دیالێکتە جیاوازەکانی تورکمانیدا بەکاردەهێنرێن. بەشێکی ئەم تاشە بەردینانەش لە مۆزەخانەی نێودەوڵەتی "لۆڤەر" لە فەرەنسادا پارێزراون.

مێژوونووسان و شارەزایانی بواری مێژوو لە قۆناغی دووەمی مێژووی عێراقدا ئاماژە بە گەڕانەوەی شەپۆلی تورکمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست بۆ خاکی عێراق دەکەن، کە ئەو سەردەمە، سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانیەتی دەسەڵاتی عەرەبی ئیسلامی بوو، کاتێک سوپای موسڵمانەکان بە سەرکردایەتیی عوبەیدوڵڵا کوڕی زیاد لە ساڵی ٥٤ی کۆچی بۆ

بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام ڕووی کردە ناوچەی تورکمانستان، بەڵام نەیتوانی خاکەکەیان داگیر بکات بەهۆی لێهاتوویی تورکمانەکان لە بەرکاهێنانی تیر و کەوان و ڕمەکانەوە، کاتێک عوبەیدوڵڵا پرسی ئەمانە کێن هێندە بە شارەزاییەوە ئەم چەکانە بەکاردێنن، کە ئافرەتێک بەناوی قەبەج خاتوون سەرکردایەتییان دەکات؟ لە وەڵامدا پێیان گوت ئەمانە تورکمانەکانن. سەرچاوەی ئەم ڕووداوە مێژووییە بە قەڵەمی مێژوونووس تەبەری لە کتێبی بەناوبانگی "تاریخ الامم و الملوک" لەلاپەڕە ٢٢١دا هاتووە کە تێیدا بەم شێوەیە باس لە ڕووداوەکە دەکات و دەڵێت:

- عوبەیدوڵڵا کوڕی زیاد لە مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی ٥٤ کۆچی کە دەکاتە ٦٧٣ زایینی سوپایەکی مەزنی بۆ داگیرکردنی خاکی "جەیحون و بوخارا و بیکەند" بەسەرکردایەتیی خۆی نارد و لە جەنگێکی خوێناویدا هەرچەندە کردی نەیتوانی دەست بەسەر ئەم خاکانەدا بگرێ و سوپای بەرگریکاری بەرامبەر بەسەرکردایەتی "مەلیکە قەبەخ خاتوون" بوو. لێرەدا عبیدالله سەرسامی خۆی بۆ ئەم بەرپەرچدانەوە نواند و پرسیاری لەم هۆز و نەتەوەیە کرد و دوای موسڵمانبوونی دانیشتوانی ئەم ناوچانە عبیدالله بڕیاری دا ٢٠٠ جەنگاوەری ئەم سوپایە ڕەوانەی خاکی عێراق بکات و بۆ ئەوەی نیشتەجێ بن و سوپای بەرگریکاری ئیسلامی لە ناوچە جیاوازەکانی عێراق بڵاو کردەوە کە بەشێکیان لە بەسرە نیشتەجێ کران. ئیتر لەگەڵ مانەوەی ئەم سوپایە تورکمانە کە زۆربەیان جگە لە کاتەکانی جەنگ و

شەڕەکاندا کاری کشتوکاڵی و بازرگانییان دەکرد و لەگەڵ پێکهێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری توانییان خۆیان لەگەڵ پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی عێراقدا بگونجێنن و بەم شێوەیە لە عێراقدا مانەوە. بەشێکی زۆری پێکهاتەی سوپای ئەمەوییەکان لە تورکمانەکان پێک هاتبوو .

- تەبەری لە بەشی نۆیەمی هەمان کتێبەکەی بەناوی "تاریخ الامم و الملوک" لەلاپە ڕە ١٤٤ دا دەڵێ: " یەزید کوڕی هوبێرە دوای گەمارۆیە درێژخایەنەکەی ابوجعفر المنصور نەیتوانی زیاتر لەمە بەرگە بگرێ بۆیە شاری واست و هێزەکەی کە لە ٢٣٠٠ جەنگاوەری تورکمانی خەڵکی بوخارای رادەست کردن". هەروەها تەبە ڕی بۆمان دەگێڕێتەوە هەریەک لە زانا و مێژوونووسانی بەناوی "هەمەدانی و بەلازەری" دووپاتیان کردووەتەوە کە ژمارەی دانیشتوانی تورکمانەکانی عێراق لەسەردەمی عەباسییەکاندا زۆر زیادی کردووە و بەشێکی زۆری ئەسپسواران و تیرهاوێژانیان لەبەربەرایەتیکردن و وەستانیان دژ بەهێرشەکانی خاچپەرستەکانەوە بەکارهێناوە و لە سەردەمی خەلیفە موعتەسەم بیللا شاری سامەڕای تایبەت بۆ تورکمانەکان دروست کرد، کە ئەوسا یەکێک بوو لە جوانترین شارەکان و ناوی پێشووتری (سره من رأی) بوو. زیاتر لە ٥٠ هەزار لە تورکمانەکانی خاڵ و خوارزاکانی خۆی کە گشتیان جەنگاوەرە چاونەترسەکان بوون تێیدا نیشتەجێی کرد.

لەلایەکی دیکەوە ناودار الجاحظ لە نووسینەکانیدا باسێکی تێروتەسەلی ئازایەتی و نەبەردی و بێترسی جەنگاوەرانی کردووە و نموونەی ئازایەتی و وەفادارییان بۆ هێناوەتەوە. سەرەڕای ئەمەش هەریەک لە ناودارانی وەک فارابی، بوخاری، خوارزمی، بەیرونی و سەرخەسی بە ڕەچەڵەک تورکمان بوون و بەڵام ناوی ئەم ناودارانە شێوێندراون و بە فارس و ئێرانی ناویان هاتووە، کە بە هیچ شێوەیەک بەڵگەی بەرجەستەکراو نییە کە بیسەلمێنێ ئەوانە تورکمان نین .

تورکمانەکان بەر لەوەی باوەش بە ئاینی ئیسلام بکەن، بە ئۆغوز و ئەلغەز و خەوارزمییەکان ناسرا بوون، بەڵام پاش موسڵمانبوونیان بە تورکمان ناسران کە لە دوو پێکهاتەی بە یەک لکێنراوەوە ناویان دەرکەوت ئەویش تورک ئیمان، واتە ئەو تورکانەی کە باوەڕیان بە ئیسلام هێنا و موسڵمان بوون .

هێز و دەسەڵاتی تورکمانەکان لە عێراق هەتا سەردەمی سەلجوقییەکان لە پەرەسەندن دابوو. لەم سەردەمەدا سەرکردەی سەلجوقییەکان (توغرول بیک) لە سالی ١٠٥٥ کۆچی، خەلیفەی عەبباسی (القائم بأمر الله)ی لە دەست (بوەیهییەکان) ڕزگار کرد.

وە لەم ماوەیەدا چەندین ئیمارات و دەوڵەتی تورکمانی پێکهێنرا لەوانە:

١- ئیماراتی ئەتابەگی لە موسڵ (١١٢٧ کۆچی – ١٢٣٣ زایینی).

٢- ئیماراتی ئەتابەگی لە هەولێر (١١٤٤ کۆچی – ١١٥٠ زایینی).

٣- ئیماراتی ئیواقییه له كەركووك (١١٨٤ كۆچی – ١١٩٣ زایینی).
٤- دەوڵەتی جەلائیری (١٣٣٩ كۆچی – ١٤١٠ زایینی).
٥- دەوڵەتی سەلجوقی (١٠٥٥ كۆچی – ١١٥٧ زایینی).
٦- دەوڵەتی قاراقویونلو (١٤١١ كۆچی – ١٤٨٦ زایینی).
٧- دەوڵەتی ئاق قویونلو (١٤٦٨ كۆچی – ١٥٠٨ زایینی).

بەڵام لە زەمانی عوسمانییەكان توركمانەكان بە كۆمەل نەهاتوونەتە ناو خاكی عێراق. بۆ زانینی زیاتریش پەیوەندی نێوان خەلیفەكانی عوسمانییەكان و توركمانەكانی عێراق زۆر لاواز بوو ، هۆیەكەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی گوایە زۆربەی توركمانەكان لە مەزهەبی شیعە بوون بەڵام عوسمانییەكان بە مەزهەب سوننی بوون.

كۆمەڵە زمانە توركمانییەكان :

زمانی توركمانی زمانێكی سادە و سەربەخۆیە، لە باری رێزمانی و پێكهاتەی زمانیەوە زۆر لە زمانی ئازەریی ئازەربایجانەكانەوە نزیكە تا زمانی توركی نوێی توركیا. زمانی توركمانی سەر بە كۆمەڵە زمانەكانی (توركی - ئالْتای) یە كە ئەمەش بریتییە لە كۆمەڵە زمانێك كە (٢٠) جۆرە زمان قسەی پێدەكەن وە نزیكەی (١٣٥) ملیۆن كەس ئەم زمانە بەكاردێنێت و دابەشی چوار كۆمەڵ دەكرێ:

یەكەم: كۆمەڵە زمانی باشووری رۆژهەڵات (ئویغورییە).

دووەم: کۆمەڵە زمانی باشووری ڕۆژئاوا (ئەلغەزییە). سێیەم: کۆمەڵە زمانی باکووری ڕۆژهەڵات (ئەلتائییە).
چوارەم: کۆمەڵە زمانی باکووری ڕۆژئاوا (کیباکییە).
نووسینەوەی تورکمانی یەکەم جار کە بە ختی بزماری بووە، لەپاشان لە مێژوودا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە شێوەی وێنە و نەخشەکێشانەوە کە لە ساڵەکانی پێش زایینی بەکار دەهێنرا، گۆڕا بۆ نووسینەوەی (سەغدی)، پاشان گۆڕا بۆ (ئویغوری) بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی هەشتەمی زایینی، ئینجا لە سەدەی نۆیەمی زاینی لە ڕێگای موبەشیرە مەسیحییەکانی عێراقەوە گۆرا بۆ سریانی، پاشان لە سەدەی دەیەمەوە نووسینی تورکمانی بە گشتی گۆڕا بۆ ئەلفوبێی عەرەبی کە تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە.

زمانی تورکمانی دوو لەهجەی هەبووە، یەکەمیان: لەهجەی (گوگ تورک)، دووەمیان: لەهجەی (ئۆیغور)، بەڵام پاش هاتنی ئیسلام شێوەزار و دیالێکتەکانی تورکمانی زۆر بوون و بەمە زمانی تورکمانی بە شێوەیەکی گشتی پێک هات، وە ناویان نا زمانی تورکمانی.

لێرەدا ئەگەر بەراوردێکی بچووک لە نێوان زمانی تورکی و تورکمانی بکەین، دەبینین کەوا زۆر لە یەکتر نزیکن هەروەکو شێوەزاری عێراقی و شێوەزاری میسرییە لەگەڵ زمانی عەرەبی فوسحا، هەر چەندە لە یەکتر نزیکن بەڵام چەند جیاوازییەکی بچووکیان هەیە وەکو ژمارەی پیت و دابەشکردنی کردارەکان و

فۆنەتیک. بەڵام لە دوایی‌دا جیاوازییەکی گەورە کەوتە نێوان تورکمانی و تورکی، ئەویش گۆڕینی پیتی تورکی عەرەبی بوو بۆ پیتی تورکیی لاتینی بە لەهجەی ئیستانبول لە ساڵی ١٩٢٨.

تورکمانەکان بەردەوام بوون لە بەکارهێنانی پیتی عەرەبی لە خوێندن و نووسینیاندا، بەڵام خەڵکی ئازەربایجان شێوەی (سیریلییە) یان بە کار هێنا لە ساڵی (١٩٣٧ - ١٩٣٨) دا، تورکمانە عێراقییەکانیش تاکو ساڵی ١٩٩٠ لە بەر ڕژێمی بەعس و توندوتیژی نۆکەرەکانیان بەناچاری لەسەر خوێندن و نووسینەوە بە پیتی عەرەبی لە رۆژنامە و گۆڤار و تەلفزیۆنەکاندا بەردەوام بوون، تا لە ساڵی ١٩٩١ دوای ڕاپەرینە مەزنەکە و ڕزگاربوونی عێراق لە دیکتاتۆریەت، تورکمانەکان خوێندنیان گۆڕی بۆ پیتی لاتینی بە شێوەی ئیستانبول چونکە سادەترین شێوەی قسە و نووسینی تورکی بریتی بوو لە شێوەی ئیستانبول، بەمەش لە قوتابخانەکان بە زمانی تورکی دەست بە خوێندن کرا.

**شارستانیەت و ڕۆلی زانستی تورکمانەکان لە عێراقدا**

تورکمانەکان بۆ ماوەی سەدان ساڵ لە عێراقدا حوکمڕانییان کرد، شەش دەوڵەتی بەهێز و گەورەیان لەسەر خاکی دروست کرد لە خاکی عێراق دورست کردووە، وا لە خوارەوە بە کورتی ناوین دێنین :

١- دەوڵەتی سەلجوقی.

٢- دەوڵەتی ئیلخانلی.

٣- دەوڵەتی قاراقویونلو.

٤-دەوڵەتی ئاق قویونلو.

٥- دەوڵەتی جەلائیری.

٦- دەوڵەتی صەفەوی.

لە زەمانی سەلجوقییەکان بزووتنەوەی بیر و زانست زۆر پەرەی سەند و کولتووری تورکمانی بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بووەوە، ماڵی پاشایەکان و حاکمەکان پڕ بوون لە پیاوی زانا و ئەدیب و شاعیری بەناوبانگ لە ناو تورکمانەکان دا، بەمە داواکاری زۆر بوو لە لایەن هاووڵاتیان بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان بە زانستەکانی تەفسیر و فیقە و زانستی قورئانی پیرۆز، هەر وەها داواکاری زۆر بوو بۆ فێربوونی بەلاغە، نەحو، بەیان و ئەدەب و زانستی عەقلی و فەلسەفە و هەندەسە و ئەستێرەناسی و زانستی موسیقی و زانستی کیمیا و بیرکاری و زانستی مێژوو و جوگرافییا.

**قوتابخانە گرنگە کۆنەکان لە شاری هەولێر**

١- قوتابخانەی موزەفەرییە:

لەم قوتابخانەیەدا باوکی ابن خولەکان (محمد کوڕی ئیبراهیم کوڕی أبی بەکر کوڕی خولەکان) خوێندویەتی. کە لە ساڵی (٥٨٦ کۆچی - ٦٣٠ زایینی) دا لە لایەن سولتان أبو سعید گوگبوری دروست کرایەوە.

٢- قوتابخانەی مزگەوتی گەورەی قەڵات:

ئەم مزگەوتە قوتابخانەکەی لە کتێبەکەی ئیبنی مستەوفی ناوی هاتووە، بە ناوی (تاریخ أربل)، وە لە ساڵی (١١٢٠ زایینی) دا لە لایەن أبو منصور سیر فەتکین الحزینی کە یاریدەدەری زین الدین علی کوچوک بووە لە ئیدارەی حاکییەتی هەولێردا.

٣- قوتابخانەی خانەقای صوفیە:

ئەم جێگایە مزگەوت و قوتابخانە بوو، شێخەکەی (ابو الحسن علی بن اسماعیل الأربیللی) بوو. هەروەها پێی دەگوترا (خانەقای ئەلخالیدیە).

٤- قوتابخانەی قایماز :

یان (قوتابخانەی الرباط المجاهدی)، أبو المنصور قایماز کوڕی عبدالله دروستی کرد.

٥- قوتابخانەی ئەلعیصمەتییە:

لە لایەن خاتوو عصمت الدین وە لە ساڵی ( ٦٧٨ کۆچی - ١٢٧٩ زایینی)

دروست کرا.

٦- قوتابخانەی غورەباء :

أبو سعید گوگبوری و صاحب أربل (سوڵتان المعظم مظفرالدین گوگبوری) دروستی کرد.

٧- قوتابخانەی ئەلعەلائییە:

لە لایەن ( علاءالدین کوڕی عبدالمؤمن ) دروست کرا .

٨- قوتابخانەی الأحمدیە:

خانەوادەی مەلا ڕەسول ئەفەندی لە قەڵای هەولێر دروستی کردووە.

٩- قوتابخانەی مەلا ئیبراهیم دۆغراماچی:

ئەم قوتابخانەیە لە ناو مزگەوتی ئیبراهیم دۆغراماچی لە قەڵای هەلێری لەلایەن حاجی ئیبراهیم دۆغراماچی دروست کرا.

١٠- قوتابخانەی ئالتی پارماغ:

ئەم قوتابخانەیەش لە ناو مزگەوتی ئالتی پارماغ کرایەوە کە لە لایەن الشیخ عبدالکریم کوڕی الحارث لە ساڵی ١٨٥٠ زایینی دروست کرا.

١١- قوتابخانەی بازاڕی گەورە:

ئەم قوتابخانەیەش لە ناو مزگەوتی گەورەی بازار کرایەوە کە ناوی مزگەوتەکە (مزگەوتی حاجی داود) بوو وە لە لایەن (حاجی داود کوڕی حاجی أحمد کوڕی سولەیمان ئاغای الأربیللی) دروست کرابوو.

١٢- قوتابخانەی شیخ محمد:

ئەم قوتابخانەیە لە ناو مزگەوتی (الشیخ چۆلی) کرایەوە.

١٣- قوتابخانەی دیرە برۆشە:

ئەم قوتابخانەیە لە ناو مزگەوتی (دیرە برۆشە) کرایەوە لە گەرەکی عارەبان لە لایەن ئافرەتێکی تورکمانی کە ناوی (فاتیمە خان) بوو، لە ساڵی ١٢٦٣ کۆچی دروست کرا.

هەروەها بە دەیان قوتابخانە لە ناو مزگەوتەکان و مەسجیدەکان لە هەولێر کرایەوە بۆ فێرکردنی خەڵکی موسڵمان بە نووسین و

خوێندنی قورئانی پیرۆز و فێربوونی زانستی مەنتیق و حساب و صرف و نەحو.

بەڵام پاش چەند ساڵی ترهەندێ لە قوتابخانەی نوێ کرایەوە لە هەولێر بۆ ئافرەتانیش چونکە پێشتر بۆ ئافرەت خوێندن نەبوو لەو قوتابخانە نوێیانە ئەمانەن:

١. قوتابخانەی أربیل الأولی:

ئەم قوتابخانەیە لە جێگای پاریزگای هەولێری ئێستا بوو، پاشان گواسترایەوە بۆ جێگایەکی تر و لە جێگای ئەو (قوتابخانەی موزەفەرییەی کوڕان) کرایەوە.

٢. قوتابخانەی أربیل الثانیة:

جێگای ئەم قوتابخانەیە لە پشت خەستەخانەی کۆنی هەلێر بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕا بە (قوتابخانەی النهضة).

٣. قوتابخانەی أربیل الثالثة:

جێگای ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی تەعجیل بوو، پاشان ناوەکەی گۆڕا بوو بە (ئەلفەیصەلییەی کوڕان) لە جێگایەکی تر.

٤. قوتابخانەی ئەلخالدییە:

جێگایەکەی نزیک گۆرستانی شیخ عمر بوو .

٥. قوتابخانەی ئیبن خولەکان:

جێگایەکەی لە ناو شار و بەرامبەر بە گۆڕستانی گەورەی هەولێر بوو، تاکو ئێستا بینایەکەی ماوەتەوە بەڵام بەداخەوە بووە بە سەنتەری پۆلیسی ناو شار.

٦. قوتابخانەی قەلاتی کچان:

لە گەڕەکی قەڵات بوو، لە نزیک دەرگای باشووری قەلات، بەڵام دووایی گواسترایەوە بۆ گەرەکی تەیراوەی ئێستا، نزیک سینەمای سیروانە.

٧. قوتابخانەی خانەقای کچان:

جێگای ئەم قوتابخانەیە نزیک تەکیەی (شیخ عبدالکریم دارخورما) بوو.

٨. قوتابخانەی ئەیوبییە:

ئەم قوتابخانەیە لە گەڕەکی تەیراوەدا بوو، ئێستاش هەر لە تەیراوە ماوەتەوە.

٩. قوتابخانەی ئەلعیصمەی کچان:

ئەم قوتابخانەیە نزیک قوتابخانەی أربیل الثانیەی کوڕان بوو، پاشان ناوی گۆڕا بوو بە قوتابخانەی ئەلعیراقییەی کچان.

پاش ئەوەی کە عوسمانییەکانیش عێراقیان بەجێ هێشت، خوێندن بە زمانی تورکمانی بەردەوام بوو لە زۆربەی قوتابخانەکانی هەولێردا، لە گەڵ ئەمەشدا هەندێ لە قوتابخانەکان بە زمانی عەرەبی و کوردیشیان دەخوێند بەبێ ئەوەی هیچ جیاکارییەکی نەتەوەیی هەبێ تاکو ئینگیلیزەکان هاتن ئەم دووبەرەکییەیان دروست کرد لە نێوان خەڵکی عێراق بە گشتی وە لە نێوان کورد و تورکمان بە تایبەت، بە ئاشکرا دژایەتی تورکمان کرا لە لایەن ئینگلیزەکان، چونکە لە سالی ١٩٢٠ یەکەم ئاگری شۆرش دژ بە ئینگلیزەکان لە تەلعفەر هەڵگیرسا و تورکمانەکان پێش هەموو میللەتێک دژ بە ئینگلیزەکان راوەستان، بۆیە

ئینگلیزەکانیش هەر لە سەرەتاوە دژایەتی تورکمانەکانیان کە ئەویش داخستنی ئەو قوتابخانانە بوو کە لە هەولێر و کەرکووکدا بە تورکمانی خوێندنیان لێ دەخوێندرا. دواتر لە ساڵی ١٩٣١ لە هەلێر قوتابخانەکان داخران و لە ساڵی ١٩٣٢ لە کەرکووک داخران، بەم شێوەیە هێرشی زانستی و ئەدەبی بەرامبەر بە تورکمانان دەستی پێ کرد وە تاکو ئێستاش ئاسەواری ئەم دژایەتییە بەدی دەکرێت لە سیاسەتی ئینگلیز و ئەمریکییەکاندا دژ بە تورکمانەکان.

ئەم حاڵەتە بەردەوام بوو و هەموو تورکمانەکانی عێراق بێبەش بوون لە خوێندن بە زمانی خۆیان لە ئەنجامی نەبوونی قوتابخانەی فەرمی بۆ خوێندن بە زمانی دایکی خۆیان تاکو بەیاننامەی ئازاری بەناوبانگ ڕاگەیاندرا، ئەمەش پێش ئەوەی ئۆتۆنۆمی بدرێتە برا کوردەکان لە لایەن رژێمی بەعس، مافی کولتووری درایە تورکمانەکانی عێراق. ئەم مافەش لەبەر ئەوە بوو، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بریاری مافی نەتەوەیی بۆ گشت کەمە نەتەوەکانی وڵاتانی جیهان دەرکرد، بۆیە رژێمی سەدام تاکو نیشان بدات کە پابەندە بە بەندەکانی ئەم بریارە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەری کردووە و خۆی بە وڵاتێکی دیموکراسی بناسێنێ لە ناو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها لە لایەکی دیکەوە ئامانجێکی دیکەی هەبوو، ئەویش دروستکردنی دووبەرەکی بوو لە نێوان تورکمانەکانی عێراق و برا کوردەکان کە بە درێژایی مێژوو وەکو دوو برا و

دوو نەتەوەی گرنگی عێراق بە ئاشتی پێکەوە ژیاون، هەروەها بۆ دروستکردنی دژایەتی و دووژمنایەتی لە نێوانیان بۆیە لە ڕێکەوتی ٢٤ کانونی دووەمی ١٩٧٠ مافی کولتووری درایە نەتەوەی تورکمان لە عێراقدا، لەم مافانەش خوێندن بە زمانی دایک بوو لەو جێگایانەی کە ڕێژەی تورکمانی زۆری لێیە، و لەهەمان کاتدا، دەبوایە خوێندنی عەرەبی و کوردی شان بە شانی تورکمانی تیایدا بخوێنرێت.

دەتوانین بۆ مێژوو بڵێێن کە ئەم بڕیارە، یەکەم بڕیار بوو لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٨ کە دان بە مافی کولتووری تورکمان نرا.

بڕیارەکەش بەم شێوەیە بوو:

بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش

داننان مافی کولتووری تورکمان

بڕیاری ژمارەی (٨٩) لە ڕێکەوتی ٢٤ ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ی زاینی دەرچووە.

شۆرشی ١٧ تەمووز باوەری هەیە بە زیاد بوونی خەڵکی عێراق بۆ خزمەت کردنی وڵاتەکەی و یەک ریزی پێشاندان و بۆ تێکۆشان و یەکگرتن و چەسپاندنی برایەتی و تەبایی، ئەمەش بە بەدەست هێنانی مافە رەوایەکانی خۆیان لە عێراقی دیموکراسیدا ... هەروەها شۆرش باوەری هەیە بە مافی کەمەنەتەوەی تورکمان کە مافی کەلتوری خۆیان هەبێت لەو شوێنانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن ، بۆیە ئەنجوومەنی

سەرکردایەتی شۆرش لە دانیشتنی خۆیدا لە ڕێکەوتی ٢٤ / ١ / ١٩٧٠ ئەم بڕیارانەی خوارەوەی بە کۆی دەنگ پەسند کرد:

١. لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن بە زمانی تورکمانی دەبێت.

٢. گشت ڕوونکردنەوەکان لە قوتابخانە تورکمانییەکان بە زمانی تورکمانی دەبێت.

٣. دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی تورکمانی لە وەزارەتی پەروەردە و زانستدا.

٤. کردنەوەی یەکێتییەک بە ناوی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی تورکمان. وە یارمەتی دانیان بۆ چاپ کردنەوەی بەرهەمەکانیان، هەروەها کردنەوەی کۆرس بۆ پێشخستنیان لەبارەی زمان و ئەدەبدا وە بەستنەوەی ئەم یەکێتییە بە یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی گشتی عێراق.

٥. دامەزراندنی بەرێوەبەرایەتی‌ەکی کولتووری‌ی تورکمانی ئەمەش سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێت.

٦. دەرکردنی رۆژنامەیەکی هەفتانە و گۆڤارێکی مانگانە بە زمانی تورکمانی.

٧. زیادکردنی بەرنامە و پەخشی تورکمانی لە تەلەفزیۆنی کەرکووکدا.

أحمد حسن البكر

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش

ئەم بریارە زۆرینەی تورکمانەکان بە بریارێکی گەورە و مێژوویيان زانی، و زۆریش خۆشحاڵ بوون، بۆیە باوکان و دایکان یەکسەر منداڵەکانیان لە قوتابخانە تورکمانییەکاندا ناونووس کرد، بەهۆی زۆری داواکاری هاوولاتیانی تورکمانی بۆ خوێندن بە زمانی خۆیان کۆمەڵێک قوتابخانەی تورکمانی لە زۆر شوێنی دی کرایەوە، لە کەرکووک و موسڵ و تەلەعفەر، هەروەها چەندین قوتابخانەی تری تورکمانی لە شارۆچکە و دێهاتەکان کرایەوە، تا ژمارەی قوتابخانە تورکمانییەکان لە کەرکووک و دیالا و موسڵ بوو بە (١٨٥) قوتابخانە.

بەڵام بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆرش، دەنگۆیەکی باشی لە لایەن تورکمانەکانی عێراقەوە هەبوو، زۆربەی برگەکانی ئەم بریارە لە ساڵانی یەکەم، دووەم، سێهەم و چوارەم جێبەجێ کرا، بەڵام لە ساڵی پێنجەمەوە دژایەتییەکی توند بەرامبەر بە قوتابخانە تورکمانییەکان کرا، بە بریارێکی نهێنی، دایکان و باوکانی قوتابیانی قوتابخانە تورکمانییەکان هەرەشەیان لێ کرا، بە تایبەت ئەوانەی کە مامۆستان و فەرمانبەرن لە فەرمانگەی حکومەت بوو بانگ کران و دوایان لێ کرا: ئەگەر کوڕ و کچەکانتان لە قوتابخانە تورکمانیەکان دەرنەهێنن ئەوا زۆر بە خراپی مامەڵەتان لەگەڵ دەکرێ و هەمووتان دەگوێزرێنەوە بۆ باشووری عێراق. بەمە قوتابیان لە سەر داوای باوک و دایکان هەموو بە کۆمەڵ لە قوتابخانە تورکمانیەکان بەجێ هێشت و چوون بۆ قوتابخانە کوردی و عەرەبیەکان. بەم جۆرە

قوتابخانە تورکمانییەکان چۆڵ بوون و داخران. بۆ ڕای گشتیش وایان بڵاو کردەوە کە خەڵکی تورکمان خۆیان قوتابخانەی تورکمانییان ناوێت، بۆیە قوتابخانەکان داخران.

بەڵام دوای ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ لە عێراق و نەمانی ڕژێمی سەدام لە کوردستان، لە ساڵی ١٩٩٣ وە قوتابخانە تورکمانییەکان لە هەولێر دەستیان بە خوێندنی تورکمانی کرد بە شێوەزاری ئیستانبولی و بە پیتی نوێی لاتینی. لەبەر ئەوەی لە هەرێمی کوردستان رژێمی سەدام لەبەین چوو و ئاسەواریان نەما، پاشان دیموکراسیەت و ئازادی لە کوردستان بەرقەرار بوو، هەلومەرجێکی هێنایە ئاراوە کە هەموو هاووڵاتییەکی کوردستان وەک یەک بن لە ماف و ئەرکەکانیان، هەروەها گشت پێکهاتەکانی کوردستان وەکو یەک سەیر کران، بۆیە تورکمانەکانیش وەکو دووەم نەتەوە لە هەرێمی کوردستاندا لەم دیموکراسیەتە و تەباییە سوودمەند بوون، ئەوەش بە کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانی و خوێندن بە زمانی تورکمانی بە پیتی لاتینی نوێی تورکی بوو. ئەم مافەش بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستانەوە چەسپا، و بڕیار درا مافی سیاسی و کولتووری و ئەدەبی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان دابین بکرێ، بە گوێرەی ئەم بڕیارە و لەم کەشە دیموکراسییەی کە لە هەرێمی کوردستان هاتە کایەوە، تورکمانەکانیش سوودمەند بوون.

بۆیە بۆ یەکەمجار، لە نیوەی کانونی یەکەم لە ساڵی ١٩٩٣ دا، زەنگی وانەی یەکەم، لە قوتابخانەی (دۆغوشی) تورکمانی

سەرەتایی تێکەڵاو لە هەولێر، لێ درا. بۆ مێژووش دەیڵێین کە ئەم قوتابخانەیە یەکەم قوتابخانەی سەربەخۆی تورکمانی بووە لە گشت مێژووی عێراقدا کە خوێندنی بە پیتی نوێی تورکی لە پۆلی یەکەمیدا لە گشت وانەکانیدا جێبەجێ کرا، وە لە پۆلەکانی تر تەنها یەک وانەی تورکی دەخوێندرا، بەڵام ساڵ لە دوای ساڵ دەرسەکان دەکران بە خوێندنی تورکی. وانەکانی تر بە کوردی و عەرەبی بوو. قوتابییەکی زۆر ناوی خۆیان لەم قوتابخانانە تۆمار کرد، تا ژمارەیان بوو بە (١٥٠٠) قوتابی. مانگی سووری تورکی یارمەتی بۆ ئەم قوتابخانانە دابین دەکرد لە خواردن و پێداویستییەکانی تری قوتابخانەکە وەک چاپکردنی کتێب و دابینکردنی کەلوپەل بۆ قوتابخانەکان، لەپاشان دوو ژەمی خواردنیش بۆ قوتابییەکان دابین کرا، کە لەپاشان ژمارەی قوتابخانەکان بوو بە سێ قوتابخانە: دۆغوش - گوگبۆری و سەلچوق، هەر سێ قوتابخانە سەرەتایی و تێکەڵاو بوون. لەبەرئەوەی ژمارەی قوتابی تۆمار کراو زۆر بوون، بۆیە بریار درا به کردنەوەی قوتابخانەی دیکەی نوێ کە ئەمانەن :

چوار قوتابخانەی ناوەندی و دواناوەندی بۆ کوڕان و کچان و شەش قوتابخانەی سەرەتایی تر بەم جۆرە ژمارەی قوتابخانەکان گەیشتە ١٣ قوتابخانە لەگەڵ دوو باغچەی ساوایان لە هەلێر و سێ قوتابخانەش لە کفری کرایەوە و قوتابخانەیەکیش لەسەنتەری شاری سولەیمانی. بەڵام بۆ زانینی زیاتر لە بارەی قوتابخانەکانی تورکمانی کە لەلایەن خانەوادەی خوالێخۆشبوو

پرۆفیسۆر ئیحسان دوغرەمەچی و بە سەرپەرشتی کاک سنان چەلەبی و کاک مەحمود چەلەبی، قوتابخانەی سەلچوق بوو بە قوتابخانەیەکی نموونەیی وە مامۆستای پرۆفیشینالی لە تورکیاوە بۆ دەهات بۆ دەرس گوتنەوە، ئومێد وایە لە داهاتوودا هەموو قوتابخانەکانی تریش ببن بە نموونەیی.

ئەمەش لە سایەی دیموکراسیەتی حکوومەتی کوردستان و یەکریزی پارتە سیاسییەکانی کوردستان بوو لە کورد و تورکمان و مەسیحییەکان.

ئەمەش خشتەی کۆتایی قوتابخانەکانی تورکمانیییە لە هەرێمی کوردستان لە هەولێر و کفری و سلێمانی و هەموویان سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن. ئەم زانیارییە بە سوپاسەوە لە لایەن بەرێوەبەری گشتی خوێندنی تورکمانی لە هەولێر لە لایەن کاک فخرالدین داغستانی وەرگیراوە، کە دوا ئاماری قوتابخانەکانی تورکمانی نیشان دەدا:

**خشتەی قوتابخانەکانی تورکمانی**

قوتابخانەکانی تورکمانی لە هەولێر پاش ڕاپەرینی مەزنی ١٩٩١:

یەکەم : باغچەی ساوایان

| ژمارە | ناوی باغچەی ساوایان | ساڵی کردنەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | باغچەی ئیپەک | ٢٥ / ٢ / ١٩٩٦ | ٢٤٦ منداڵ |
| ٢ | باغچەی ئینجی | ٢٨ / ١ / ١٩٩٨ | ١٧٥ منداڵ |

دووەم : قوتابخانەکانی بنچینە:

| ژمارە | ناوی قوتابخانەکان | ساڵی کردنەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | دۆغوش | ١ / ٩ / ١٩٩٣ | ٤٦ قوتابی |
| ٢ | ئاق قویونلو | ٧/ ١٢ / ١٩٩٥ | ٣٨ قوتابی |
| ٣ | یونس پێغەمبەر | ٧ / ١٢ / ١٩٩٥ | ٣٧ قوتابی |
| ٤ | فوزولی | ٧ / ١٢ / ١٩٩٥ | ٣٢ قوتابی |
| ٥ | باریش | ٧ / ١٢ / ١٩٩٥ | ٣٥ قوتابی |
| ٦ | تورکمەن ئێلی | ٧ / ١٢ / ١٩٩٥ | ٤٦ قوتابی |
| ٧ | قاراقویونلو | ٧ / ١٢ / ١٩٩٥ | ٦٦ قوتابی |
| ٨ | سوڵتان مزەفەر | ٢٦ / ١٠ / ١٩٩٤ | ٧٤ قوتابی |
| ٩ | سەلجوق | ٢٦ / ١٠ / ١٩٩٤ | ٩٠ قوتابی |

**سێهەم : قوتابخانە ناوەندی و دوا ناوەندییەکان:**

| ژمارە | ناوی قوتابخانەکان | ساڵی کردنەوە | ژمارەی قوتابیان |
|---|---|---|---|
| ١ | دواناوەندی عیمادەدین زەنگی - کوران | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ٢٢٧ قوتابی |
| ٢ | ناوەندی ئۆغوزخانی کوران | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ٣٢٩ قوتابی |
| ٣ | دواناوەندی ئەتابگی - کچان | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ١٣٠ قوتابی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | ناوەندی غەریبی - کچان | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ١٢٧ قوتابی |

**چوارەم : قوتابخانەکانی تورکمانی لە سولەیمانی:**

| ژمارە | ناوی قوتابخانە | ساڵی کردنەوە | ژمارەی قوتابی |
|---|---|---|---|
| ١ | لە مرکزی سولەیمانی قوتابخانەی باریش | ١٥ / ٨ / ١٩٩٩ | ٤١ قوتابی |
| ٢ | باغچەی ساوایانی قۆنجە گول لە قەزای کفری | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ٧٣ مناڵ |
| ٣ | دواناوەندی دۆغان لە قەزای کفری | ١٤ / ٨ / ١٩٩٤ | ١١٠ قوتابی |
| ٤ | قوتابخانەی بنەرەتی قارە ئۆغلان لە کفری | ٢٥ / ٩ / ١٩٩٥ | ١٥٣ قوتابی |

پێش ئەوەی باسی قوتابخانە تورکمانییەکانی کەرکوک و تووز و موسڵ بکەم، دەمەوێ ڕوونکردنەوەیەکی بچووک سەبارەت بە شاری کەرکووک بدەم. ئێمەی تورکمانانی شاری هەولێر و کفری، زۆر بە پەرۆشین بۆ ئەوەی کەرکووک بگەڕێتەوە سەر شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، چونکە پاش سەردەمی پاشایەتی لە عێراق، ئێمەی تورکمانی لە حوکمڕانی عەرەبەکان هیچ سوودێکی ئەوتۆمان لە عێراق وەرنەگرتووە کە جێگای شانازی بێت، لە هەموو سەردەمەکان، تەنانەت لە سەردەمی کۆمارییشدا بچووکترین ماف بۆ ئێمە دابین نەکراوە، هەمیشە چەوسێندراینەوە و مافمان خوراوە، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی ئەم دیموکراسیەی کوردستان و دابین کردنی مافی هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان و دینییەکانی هەرێمی کوردستان، ئێمە لەگەڵ برا کوردەکانمان پێکەوە بە ئاشتی و تەبایی دەژین و مافەکانیشمان بەدەست دەهێنین.

پاش ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق و سەربەخۆبوونی گشت عێراقییەکان و نەتەوەکانی عێراق، پاش ساڵی ٢٠٠٣ ئیدی دەست کرا بە کردنەوەی قوتابخانەی تورکمانی لە کەرکووک و موسڵ و توزخورماتوو بە زمانی تورکمانی و بە پیتی ئەلفوبیی تورکی لاتینی، ناوی قوتابخانەکانیش بە ناوی سەرکردە مێژووییەکانی تورکمانی و شار و شارۆچکەکانی تورکمانی نرا، وەک محمد الفاتح، شەهید ژەنەرال عبدالله عبدالرحمن، شەهید عادل شریف، شەهید علی حسین ... هتد یان ناوی گەڕەک و دێهاتەکانی تورکمانی وەکو موسەڵلا ، کوپری، قوریا، ئەحمەد ئاغا - بولاق و پیریادی و .. هتد.

بەم بۆنەیە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی کەرکووک کاک عومەر شان دەڵێت:

" ئێمەی تورکمانانی عێراق، شانبەشانی برایانی کورد و عەرەب توانیمان قوتابخانەی تورکمانی لە زۆربەی شارەکانی عێراق بکەینەوە، و خوێندن بە زمانی تورکمانی و بە شێوەی ئیستانبول بخوێنین. توانیمان لە ماوەیەکی کەم ئاستی زانستی و ئاستی مامۆستایان بەرز بکەینەوە و چەندین خوولیشمان کردەوە بۆ پێشخستنیان.

چەندین ساڵ بوو ئێمەی تورکمان لە مافی یاسایی و نەتەوەیی خۆمان بێبەش بووین.

هەروەها بەڕێز شان دەڵێت:

" قوتابخانە تورکمانییەکان لە سایەی ئەو دیموکراسییەتەوە کە لە عێراقدا بەرپا بووە هاتە کایەوە، وە جەماوەری تورکمانیش زۆر بە پەرۆشەوە ناوی منداڵانی خۆیان تۆمار دەکەن لە قوتابخانە تورکمانییەکان. بۆیە دەتوانم لێرەوە ئاماری گشتی لە بارەی قوتابخانە تورکمانی‌یەکان بدەم:

- ژمارەی باغچەی ساوایان لە کەرکووک گەیشتە (١١) باغچەی ساوا و ژمارەی ساوایان نزیکەی (١٢٥٠) ساوایە.
- قوتابخانە بنەڕەتییەکان ژمارەیان گەیشتۆتە (٧٩) قوتابخانە و ژمارەی قوتابیانی نزیکەی (١٨ هەزار) قوتابییە بە کچ و کوڕەوە.
- ژمارەی قوتابخانەکانی ناوەندی (٢٣) قوتابخانەیە کە ژمارەی قوتابیانی گەیشتۆتە زیاتر لە (٥ هەزار) قوتابی.

- ژمارەی قوتابخانەکانی دواناوەندە ژمارەیان بووە (٣٠) قوتابخانە و ژمارەی قوتابییانی گەیشتۆتە (٨ هەزار) قوتابی.

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش لە کەرکووک دوو بەڕێوەبەری پەروەردە هەیە سەر بە هەولێر و سلێمانین بەڵام سەر بە وەزارەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانن، و هیچ پەیوەندییەکیش لە نێوان ئەم قوتابخانانە و وەزارەتی پەروەردەی عێراقدا نییە، چونکە بەغدا خۆی بە خاوەنی ئەم قوتابخانانە دانانێت و هەروەها مووچەشیان نادات، بۆیە بە سوپاسەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی ئەم قوتابخانانە و قوتابخانە کوردییەکان دەدات و مووچەی مامۆستایان و فەرمانبەرانیشی دەدات، لەپاڵ

ئەوەش، یارمەتی چاپکردنی کتێب و پێداویستییەکانی تری قوتابخانەکان دەدات، گشت کەلوپەل و پێویستییەکانیان بۆ دابین دەکات و هەموو هەوڵێک دەدات بۆ سەرخستن و پێشکەوتنی ئەو قوتابخانانە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەوا حکومەتی ناوەندی عێراق، دیموکراسی نییە، چونکە یارمەتی خوێندن بە زمانی نەتەوەکان نادات، ئەوە چەندین ساڵە خێر و بێری عێراق تەنها خۆیان و خانەوادەکانیان لێی سوودمەندن، بەڵام گەلی عێراق بە گشتی و بەتایبەت گەلی تورکمان لەم جۆرە سیاسەتە زەرەرمەندن.

بەڵام ئەگەر سەیری کارەکان و چالاکییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بە سووپاسەوە بۆمان دەردەکەوێت کەوا حکومەتێکی دیموکراسی و یاریدەدەری نەتەوەکانی وەک تورکمان و کلد و ئاشوورییەکانە. ئەمەش نموونەیەکی دیار و بەرچاوی دیموکراسییەتیکی ڕاستەقینەیە و نیشانەی پێشکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەم دەستکەوتە گرنگانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مێژوو تمار دەکرێ و مێژووش ناپاکی لە کەس ناکات.

لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێمەی تورکمانەکانی عێراق، بە شێوەیەکی گشتی باوەڕێکی پتەومان بە پێکەوەژیانی برایانە لەگەڵ گشت پێکهاتەکانی عێراق و بە تایبەت لەگەڵ برا کوردەکان هەیە، چونکە ئێمە لە سەر خاکی عێراق بە گشتی و خاکی

کوردستان بە تایبەت، لەگەڵ برا کوردەکان زۆر شتی هاوبەشمان پێکەوە هەیە.

سەرچاوەکان :

١ـ التركمـان و الـوطن العراقـى / أرشـد الهرمـزى ص ٦٦- ٦٧ .

٢ـ أشكاليه التعليم لتركمان العراق / گۆڤاری / Turkmen عزالدين كركوك.

٣ـ أربعـه قـرون مـن تـأريخ العـراق الحـديث / س. ه. لونكريـك / ص ٣٠٤.

٤ــ مكانــه كركـوك الثقافيــة عبــر التــأريخ / گۆڤــاری الأخــاء / السنة الرابعة - العدد ٣.

٥ــ ســاڵنامه نظــارات معــارف عموميــه / ئيــستانبول / لاپــەڕە ٦٨٢- ٦٨٧.

٦. مقدمة فى تأريخ الحضارات / طه باقر / بغداد - ١٩٧٩.

٧. حضارات وادى الرافدين / أحمد سوسه / بغداد - ١٩٧٠.

٨ــ تــأريخ الحــضارات البــشرية / جلــد - ١ / أرنولــد تــوينبى / بيروت - ١٩٦١.

٩ــ تــأريخ حــضارات العــالم / جــيمس فــولارد / ئينگليــزى - واشنتۆن - ١٩٩٩.

١٠ــ تــأريخ الأقــوام التركيــه / پ. ييلمــاز أوزگونــا / ئيــستانبول - ١٩٩٧ .

١١ــ الحـوار المتمـدن – ديـار الهرمـزی – العـدد ٢٦٩١ فـی ٢٨/ ٦ / ٢٠٠٩.

١٢ــ الـسومريون أسـلاف التركمـان فـی العـراق / مقالـة محمـد مهدی بيات.

١٣ــ ديـوان لغـات التـرك (توركلريـك ديلـی ديـوانی) / محمـود بن الحسين الكاشغری

mennesket kommerالصفحه ٢٠٤ .

١٤ــ كتـاب العـراق الـشمالی / محمـد هـادی الـدفتر / بغـداد - ١٩٥٥

١٥ــ العـراق قـديما و حـديثا / عبـد الـرزاق الحـسنی / بيـروت - ١٩٧١

# زمانی لاتینی – وڵاتگیری و نیزام

و: له ئینگلیزییەوە: سوداد ڕەسووڵ

==================================

**ئیمپراتۆریەت و زمان**

Your is the destiny, Roman, to rule over peoples and nations

**ئامانجی تۆ ئەوەیە، ڕۆمان، بەسەر خەڵکان و میللەتان فەرمانڕەوا بێ!**

ئەم گوتەیە زۆر بە جوانی، پوختەی هەڵوێستی لەخۆبایی و خۆسەپێنانەی حکومەتی ڕۆم نیشان دەدات. ئەم گوتەیە لە بەشێکی سەرەکی کتێبی ئەینید Aeneid دا هاتووە کە داستانێکی نەتەوەیی ڕۆمانەکانە و لەلایەن ڤیرگیل Virgilەوە بۆ هاندان و پێداهەڵگوتنی ئیمپراتۆر ئۆگستوس، نووسراوە.

هەر ئەم گوتەیە دواتر لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوەش بەکارهاتووە. من دانەیەک لە کتێبی ئەینید Aeneid م لایە کە لە ساڵی ١٩٣٠ لەسەردەمی فاشیستەکان لە ئیتاڵیا لە

چاپ دراوە. ئەم دێرەی سەرەوە بە درشتی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە.

مۆسۆلینی وەک دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتێک، کەسێکی ناکارامە بوو، تەنانەت وڵاتگیرە زۆر لێهاتووەکانی سەردەمی نوێش وەک ناپلیۆن، بە بەراورد لە گەڵ ڕۆمانەکان بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. چونکە وڵاتگیرییەکانیان وەک هی کۆرسیکەکان نەبووە کە خێرا و کاریگەر بووە، هەروەها بەردەوام و خۆڕاگرتریش بووە. هۆیەکی گرنگی سەرکەوتنی ڕۆمەکان ئەوە بووە، کە ئەوان لە بڵاوکردنەوەی زمانەکەشیان کە لاتینییە، سەرکەوتوو بوون.

شاری ڕۆما لە سەرەتادا، لە نێو کۆمەڵێک دەوڵەت-شاری دی لە ناوەڕاستی نیوە جەزیرەی ئیتاڵیا، دەوڵەت -شارێکی ئەوەندە گرنگ نەبوو. بە گوێرەی زانیارییەکی تەقلیدی، شاری ڕۆما لە ٧٥٣ ی پێش میلاد دامەزراوە. مێژوونووسان و شوێنەوارناسان پێیان وایە ئەم مێژووە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. لەچەند سەدەیەکی سەرەتادا، دەوڵەتەکە، لە شاری ئەمڕۆی ڕۆما گەورەتر نەبووە. زمانی ڕۆمانی یان لاتینیش، ئەوسا تەنها لە شاری ڕۆما قسەی پێ کراوە، ڕەنگە هەندێک دەوڵەت- شاری دیکەی بچووک لە دەوروبەری ڕۆما، هەمان زمانی لاتینییان بەکار هێنابێ.

لــە ســـەرەتـــادا، زۆر یـــان کـــەم، ڕۆمـــەکـــان لە بیـــری داگیرکردنـــی زەمینـــی زیـــاتر و دەوڵـــەت- شـــاری دەوروبـــەری خۆیـان بـوون. بـۆ گـەیشتن بـەم ئامـانجەش، بـۆ مـاوەی چـەنـد سـەدەیـەک لـەسـەر دەوروبـەری خۆیـان تـەئسیریان لـەزیـاد بوونـدا بـوو. تـا لـە سـەدەی چـوارەمـی پـێش مـیلاد، ڕۆمـەکـان بـەسـەر نیـوە جـەزیـرەی ئیتاڵیـادا دەسـەڵاتـی خۆیـان سـەپاند. لـە کۆتـایی سـەدەی دواتـر، بـوون بـە دەسـەڵاتێکی بێڕکابـەر لـە سەرانـسەری ئیتاڵیـا بـە جـەزیـرەی سـقلییەوە. دواتـر، بـە شـــێوەیـــەکـــی ڕێکوپێـــک بـــەرەو ڕۆژهـــەڵات و ڕۆژئـــاوا دەســـەڵاتیـــان لـــە فراوانبوونـــدا بـــوو، تـــا لـــە ســـاڵی ١٠٠ ی مـــیلادی ئیمپراتۆریـــەتـــەکـــە گـــەیـشتە لـــوتکەی دەســـەڵات و فەرمـانڕەوایی خـۆی، ڕۆمانـەکـان بـەسـەر هـەمـوو ئـەورووپـا، لە ڕۆژئـاوای ڕووبـاری ڕایـن( بـەبـێ سـکۆتلاند و ئێرلـەنـدە) و باشـووری ڕووبـاری دانـوب، فـەرمـانڕەوا بـوون، هـەروەهـا بـەسـەر گـشت بـاکووری ئـەفـەریقـا بـە میـسرەوە لـەگـەڵ ناوچـەکـانی ئـەمڕۆی فـەلـەستین و سووریا و تورکیـا و یۆنـان و ئـــەلبانیـــا و زۆر ناوچـــەی دی، دەســـەڵاتـــدار بـــوون. ئیمپراتۆریـەتـەکـە هـەمـوو ناوچـەکـانی دەوروبـەری دەریـای نـاوەڕاست و ناوچـەیـەکی بـەرفراوانـی پـشت ئـەو ناوچانـەشـی دەگرتـەوە. ئـەم مـەملـەکـەتـە زەبـەلاحـە بـۆ مـاوەی سـێ سـەد سـاڵی دی، بـە شـێوەیـەکـی گـشتی، وەک خـۆی مایـەوە، تـا لـە

سەدەی پێنجەمی میلادی بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکە هەڵوەشایەوە.

زمانی لاتینی لە چەند نووسراوێکی دەوروبەری ساڵەکانی ٦٠٠ ی پێش میلاد دۆزراوەتەوە. لەو سەردەمە زووەدا، کە ئەم زمانە شێوەی نووسینی هەبووە، زمانەکانی دیکەی ئیتاڵیاش شێوە نووسینی خۆیان هەبووە. ڕۆمەکان واپێدەچی لە ڕێی هاوسێ باکوورییەکانیان: ئەتروسکانەکان، فکرەی نووسینیان وەرگرت بێت، کە تا سەدەی پێنجەمی پێش میلاد لە ناوەڕاستی ئیتاڵیا دەسەڵاتدار بوون. ئەتروسکانەکان، ئەلفوبێی یۆنانیان بۆ پێویستی زمانەکەیان هەموار کرد، و ڕۆمەکانیش هەمان پیتەکانی ئەتروسکانیان هەموار کرد و ئەلفوبێی لاتینیان لێ ساز کرد. کە هەر لە کاتەوە ئەم ئەلفوبێ لاتینییە، لەلایەن زۆر لە خەڵک و گەلانی جیاوازەوە بۆ نووسینی زمانەکانیان بەکار دێت. ئەم ئەلفوبێیە، دەکرێ ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک ببیندرێ، بۆ نمونە لەم کتێبەش هەر ئەم پیتانە بەکارهاتووە.[١]

لەسەدەکانی پێش دەوروبەری ٣٠٠ ی پێش میلاد، تەنها چەند نووسراوێکی بە ژمارە کەممان بە لاتینی هەیە، تێکستی درێژ ڕزگاریان نەبووە. ئەوەی ڕاستی بێ،

---

[1] - مەبەستی نووسەر لە پیتەکانی ئەم کتێبە، چاپە ئینگلیزییەکەی ئەم کتێبەیە کە پیتی ئینگلیزی - لاتینی بۆ بەکار هاتووە. (وەرگێڕ)

ڕۆمەکان ئەو سەردەمە زیاتر جووتیار و سەرباز بوون، واپێدەچێ زۆر کەمیان نووسی بێ. لە کۆتایی سەدەی سێهەمی پێش میلاد، ڕۆما دەبێ بە شوێنێکی گرنگی سەرچاوە ئابورییەکان، هەروەها دەبێ بە مەڵبەندێکیش بۆ بازرگانی، کە لە پەیوەندییەکی نزیکدا بوو لەگەڵ شارە یۆنانی ئاخێوەکانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست، هەر لەو سەردەمەش زمانی لاتینی وەک زمانێکی ئەدەبی خۆی چەسپاند.

لەم بارەیەوە، وەک لە شوێنانی دیکەش وا بووە، ڕۆمانەکان بۆ دەستپێکی نووسین لەسەر هەمان شێوازی یۆنانی دەستیان پێ کرد، ئەمە هەرچەندە ئەدەبیاتی ڕۆمانی زۆر بە خێرایی بایەخی خۆی پەیدا کرد و ناسراو بوو. لە سەدەی یەکەمی پێش میلاد و سەدەی یەکەمی میلادی گەیشتە لوتکە. نووسەرانی پەخشاننووس وەک سیسێرۆ Cicero و قەیسەرCaesar و شاعیرانی وەک ڤێرگیل Virgil و هۆراس Horace هەندێک کاریان بەرهەم هێناوە کە تاوەکو ئەمڕۆش دەخوێندرێتەوە، ئەم نووسەرانە لە نووسینەکانیان، زمانێکی ئەدەبی و چەند ژانرێکی ئەدەبی وایان داهێنا، کە لەپاشان بوون بە چەند شێوازێک، نووسەرانی ئەوروپا، بۆ دوو هەزار ساڵی دواتریش، هەر لەسەر ئەم شێوازە ئەدەبییانە ڕۆیشتن.

جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ئەسڵی نووسینی یۆنانی و ئەدەبیات و نووسینی هاوشێوەی دیکە لە ڕۆما هەیە. هەر لە سەرەتادا، گشت نووسەرە ڕۆمانییەکان، زمانێکی هاوشێوە و چوونیەکیان بەکارهێناوە. جیاوازیی لەهجەیی لە نووسینەکانیاندا بە دەرناکەوێت، زمانی نووسینیش بێگومان لە سەر بنچینەی شێوەئاخاوتنی ڕۆما بوو. ئەمە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە شاری ڕۆما مەڵبەندێکی بێڕکابەری چالاکی سیاسی و فەرهەنگی بووە، هەرچی شارەکانی دیکەیە، لە پەراوێزی ئەو شارەدا بوون.

دووەم، نزیکەی گشت نووسەرانی ڕۆمانی لە شاری ڕۆما ژیاون، زۆربەشیان سەر بە چینی بالای کۆمەڵگە بوون. سیسێرۆ و قەیسەر هەردووکیان لە کەسە دەستڕۆیشتووەکانی حکومەت بوون، هەردوو مێژوونووسیش سالوست Sallust و تاسیتوس Tacitus، دوو فەرماندەی بالای سوپا بوون. فەیلەسوف سێنێکاSeneca خەمخۆر و پارێزەر و مامۆستای ئیمپراتۆر نێرۆ بوو، بەلام هەردوو شاعیر ڤیرگیل و هۆراس لە دەسەلاتدا نەبوون، بەڵکو دوو کەس بوون لەلایەن ئیمپراتۆر ئۆگستوس پارێزگاری دەکران. ئەو پیاوانەی کە زۆر لە ناوەندی دەسەلاتەوە نزیک بوون، ئەوان بەشێکی زۆری ئەدەبیاتی ڕۆمانییان بەرهەم هێناوە.

شــایانی گــوتنە، ئــەو خــەڵکانــەی کە بــەم پلــە و پایانــە گەیشتون، بەشێکی لەبەرئەوە بووە کە توانیویانە بە باشی بنووسـن و بـدوێن. لـە ڕۆمـا، زۆر گرنـگ بـوو کـە بتـوانی لـە بـەرامبـەر خـەڵکێکـی زۆر گوتـارێکی قایلکـەر بـدەی. منـداڵانی ئـەو خـەڵکـە ناسـراوانە کـاتێکی زۆریـان بـەسـەر دەبـرد بـۆ ئەوەی بتـوانن فێـر بـن لـە بـەرامبـەر خـەڵکێکـی زۆر قسە بکـەن. پــەروەردە و خوێنــدنی ڕۆمــانی بــە زۆری پــەروەردەیــەکــی ڕەوانبێژییانــە بــووە. یــەکێـک لــەو شــتانەی کـە قوتابیـان بـە شـێوەیـەکـی ڕێکوپێـک ڕاهێنانیـان لـەسـەر دەکـرد ئـەوەبـوو زۆریـان دەخوێنـدەوە بـۆ ئـەوەی زمانـەکـەیـان دەوڵـەمـەنـد بکـەن، ڕاهێنـانی زۆریـان لـەسـەر دارشـتنی نووسـینی جـوان دەکـرد بـۆ ئـەوەی بتـوانن گوتـارێکی ڕەوانبێژییانـەی جـوان پێـشکەش بکـەن. فێربـوونی زمـانی لاتینـی بە نووسـین و قـسەکـردن بـە چـاکی، خـاڵێکی زۆر گرنـگ بـوو، بـۆ هەر کەسێک بیویـستایە لـە کۆمـەڵگـەی ڕۆمـانی سـەرکـەوتـن بەدەست بێنی.

لـە کۆمـەڵگـەی ڕۆمـانی، بایـەخێکـی یـەکجـار زۆر بـە زمـان دراوە، بایـەخەکە بـە ڕادەیـەک بـووە، هـەمیـشە سـەرقـاڵی بـەکارهێنـانی زمـانێکی ڕێکوپێـک بـوون. بـە لایانـەوە زۆر گرنـگ بـوو، لە نووسـین نـۆرمێکی زمـانی ڕاسـت بەکـار بێنـی. بـە لایانـەوە زۆر گـرنگیش بـوو، بـۆ هـەر کـەسێک کە لـە ڕۆمـا دەینووسـی یـان قـسەی دەکـرد، دەبـوایە وەک باشـترین

نووسـەر بنووسـێ و وەک باشـترین قـسەکـەریـش قـسە بکـا. بـۆ شـارەزابـوون لـە ڕێزمـان و ڕەوانبێـژی، دەبوایـە هـەمـوو شـتێک فێـر بـن وەک: ڕێنـووس، بێـژەکـردن، شـێوەکـانی نووسین، هەڵبژاردنی وشە، ئاستەکانی شێوازی نووسین.

لـە ڕۆمـا، دەسـەڵاتـی دەوڵـەتـەکـە زۆر لـە نزیکـەوە پـشتگیری لـە زمـان دەکـرد کـە زمـانی لاتینـی بـوو، هـەروەهـا تـەئکیـدی لـەسـەر باشـترین شـێوەی ئـەو زمانـە دەکـردەوە. لـە زمـانی لاتینـی، هـەتـا چ ڕادەیـەک، لەهـجە و شـێوازی دیکـەی نووسـین هـەبـوو بـێ، ئێمـە هیچـی لـە بـارەوە نـازانین، لـەو تێکستانەی کـە ڕزگاریـان بـووە و لـەبـەردەسـتن هـەموویـان بـە شـێوەزمـانێکی لاتینـی ڕەسـمی نووسـراون. لێـرە و لـەوێ، لـە نـەخـشەکـانی سـەر دیـوار و ئـەو تێکـستانەی کـە قـسەی ڕۆژانـەی خـەڵکـن، ئـەوە نیـشان دەدەن کـە شـێوە زمـانی ئاخـاوتنی جیـاواز لـە نێـو خـەڵکدا هـەبـووە. پێـی ناچێـت هـەمـوو خـەڵکێـک وەک سیـسێرۆ قـسەی کـرد بـێ، بـەڵام لـەپـاڵ ئەوەشدا، هیچ بەڵگەیەک نییە کە خەڵکەکە هەتا سەروبەندی ڕووخـانی ئیمپراتۆریـەتـەکـە لـەهجـە و شـێوەزاری جیاوازیـان هـەبـوو بـێ، ئـەوەی ئێمـە دەیـزانین ئەمەیە، کە زمـانی لاتینـی لەو سەردەمە زۆر کەم جیاوازی هەبووە.

خـەڵکـی ئاسـایی هـەرێمـەکـانی دەوربـەری ڕۆمـا بـە چ زمانێـک قـسەیـان کـردووە؟ لـە سـەرەتـادا لاتینـی تـەنهـا لـە شـارەکـە، ڕۆمـا، قـسەی پـێ کـراوە، وەک لـەسـەرەوە باسـی

لێوە کرا. بە تێپەڕ بوونی کات لاتینی وەک زمانی نووسین و قسەکردنیش بڵاو بووەوە. زۆر سەختە وردەکاری ئەم پەرەسەندنەی زمانی لاتینی روون بکرێتەوە و بە دواداچوونی لەسەر بکرێت، بەڵام ڕاستییە سەرەکییەکانی ئەم مەسەلەیە ڕوون و ئاشکرایە. بە چەند سەد ساڵێک پێش میلاد چەند زمانێک لە ئیتاڵیا هەبوون، کە کەم یان زۆر شێوە نووسینێکی چەسپاویان هەبووە، هەندێک لەم زمانانە قسەکەریان لە قسەکەری زمانی لاتینیش زیاتر بوو.

چەند تێکستێک بە ناوی زمانەکانی وەک ئەتروسکان Etruscan، ئۆسکان Oscan، ئومبریان Umbrian و چەند زمانێکی دی هەیە. لە ماوەی چەند سەدەیەک نووسراو و تێکست بەم زمانانە ڕوو لە کەمی کردووە، وا پێدەچێ لە دوای ١٠٠ ی میلادی هیچ کام لەم زمانانە بۆ نووسین بەکار نەهاتوون، ڕەنگە دوای ئەو ماوەیە بۆ قسەکردن بەکارهات بن، بەڵام هیچ بەڵگەیەک نییە ئەوە بسەلمێنێ. بە هەر شێوەیەک بێت، ئەو زمانانە ماوەیەکی زۆرە نەماون بە تایبەتی پێش دەستپێکردنی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست، هیچ زمانێکی نوێش لەم زمانانە پەرەیان نەسەندووە و پەیدا نەبوون. کەواتە، وەک دیارە، زمانی لاتینی لەسەرانسەری ئیتاڵیا جێگەی ئەو زمانانەی گرت بێتەوە.

هەمان حاڵەت بەسەر بەشەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپاشدا هاتووە، کاتێک ڕۆمانەکان، فەرەنسا و ئیسپانیا و پورتوغالیا و جەزیرەی سقلییە و ساردینای ئەمڕۆیان لە دوو سەدەی پێش میلاد دەستیان بەسەردا گرت، گەلێک زمان لەو وڵاتانە هەبوون. بەڵام لە کۆتاییەکانی سەردەمی کۆن و پێش دەستپێکردنی سەدەکانی ناوەڕاست، زۆرینەی دانیشتوانی ئەو شوێنانە زمانەکانی خۆیان واز لێ هێنا و لاتینیان کرد بە زمانی خۆیان، ئەمڕۆش زۆرینەی ئەو خەڵکەی لەو وڵاتانە دەژین بە چەند زمانێک دەدوێن بنەچەکەی دەچێتەوە سەر لاتینی. تەنها چەند گرووپێک نەبێت کە بەردەوام بوون لەسەر بەکارهێنانی زمانی دی وەک: باسکەکان Basque لە باکووری ئیسپانیا و باشووری ڕۆژئاوای فەرەنسا، بریتۆنەکان Bretons لە ناوچەی بریتانی Brittany. بەڵام بریتۆنییەکان وا باوەڕ دەکرێ لە کێلتەکان Celtics بە پاشکەتوون کە لە کۆتایی سەردەمی کۆن لە بەریتانیاوە هاتوون. دانیشتوانی کێلتەکانی هەرێمی گال- ی ڕۆمانی، زمانەکەی خۆیان باش پاراستووە.

ئەو خەڵکە زۆرە لەم هەرێمە بەرفراوانەدا، چۆن هەتا ئەو ڕادەیە، زمانەکانیان بۆ لاتینی گۆڕیوە؟ ئەوەی ڕاستی بێ، وڵاتێک کە داگیر دەکرێ و لە ڕووی سیاسییەوە لەلایەن دەوڵەتێک بەڕێوە دەچێ کە زمانێکی دیکەی هەیە،

ئـەمـە بـەو مانایـە نییـە، هـەتـا بـۆ مـاوەیـەکـی درێـژیش بێـت، خـەڵکـەکـە واز لـە زمانـە ئـەسـڵییەکـەی خۆیـان دێـنن، وەک لـە پێـشدا ڕوون کرایـەوە. بـۆ نمونـە زمـانی وێڵـزی، دوای حـەوت سـەد سـاڵ لـە حـوکمڕانی ئینگلیـزەکـان بـەسـەر وڵاتـەکـەیـان، کـەچـی هـەتـا ئێـستاش زمـانی وێڵـزی مـاوە. لـە مێـژوودا نمونـەی لـەم جـۆرەمـان زۆرە کـە خـەڵـک زمانـەکـەی خۆیـان پاراسـتووە، هـەر بۆیـە ئـەم زمـان گۆڕینـە بـەرفراوانـە لـە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

یـەکێـک لـە هۆیـەکـان دەگـەڕێتـەوە بـۆ شـێوازی حکومـەتکـردن. ڕۆمـەکـان وڵاتگیـری گـەورە و کاریگەریـان ئـەنجـام داوە، بـەڵام هـەر کاتێـک هـەرێمێکیـان داگیـر کـردووە، لـەهـەمـان کاتـدا هـەوڵێکـی جـددیان داوە بـۆ دامـەزرانـدنی ئیـدارەیـەکـی پتـەو و بەهێـز لـەم هـەرێمـە داگیرکـراوەدا، ئیـدی هـەر دوای ئـەوە حـاکمی هـەرێـم و سـەربـاز و بـاجگر و قـازی و زەوپێـو و کارمـەنـدانی گـومرگ و زۆری دی لـەو هـەرێمـە دامـەزراون. کـەرتـی بازرگـانی بـە زۆری لـە ژێـر دەسـتی بازرگانـە ڕۆمـەکـان بـوون، ئـەوان لـەم ڕووەوە ئیمتیازیـان زیاتر بوو.

لـە بـارودۆخێکی وادا، ئـەوانـەی مەیلـی پێـشکەوتنیـان لـەم کۆمـەڵگـەیدا هـەبـوو یـان هـەر هـیچ نـەبێ ویـستویانە پۆسـتێک و جێگـەیـک بـۆ خۆیـان دابـین بکـەن، دەبوایـە زمـانی لاتینـی فێـر بـن. ئـەو زمانـە، بـە شـێوەیەکی گـشتی، بـۆ پـەیـداکردنی هـەر

کار و فەرمانێک زۆر پێویست بووە، هەر بۆیە باش فێربوونی ئەو زمانە سوودێکی زۆری هەبووە، سەرەڕای ئەوەی، ڕۆم، بە پلەی یەکەم، دەسەڵاتێکی عەسکەری بوو، لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکە ژمارەیەکی زۆر سەربازی، بۆ پاراستنی شارەکان، دانا بوو. زمانی سوپا و لەشکر هەمیشە لاتینی بووە، بۆیە هەر کەسێک لەم بوارە کاری بکرد بوایە و بیویستایە بژیوی ژیانی خۆی لەم ڕێگایە بە دەست بهێنێ، دەبوایە لاتینی بزانێ. زۆر لە گەنجەکان ئەم ڕێگایەیان گرتە بەر. بە هەمان شێوە بۆ خوێندنی ڕەسمیش، قوتابخانەکان بە گشتی بە لاتینی بوون (زمانی یۆنانیش، لە قۆناغیکی پێشکەتووتری خوێندن بەکارهاتووە).

وا پێدەچێ خەڵکی شارەکان دوای چەند جیلێک زمانەکەیان بۆ لاتینی گۆڕیوە، بەڵام خەڵکی دێهاتەکان، کە زۆرینە بوون زمانەکەی خۆیان بۆ ماوەیەکی درێژ پاراستووە، بەڵام دواتر زمانی لاتینی لە نێو گوندنشینەکانیش بڵاو بۆتەوە، تەنانەت ئەو گروپانەی کە زۆر بەرگریان کردووە، دواتر لە کۆتایی سەردەمی کۆن ئەوانیش چوونەتە سەر زمانی لاتینی، ئەمە ڕەنگە هۆیەکەی لەبەر ئەوە بێت کە لاتینی زمانی دینەکەی، دینی مەسیحی، بووە، هەر بۆیە زمانەکەیان قبوڵ کردووە. دینی مەسیحیەت زوو گەیشتە ڕۆم. کاتێک شاری ڕۆم لە ساڵی

٦٤ ی میلادی سوتێنرا، لایەنگرانی ئەو گروپە دینییە بەم سوتاندنە تۆمەتبار کران، ئیمپراتۆر نێرۆ Nero زۆر لە مەسیحییەکانی ئەشکەنجە و ئازار دا، و هەندێکیشی لێ کوشتن. هەر لە سەرەتاوە ئینجیل و تێکستە دینییە مەسیحییەکانیش لە یۆنانییەوە بۆ لاتینی تەرجەمە کران.

مەسیحییەکان لە بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتەکە لە کەنیسەکان بە بەردەوامی زمانی لاتینییان بەکارهێناوە. مەسیحیەت لەسەدەی چوارەم، دوای بە مەسیحیبوونی کۆستانتین Constantine، هێز و دەسەلاتیان پەیدا کرد و لە دەوڵەتی ڕۆمان نزیک بوونەوە. کەنیسە، بە شێوازی جیاواز، داوای لە دەسەلاتدارانی ڕۆمانی دەکرد لە دینداری و عیبادەتی دینی مەسیحی بەشداری بکەن.

بەم شێوەیە، خەڵکی باشووری ڕۆژئاوای ئەوروپا، زمانی ئاخاوتنیان بوو بە زمانی لاتینی. لە وڵاتانی وەک جەزائیر و تونس و لیبیای ئەمڕۆش، ڕەنگە زمانی لاتینی بە هەمان ڕادەی ئەوروپا، لەم وڵاتانەش بە چاکی چەسپا بێ. بەلام دوای چەند سەدەیەک کە باکووری ئەفەریقیا کەوتە ژێر دەسەلاتی عەرەبەکان، زمانی عەرەبی، بە هۆی دەسەلاتی سیاسی عەرەبەکان و دینی ئیسلام، لەم ناوچەیە چەسپا و جێگەی زمانی لاتینی گرتەوە.

لە بەشەکانی دیکەی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، لاتینی هەرگیز نەبوو بە زمانی زاڵ. ڕۆمەکان لە بەشی ڕۆژهەلاتی

ئیمپراتۆریەتەکەیان، زمانی یۆنانیان وەک زمانی ڕەسمی بەکار هێنا، لە بەریتانیا لاتینی نەیتوانی شوێنپێی خۆی بە چاکی قایم بکات تا لەوێ بەرگری لە ڕووخانی دەسەڵاتی ڕۆمەکان بکات، ئەمە ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت کە بەریتانیا درەنگ لەلایەن ڕۆمەکانەوە داگیر کرا و شوێنەکەشی لە دووری ڕۆما هەڵکەوتووە. لەوانەیە ژمارەیەکی کەم لە ڕۆمەکان هەستیان بە پێویستی کۆچکردن کرد بێ بۆ ئەو ناوچە دوورە لە باکوور، هەر بۆیە، بە هۆی نەبوونی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ ڕۆم و نەبوونی خەڵکێکی کۆچکردووی ڕۆمانی بە ژمارە زۆر بۆ ئەو ناوچەیە بۆ ماوەیەکی درێژ، گۆڕینی زمان لەوێ ڕووی نەداوە.

## گۆڕینی زمان و لەناوچوونی زمان

لەکاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە سەدەی پێنجەمی میلادی، زۆرینەی خەڵکی باشووری ڕۆژئاوای ئەوروپا بە لاتینی قسەیان کردووە، تەنها پاشماوەی ئەسڵی چەند زمانێکی لاوەکی بە جێما بوون. هەزار ساڵ پێشتر، کاتێک ڕۆم تازە دامەزرا بوو، خەڵکی ئەو هەرێمانە بە ژمارەیەکی زۆر بە زمانانی دی قسەیان دەکرد، لەوانەیە لە سەد زمان زیاتر بوو بێت، هیچ زمانێکیش ئاخێوەرانی بە ژمارە زۆر نەبوون.

لە میسری کۆن و چین، جۆرێک لە پەیوەندی پتەو لە نێوان دەوڵەت و زمان هەبوو، بەڵام لەم وڵاتانە زۆربەی زمانەکان خۆیان پاراست و مانەوە، بەڵام لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، زمانی دەوڵەت زۆر بە فراوانی بڵاو بووەوە. دەوڵەتێکی مەرکەزی بە هێز بوو، بە هەموو ئامراز و وەسیلەیەک کە لەبەردەستی دا بوو، هانی زۆربەی خەڵکەکەی دەدا کە لاتینی بەکار بێنن و وەک زمانی یەکەمیان قبوڵی بکەن.

گۆڕینی زمان شتێکی سەیر و نائاسایی نییە، بەدرێژایی مێژوو ڕووی داوە، ئەمە لە کاتێک بەردەوام لە مێژوودا، دەسەڵاتی سیاسی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە ئەمەش هیچ گومانی تێدا نیە، هەر گۆڕانێکی سیاسی جۆرێک لە گۆڕینی زمانیشی لەگەڵ خۆی هێناوە.

خەڵک بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی گۆڕینی زمانەکەی خۆیان بۆ زمانێکی دی نییە، چونکە زمان تەنها ئامرازێکی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکو ئامرازێکی زۆر گرنگی پێکهێنەری ناسنامەی کەسەکان و کۆمەڵانی خەڵکە. ئەو زمانەی کە ئەو کەسە لە دایک و باوکی فێری دەبێ، پەیوەندییەکی عاتیفی بەهێز ئەو کەسە بەو زمانە دەبەستێتەوە کە بەکاری دێنێ. هەر بۆیە خەڵک وا بە ئاسانی دەستبەرداری زمانی خۆیان نابن، مەگەر هۆیەکی زۆر گرنگ بۆ ئەم گۆڕینە زمانە، لەئارادا بێت.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک جار خەڵک ئەو هەنگاوە هەڵدەنێن و دەستبەرداری زمانی خۆیان دەبن. هۆیەکەشی هەمان ئەو هەلومەرجەیە کە لە ڕۆمانی کۆن ڕووی داوە: تەئسیری دەوڵەتێکی بەهێز، پاڵنەرە ئابورییەکان، هەندێک جاریش دینێکی ڕەسمیی هاوبەش بۆ ئەو خەڵکە، تەئسیری خۆی دەبێ بۆ قبوڵکردنی ئەو زمانە.

تەئسیری بەردەوام و درێژخایەنی گۆڕینی زمانەکان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان بۆ زمانی لاتینی، بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەک لە زمانەکان بەرەو نەمان بچن، وەک لە پێشدا مشتومڕی لەسەرکرا. لە مێژووی جیهاندا، بۆ ماوەی چەند هەزار ساڵێک ئەم ڕەوتە بۆ لەناوچوونی زمانەکان، ڕەوتێکی زاڵ و هۆکارێکی سەرەکی بووە. ڕێگەی باو، بۆ نەمانی زمان ڕەنگە هەر ئەوە بوو بێت کە لە سەردەمی ڕۆمانەکان ڕووی دا، کە ئاخێوەری زمانێک بەرەبەرە واز لە زمانی خۆی دێنێ و دەچێتە سەر زمانێکی دی. لە سەرەتادا خێزانەکان دەبن بە جووت زمان، واتە زمانی خۆیان و زمانی باڵادەست و ڕەسمی ئەو وڵاتە، لە جیلی دواتر، منداڵان دەست بە فێربوونی زمانی باڵادەست دەکەن لەجیاتی زمانی ئەسڵی و یەکەمی خۆیان. ئیدی دوای ئەوە، خەڵکەکە بە یەکجاری واز لە زمانی خۆیان دێنن و دەکەونە سەر زمانە باڵادەست و ڕەسمییەکە.

ئایا ئەمە باشە یان خراپ؟ وەڵامەکە دیار نییە. کاتێک زمانێک لەناودەچێت واتە لەناوچوونی دەستکەوتی کولتووریی ئەم زمانە بۆ یەکجاری. دروستبوونی زمانێک بە هەموو وشەکان و دەربڕینەکان و ڕێزمان و دەنگەکان، پرۆسەیەکە بە سەدان یان هەزاران ساڵ دەخایەنێت تا ئەو زمانە دروست دەبێت، دروستبوونی زمان، کاریگەی بەردەوام و بە کۆمەڵ و هەرەوەزییە، بە هەزاران و ملیۆنان خەڵک لە بەرهەمهێنانیدا بەشدار دەبن. ئەزمونەکان و فکرەکانی هەموو ئەو خەڵکە ئاوێتەی ئەو زمانە دەبێت، کاتێک ئەو زمانە لەناودەچێت، هەموو ئەو دەستکەوتانەش لەناو دەچن، بە شێوەیەک کە دەرفەتی چاککردنەوە و زیندووکردنەوەشی نابێت.

لەلایەکی دیکەوە، زمانەکان کەلوپەلی مۆزەخانەکان نین، چەند ئامرازێکن و دەبێ بەکاربێن، کاتێک خەڵک زمانەکەیان دەگۆڕن و دەکەونە سەر زمانێکی دی، چونکە ڕووبەڕووی بارودۆخێک دەبنەوە زمانە نوێیەکە وەک ئامرازێکی دەربڕین و پەیوەندیکردن بۆ خۆیان و منداڵەکانیان بە باشتر دەزانن. هۆیەکان بە زۆری وەک ئەو هۆیانەیە کە لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان و چین ڕووی داوە. خوێندن، کولتوور، دین، پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکێکی گرنگ، کار، پارە، دەسەڵات، هەموو ئەو شتانە ئاسانتر بەدەست دێن ئەگەر تۆ بە زمانێکی بەهێز و بە ژمارە زۆر

بدوێی تا بە زمانێکی بچووک و بێهێز. هەر بۆیە زۆر جار لە بەرژەوەندی ئاخێوەرانی ئەو زمانانەیە کە دەست لە زمانە بچووک و بێهێزەکەی خۆیان هەڵگرن بۆ زمانە بالادەست و بەهێزەکە.

لە سەردەمی ئێستادا گۆڕینی زمان و لە ناوچوونیان زۆر ڕوو دەدەن، ئەمە هەرچەندە مێژووی دواتری زمانی لاتینی نمونەیەکی سەرنجڕاکێش و پێچەوانەی ئەم پرۆسەیە: لە دایکبوونی زمانە نوێیەکان.

## زمانی لاتینی وەک زمانێکی نێودەوڵەتی

لە سەدەی پێنجەمی میلادی بەشی ڕۆژئاوای ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان لەلایەن کۆمەڵێک لە گەلانی جەرمەنی دەکەوێتە بەر شاڵاو و داگیرکردن، کە ئەمانە بوون: ئۆستروگۆتەکان Ostrogoths، ڤیزیگۆتەکان Visigoths، سویڤەکان Sueves، ڤاندالەکان Vandals، بورگوندییەکان Burgundians و فرانکەکان Franks. کە دواتر، هەر گروپێک لەمانە لە بەشێکی ئەم ئیمپراتۆریەتە دەسەڵاتدار دەبن، هەر بۆیە ئیمپراتۆریەتەکە پارچە پارچە بوو. دوا ئیمپراتۆری ڕۆژئاوا لە ساڵی ٤٧٦ میلادی لەسەر کار لابرا.

ئەم گۆڕانە گەورە سیاسییە هیچ گۆڕانێکی گرنگی لە ڕەوشی زمانی لەگەڵ خۆی نەهێنا. لەسەرانسەری

هەرێمەکان خەڵک، هەروەک پێشتر، لەسەر ئاخاوتن بە لاتینی بەردەوام دەبن. گروپە جەرمەنییەکان کە لەوانەیە بە ژمارە زۆر نەبووبن، چینێکی سەرەوەی دەسەڵاتداری بەهێزیان دروست کرد، بەڵام خەڵکەکە نەچوونە ژێرباری زمانەکەیان، واتە زمانە جەرمەنییەکانیان، بەپێچەوانەوە هەموو ئەو زمانە جەرمەنییانە دوای ماوەیەک بە خۆیان لەناوچوون، زۆربەیان بە شێوەیەک لەناوچوون کە شوێنەوارێکی ئەوتۆشیان لەپاش خۆیان بە جێ نەهێشت.

ئەمە ڕاستە گۆتیک Gothic وەک زمانێکی نووسین خۆی چەسپاند، ئەمەش زیاتر بە هۆی تەرجەمەکردنی چەند بەشێکی ئینجیل بوو، کە تائێستا لە دەستنووسێکی سەدەی پێنجەمی میلادی پارێزراوە، بەڵام ئاخاوتنی گۆتیک وەک زمانی داگیرکەرانی دی لەبەین چوو. تەنها ناوچەیەکی گەورە کە داگیرکەر زمانەکەی خۆیان تێدا پاراست بێ، بەریتانیا بوو.

لە قارەکە، وڵاتگیرە جەرمەنییەکان دەسەڵاتیان لە دەست نەدا، بەڵام دوای ماوەیەک جیلە نوێیەکان چوونە ژێرباری زمانی زۆرینەی خەڵکەکە کە لاتینی بوو.

هۆی توانەوەی جەرمەنییەکان لەناو زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە وڵاتگیری جەرمەنەکان لەگەڵ هی ڕۆمانەکان لەچەند سەدەی ڕابردوو زۆر جیاواز بوو. چونکە جەنگاوەرە جەرمەنییەکان لە ڕووی

عەسکەرییەوە بەهێز بوون، بەڵام شارەزای بواری ئیدارە و باجگری و بازرگانی و هەندەسەی ڕێگاوبان نەبوون، لە بواری دینی و قەشەییش شارەزا نەبوون. زمانەکانیان هیچ شێوە نووسینێکی نەبوو تاوەکو لە بواری قانونی و ئابوری جێگەی لاتینی بگرێتەوە، بۆیە ئەوان لە ڕووی عەسکەرییەوە توانیان سەرکەوتن بەدەست بێنن، بەڵام بۆ ژیانی مەدەنی هەروەک پێشتر چۆن بوون، کەم هەتا زۆر، هەر بە هەمان شێوە بەردەوام بوون.

لێرەدا دەکرێ ئەوە بڵێین کە زمانی لاتینی و فەرهەنگی ڕۆمانی بەسەر هێرشبەرە جەرمەنەکاندا زاڵ بوو، بەڵام ئەمە بە هەرشێوەیەک بێت سەرکەوتنێکی یەکجاری نەبوو، کاتێک ئیمپراتۆریەتەکە هەڵوەشایەوە بۆ چەند شانشینیەکی بچووک یان هەتا بۆ چەند میرنشینی و دۆقنشینی بچووکتر. هاتوچۆ و ڕێگاوبان و بازرگانی ڕووی لە کزی و کەمبوونەوە کرد. شار و شارۆچکەکان بایەخی خۆیان لە دەست دا و دانیشتوانیشیان کەم بووەوە. هەر بۆیە لە ئەنجامی ئەمە مەعریفەی خەڵک بۆ خوێندنەوە و نووسینیش لە زۆر شوێن نەما. قوتابخانەکان تەنها لە کەنیسە و دێرەکان مانەوە. شێوازی ئابوری زاڵ، شێوازی کولەمەرگی بوو، مەمرە و مەژی. لە زۆر شوێن ئەگەر قەوارەیەکی سیاسی گرنگ و جێگەی بایەخ هەبوو بێ، ئەویش قەوارەی دەرەبەگێتی مەحەلی بوو. لەسەدەی

حــەوتــەم، ئــەوروپــای ڕۆژئــاوا بــەبــێ دەســەڵاتێکــی سیاســی بــەهێـز بـوو، بـە گـشتی بێسەروبـەری هـەمـوو شـوێنێکی گـرت بـووەوە تـەنها کـەنیسەکـان نـەبێت کـە دەزگایـەکی ڕێکخـراوی دینی مەسیحی بوو.

بێگومـا ئـەم بارودۆخـە ئـەنجـامی گرنگـی بـۆ سـەر زمـانی لاتینـی هـەبـوو. لـەم ڕووەوە شـاهێدی ڕاسـتەوخـۆی ئـەوتۆمـان نییـە کـە ڕووداوەکـانی ئـەو سـەردەمـە بـۆ ئێمـە بگێڕێتــەوە، چونکـە خـەڵـک لـەو چـەنـد سـەدەیـە زۆر کـەمیـان نووسـیوە، بـەڵام لـەگـەڵ ئـەوەشـدا دەکـرێ بـە گـشتی چـەنـد زانیارییـەکـی لـێ بـەدەسـت بێنـین کـە لـەو سـەردەمـە چ رووی داوە. ئـەوەی لـەو سـەردەمـە بـە نووسـین بـەرهـەم هـاتووە بـە لاتینـی بـووە، هـەرچـەنـدە ئیمپراتۆریـەتـەکە نـەمـا بـوو، بـەڵام زمـانی لاتینـی لـە ســەرانـسەری سـنووورە کۆنــەکـەی و تــەنانــەت لــە دەرەوەی ئـەو سـنوورانەش بـۆ مـاوەیـەکـی درێـژ هـەر بـە تاکـە زمـانی نووســین مایــەوە. بــە درێژایــی ســەدەی شــەســەم بــە شـیوەیـەکی ڕێـژەیی، کۆمـەڵێک بـەرهـەمـی نووسـین هـەبـووە، نووسـەرەکـان بـە شـێوازی کلاسـیکی دەیاننووسـی. لـەسـەدەی حـەوتـەم و هـەشـتەم چـەنـد تێکـستێکی کـەم بـەرهـەم هـاتووە، زمانــەکــەشــیان بــە گــشتی زۆر ســەیــرە. وا پێــدەچــێ نووســەرەکـان بـە خۆیـان ویـستویانە بـە شـێوازی کلاسـیک بنووسـن، بـەڵام نزمـی ئاسـتی خوێنـدەواریـی نووسـەرەکانیان،

تێگەیشتنی نووسینەکانیانی زەحمەت کردووە یان هەندێک جار هەر لێی تێ ناگەی.

لەو چەند سەدەیە دەبوایە چەند گۆڕانێکی سەرەکی و گرنگ بەسەر زمانی ئاخاوتن دابێت. ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی کە حکومەتی مەرکەزیی ڕۆم لە پێشدا هەی بوو لە ئارادا نەما، سوپاکەی نەما، قوتابخانەکان داخران، بازرگانەکان چیدی فکرە و دەربڕینی نوێیان لە بەشێکی ئیمپراتۆریەتە کۆنەکە بۆ بەشێکی دیکەی نەدەبرد، هەر گۆشە و قوژبنێکی ئەو ئیمپراتۆریەتە هەڵوەشاوە بە بێبایەخی بۆ خۆی بەجێ هێڵرا بوو، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ دەرەوە بۆ ئاستێکی زۆر نزم دابەزی بوو. ئەم بارودۆخەی کە بەسەر ئەو هەرێمانەدا هات بوو، هەمان ئەو بارودۆخە بوو کە لە پێش وڵاتگیرییەکانی ڕۆمەکاندا لە سەرانسەری هەرێمەکاندا هەبوو.

دەکرێ لە ڕەوشێکی وادا ئەو ئەنجامانەی کە بەسەر زماندا دێن چاوەڕێ بکرێ. شێوەئاخاوتنەکانی نێو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتە پێشووەکەی ڕۆمانەکان زۆر بە خێرایی لەیەک دوورکەوتنەوە و جیاوازییەکان زیادی کرد. هەر هەرێمێک شێوەئاخاوتنی خۆی بۆ پەیدا بوو. لە سەرەتادا زمانی لاتینی لەکاتی ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکە، جیاوازیی لەهجەیی زۆر کەم یان هەر نەبوو، بەڵام چەند سەدەیەک دوای ڕووخانەکە، ئەو زمانە ئیمپراتۆرییە یەکگرتووە هاوشێوەیە گۆڕا بۆ چەند لەهجەیەکی مەحەلی و هەرێمی، چیدی گۆڕانە زمانییەکان نەدەکرا پێشی لێ بگیرێ.

بۆیــە وا دەڵێــین، چونکــە ئــەوەی دواتــر ڕووی دا ئــەو ڕاســتییە دەســـــەلمێـــنن، چـــەنـــد ڕاپـــۆرتێکی نووســـــراو لـــــەبـــــارەی شـێوەئاخاوتنـەکـان لـە بـەشـە جیـاوازەکـانی ئیمپراتۆریـەتـەکە هـەیـە. ئـەمـە هـەرچـەنـدە بـۆ مـاوەیـەکـی درێـژ هـیـچ زمـانێکی نـوێی نووسـین پـەیدا نـەبوو. ئـەو چـەند کـەسـەی کـە لـە سـەدەی حـەوتـەم و هــەشــتـەم نووســیویانە، ئــەوانـیش بــەگـشتی بـۆ هــەمــوو شــتێک ئــەوەنــدەی بۆیــان کــرا بــێ زمــانی لاتینییــان بــەکارهێنــاوە، کــە ئەوانیش گشتیان پیاوانی دینی و قەشەکان بوون.

لــە دەوروبــەری ســاڵەکــانی ٨٠٠ ی مــیلادی بارودۆخــەکــە گـۆڕانی بـەسـەردا هـات. قوتابخانـە دینییـەکـانی کـەنیـسە، ریفـۆرم کــران و باشــتر بــوون، خــەڵکێکــی زۆر بــە زمــانی لاتینــی فێــرە خوێنــدن و نووســین کــران. لــەســەدەی دوازدەمــەوە لاتینــی بــە شـێوەیـەکـی فـراوان لـە سـەرانسـەری ئـەوروپـا بـۆ نووسـین بـەکـار هـات، تـەنانـەت لـە هـەندێک وڵاتـی دیکـەی ئـەوروپـاش لاتینی بـەکـار هــات کــە پێــشتر، هــەرگیــز بــەشــێک نــەبــوون لــە ئیمپراتۆریــەتــی پێــشووی ڕۆم، وەک وڵاتــانی ئــەڵمانیــا و پۆڵــەنــدە و دانمــارک. لاتینـی لـە هـەمـوو شـوێنێک زمـانێکی زاڵـی نووسـین بـوو، لـە زۆر وڵاتــان بــە غــەیــری لاتینــی بــە زمــانێکی دی نــەیــان نووســیوە. هـەرچـەنـدە لـەو سـەردەمـە لاتینی زمـانی نـەتـەوەیی و خۆمـاڵی هـیچ کـەسێک نـەبـووە، لاتینـی لـە زۆر بـوار بـۆ ئاخـاوتن بـەکـار هـاتووە، بـە تایبـەت لـە نێـو خـەڵکـانی سـەر بە کـەنیـسە، کـە دەبوایـە لاتینـی بە قسەکردن و نووسین لە قوتابخانەکان فێر بن.

بـۆ چـەنـد سـەدەیـەک لاتینـی وەک زمـانێکی هاوبـەشـی نووسـین لـە ئـەوروپـا بـەردەوام بـوو. بـە تێپـەڕبـوونی کـات، پێشبڕکێی لـەگـەڵ زمانـەکانی دیکـەی نووسین بـۆ پـەیدا بـوو، بـەڵام خـۆی پاراسـت. بـەڵام دواتـر، لاتینـی زۆر لـەسـەر خـۆ و بـە شـێنەیـی پاشەکشەی کرد و زەمینەی خۆی لە دەست دا.

لاتینـی تـا سـەردەمـی ریفـۆرمی دینـی لـە سـەرەتاکـانی سـەدەی شـازدەم زمـانی زاڵ و سـەردەسـتی کـەنیسە بـووە، دواتـر کـەنیسە پرۆتـستانتەکـان لـەجیـاتی لاتینـی زمانـە نـەتـەوەییـەکانیـان بـۆ کاروبـاری خواپـەرسـتی بـەکـار هێنـا. بـەڵام کـەنیـسەی کـاتۆلیکی کـۆڵی نـەدا، لـە هـەمـوو شـوێنێک زیـاتر، زۆر بـە ڕێکـوپێکی زمـانی لاتینـی بـەکـار هێنـا. تـا سـاڵەکـانی ١٩٦٠ لاتینـی لـە ئـەڵتـاری کەنیسەکانی کاتۆلیک لە هەموو جیهان بەکار هاتووە.

لـە دنیـای زانست و خوێندنی بـاڵا، لاتینی بـۆ مـاوەیـەکی درێـژ چ وەک زمـانی نووسـین و وەک ئاخـاوتن بـەکـار هـاتووە. نووسـینی تێکستی زانستی و ئـەکـادیمی بـە زمانـەکـانی دی، تـەنها لـە کۆتـایی سـەدەی هـەژدەم دەسـتی پـێ کـرد. هزرڤانـە گـەورەکـانی سـەدەی پێشوو وەک لـە نێـو فـەرەنـسییەکان: دیکـارت و لە نێـو ئینگلیزەکـان: نیـوتن و لە نێـو ئـەڵمانییەکـان: لایبنیـز، هەموو کارە گرنگەکانیان بە لاتینی نووسیوە.

کـەواتـە لاتینـی زمـانی نووسـین و فێربـوون بـووە، تـەنانـەت دوای ئـەوەش کـە چیـدی وەک زمـانی خۆمـاڵی و نـەتـەوەیـیش بـەکـار نـەهـاتووە. بـۆ چـەنـدین سـەدە زمـانی نووسـینی کۆمـەڵـە خـەڵکێک بووە کە بـە زمـانی هـەمـەچـەشنی نـەتـەوەیـی دەدوان، کە

دواتـر بـەرەبـەرە دوای چـەنـد سـەدەیـەکـی دی، لـەسـەرخـۆ ڕووی لـە کـزی کـرد و زمانـە نـەتـەوەییـەکـان جێگـەی لاتینـی گرتـەوە. ئێـستاش هـەتـا ڕادەیـەک، زمـانی لاتینـی لـە هـەنـدێک کـەنیـسەی کاتۆلیـک و لـە هـەنـدێک بـواری زانـست بـەکـار دێـت، زیـاتر وەک زمانێـک بـۆ زاراوە نێـودەوڵـەتییـەکـانیی دەرمـان و زینـدەورزانـی بەکار دێت.

بـۆ مـاوەیـەکـی درێـژ، هـەمـوو خـەڵکـە ڕۆشـنبیر و خوێنـدەوارە ئـەوروپییـەکـان( بێگومـان بـە ڕۆشـنبیرە ئینگلیـزەکانـەوە)، بـەلایـەنـی کـەمـەوە هـەموویـان جـووت زمـان بـوون. زمـانی نـەتـەوەیـی خۆیـان هـەبـوو، لـەپـاڵ ئـەوەشـدا لـە قوتابخانەش بە لاتینی فێرە خوێندن و نووسین دەکران.

ئـەوەی ڕاسـتی بـێ، زۆربـەی قوتابخانـەکـان بـەم شـێوەیـە بـوون، کـە ئـەمـەش بێگومـان کێـشە بـوو. لـە لایـەکـی دیکـەوە، کاتێـک یـەکێـک لاتینـی فێـر دەبوو، دەیتـوانی لـەگـەڵ خـەڵکی دیکـە لـە سـەرانسەری ئـەوروپـا بـە نووسـین و قسەکـردن پـەیـوەنـدی بکـات. لـەسـەردەمـی ئێـستادا، زمـانی ئینگلیـزی لـە بـەشـێکی زۆری جیهـان هـەمـان ڕۆڵـی لاتینـی دەگێـڕێ. بـەڵام هـەتـاکو ئێـستا بـە لایـەنـی کـەمـەوە، ئینگلیـزی بـەو ڕادەیـە وەک زمـانێکی نێـودەوڵـەتـی خـۆی نـە چـەسـپاندووە وەک لاتینـی لـە شـەش یـان حـەوت سـەدە لەمەوپێش لە ئەوروپا خۆی چەسپاند بوو.

زمـانی لاتینـی ئـەو پێگـەی لـە ئـەوروپـا بـە دەسـتی هێنـا بـوو، زیـاتر بـە هـۆی کـەنیـسەوە بـوو. بـۆ چـەنـدین سـەدە، عـەقیـدەی مـەسـیحی، بـاوەڕێکـی سـەرەکـی حاشـاهەڵنـەگـری ژیـانی

کۆمەڵایەتی خەڵک بوو، هەروەها کەنیسەی مەسیحی ڕێکخراوێکی بە دەسەڵات و سەردەست بوو. هەر لە سەرەتاوە کەنیسەی ڕۆژئاوا زمانی لاتینی هەڵبژارد و بە کاری هێنا، هەر لەسەر ئەم زمانەش بەردەوام بوو. کەنیسە لە ماوەی هەزارساڵێک، ئەرکی پەروەردەی ڕەسمی لەسەرشان بوو، کە زۆر گرنگ بوو، چونکە ئەوانەی بەرپرس و سەرپەرشتیاری قوتابخانەکان بوون، هەر ئەوانیش بڕیاریان دەدا کە کام زمان دەبێ بۆ نووسین بەکار بێ.

بەم شێوەیە، کۆمەڵگە بۆی نەبوو ئەو زمانە بۆ نووسین بەکار بێنی کە بە خۆی قسەی پێ دەکا. منداڵان لە تەمەنێک لە قوتابخانە فێرە زمانی نووسین دەکرێن کە پێشتر توانای قسەکردنیان لەلا پەیدا بووە. دەکرێ زمانێکی تەواو جیاواز بۆ نووسین فێر ببن و هەرگیز ئەو زمانە بۆ نووسین فێر نەبن کە زمانی یەکەمی قسەکردنیانە. لە ئەوروپا لە زۆربەی سەردەمەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەم شێوەیە بووە. بە سەدان ملیۆن لە خەڵکی ئەفەریقا و ئاسیا ئەمڕۆ لە هەمان حاڵەتدان، تەنها ئەوە نەبێت کە زمانی قوتابخانەیان لاتینی نییە بەڵکو ئینگلیزی، فەرەنسی یان پورتوغالییە.

**تەئسیری لاتینی**

لاتینی هەتا ئەو ڕادەیە و بۆ ئەو ماوە درێژە بەکارهاتووە، تەئسیری لە هەموو زمانە سەرەکییەکانی ئەوروپا کردووە. ئەو زمانانە وشەیەکی هاوبەشی زۆریان لەگەڵ یەک هەیە، کە زۆربەیان وشە لاتینییەکانن، وشە یۆنانییەکانیش کە لە بنچینەدا

لە لاتینی وەرگیراون ئەوجا لە لاتینییەوە چۆتە ناو زمانە ئەوروپییەکان. زۆربەی وشە لاتینییەکانی ئینگلیزی لە ڕێگەی فەرەنسییەوە چۆتە ناو ئینگلیزی.

ئەم بەیتە شیعرەی ڤیرگیل کە لە دەسپێکی ئەم بەشەدا هاتووە، لاتینییەکەی بەم شێوەیە:

Tu regere imperio populos, Romane, memento!

دەقی تەرجەمەی حەرفی ئەم بەیتە بە ئینگلیزی دەبێت بە:

You, Roman, remember to rule the people " in empire " واتە " تۆ ڕۆمان لەیادت بێت فەرمانڕەوایی خەڵک بکە لە ئیمپراتۆریەت" هەر یەک لەم وشانە لەم ڕستەیە دەبێ بە بنچینە بۆ وشەیەک یان چەندین وشەی ئینگلیزی. regere واتە حکومەتکردن، لەم وشەیە چەندین وشەی دیکەی ئینگلیزی پەیدا بوون وەک regent واتە جێنشینی تەختی پاشایی، regiment واتە فەوجی سوپا. ناوە بکەرەکەی regere دەبێتە rectus واتە حکومڕانی کرد، بوو بە بنچینە بۆ چەند وشەیەکی دیکەی ئینگلیزی وەک correct واتە ڕاست و direct واتە ڕاستەوخۆ. وشەی ئینگلیزی reign واتە دەسەڵات کە لە وشەیەکی لاتینی وەک regnare هاتووە.

imperio ی لاتینی لە ئینگلیزی بووە بە empire کە لەمەش چەندین وشەی دیکەی لێ دروست بووە وەک imperialism یان imperialist.

وشەی لاتینی populos لە ئینگلیزی بووە بە people واتە خەڵک کە لە ڕێی فەرەنسییەوە people هاتۆتە ناو ئینگلیزی. هەمان وشەی لاتینی وشەی دیکەی وەک

population واتــە دانیــشتوان و populist واتــە گــەلپــەروەری لـــە ئینگلیزیـــدا لـــێ دروســـت بـــووه. Romane ی لاتینـــی لـــە ئینگلیـزی بـووه بـە Roman کـە ئـەویـش لـەنـاوی شـارەکـەوه هــاتووه بــە لاتینــی Roma ڕۆمــا- یــە. لــە ئینگلیــزی چــەنــد وشـەیـەکی دی هـەیـە کـە ڕاسـتەوخـۆ یـان ناڕاسـتەوخـۆ لـەو نـاوەوه وەرگیـــــراوه وەک Romance واتـــــە ڕۆمـــــان، چیرۆکـــــی خۆشـــەویـــستی، یـــان Romania کـــە نـــاوی وڵاتـــی ڕۆمانیایـــە. وشــەی لاتینــی memento واتــە لــەیــادت بــێ، هــەنــدێک جــار لــە ئینگلیـزی بـەبـێ هـیچ گۆڕانێـک بـە مانـای بـەبیرهێنانـەوه بـەکـاردێ. هـەر ئـەم وشـەیـە بـووه بـە ڕیـشە بـۆ پـەیـدابوونی چـەنـدین وشـەی دیکـــە لـــە ئینگلیـــزی وەک memory واتـــە بیـــرەوەری، memorize لـــــەبـــــەرکـــــردن یـــــان remember واتـــــە بـــــە بیرهێنانەوه.

بــە کورتییــەکــەی، هــەر وشــەیــەک لــەم بــەیتــە شــیعره بــە چــەنــدین وشـــەی دیکــەی ڕۆژانـــەی ئینگلیـــزی بـــەســـتراوەتـــەوه. هــەموویــان یــان بــە شــێوەیــەکــی ڕاســتەوخــۆ لــە لاتینییــەکــە وەرگیـراون یـانیش لـە ڕێـی فـەرەنـسییەوه، یـانیش زۆر بـە کـەمـی لــە چــەنــد زمــانی نــوێی دیکــەی ئــەوروپــی وەک زمــانی ئیتــاڵی وەرگیــراون. ئــەو وشــەیــەی لــەم بــەیتــە شــیعره کە نائاســاییە وشــەی لاتینــی Tu کــە لــە ســەرەتــای بــەیتــەکــەدا هــاتووه، لــە بـەرامبـەر ئـەم وشـە لاتینییـە لـە ئینگلیـزی وشـەی thou هـەیـە، کـە وشــەیــەکــی کــۆن و لــەنــاوچووه. ئــەمــەش ڕیــشەی هاوبــەشــی هــەردوو زمــان نیــشان دەدات کــە لــە پێــشینانی زمانــە هینــدۆ – ئەوروپییەکانن.


کەواتە لاتینی وشەیەکی زۆری بە ئینگلیزی بەخشیوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەری گرتووە. وشە لاتینییەکان بە زۆری چەمکی موجەرەدن نەک مەعنای شتی هاوبەش، وەک لەم نمونانە دەکرێ ببیندرێ. لاتینی و یۆنانی وشە و چەمکی ماناداریان بەخشیوە، کە دەکرێ بە هۆی ئەم وشە و چەمکانەوە ڕاستی و واقیع وەسف بکەین و تێی بگەین، کە بەبێ ئەم چەمکانە جیهان لە بێسەروبەریدا دەمایەوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێک چەمک هەیە ڕاستەوخۆ بە واقیع و ڕاستییەکان بەستراوەتەوە، بە ڕادەیەک بەبێ بوونی ئەو چەمکانە ڕەنگە وشە و چەمکی دی نەبێ بۆ وەسفکردنی ئەو واقیعە. خۆشی بێ و ترشی بێ، وشەکانی زمانە ئەوروپییەکان کە لەسەر بنچینەی وشەکانی لاتینی و یۆنانی داڕێژراون، چەند ڕوانگەیەکیان بە ئێمە بەخشیوە کە لەڕێی ئەم چەمک و وشانەوە دەتوانین ڕوخسارەکانی واقیع درک بکەین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین و لەیەکیان جودا بکەینەوە.

**سەرچاوە:**

ئەم وەرگێڕانە، بەشێکە لە کتێبێک لەبارەی مێژووی زمانەکان.

Tore Janson, The History of Languages, An Introduction, Oxford Textbook in Linguistics, Oxford University Press, UK. 2012.


عیسمەت شەریف وانلی